ڕۆمان

# نەفخو وێنەی(با)

سەلاح جەلال

ناوی کتێب: نە فخو وێنەی(با)
بابەت: ڕۆمان
نوسینی: سەلاح جەلال
چاپی یەکەم: 2020
دیزاینو بەرگ: کاربین کامەران
ئاستی خوێنەری وریا: سامان غەفور
چاپخانەی: کۆشکی سەرا
تیراژ: 1000
نرخ: 3000 هەزار دینارە
لە بەرێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 1812 ) ساڵی 2020ی پێدراوە.
ساڵی چاپکردن: 2020




خوێندنەوەی تۆڕی ئاماژەیی وێنە، نوسینەوەی چەندین ڕۆمانن بە زمانی گڕوگاڵ(پەریزاد خانی مورادی) خانمە کوردی ڕۆژهەلاتی ئاوارە لە کەنەدا، بە تۆڕی سیمیایی زمانی نەبون زمانی تواوەی ڕۆمانی(نەفخو وێنەی(با) ی لە فەزایا خوێندەوە ئەرکی لە چاپدانی گرتە ئەستۆ، وێنەکە ڕەمزێکە شاراوەیە لەگەڵ ساتەکانی بیر کردنەوە لەوو لەوانی دواتر، بەدوا زمانی دازاینی(هایدگەری ئەڵمانییەوە) لەگەڵمان ئامادە دەبێتەوە.

## چرپەیەك بۆ هاوڕێیانی فەلسەفەی مەرگ

*رۆمانەکــە یــەك ڕســتەیە، کەوانــەی گــەورەو بچــوکم بــۆ جیاکردنەوەی دایەلۆژ داناوە.

*ساڵی 1997 بە تیراژی 50 دانە چاپم کرد، بیٚ پرسی خۆمو راستکردنەوەی هەڵـەکان رایانکێشابو، لەبەر ئەوەی دەچوم بۆ ڤیسـتیڤاڵ لـە هـەولێر سـەیرم نـەکرد، چـەند دانەیـەکم لێـبڵاو کـردەوە، ئـەو کاتـە بینـیم هەڵـەکان چـاك نـەکرا بـون، هـەمویم کۆکردەوەو بە مقەست لـەتم کـردن. لـەو کاتـەوە بە هـەتیوی لام مایەوە، ناو بەناویش گۆڕانکاریم تیا کردوە، کار لە دەیەها جار دەرچوە، هەتا گەیاندمە ئەم ئاستە لەبەر ئەوەیش هەر بە چاپی یەکـەم بـڵاوی دەکەمـەوە، ئـەم چـاپەیش بژاردەیـە، ئـەوی تـر رەشنوسێکە ئەگەر مابێتـەوە بایـەخێکی نییـە، بە دەیـەهای وام دڕاندوە، بە تایبەت هی ئەم رۆمانـە، دەکـرا چەندین رۆمـانی تـر بونایە، شێوازی کارکردنی من وایە.

# 1

{ گێژەڵوکەیەکی گەردونی هەڵیکرد فەزا بە وردە شوشەی ئاوێنە داپۆشرا زمانی گەردونی دەنگو وێنە ناونیشانی رۆمانی نەفخو وێنەی (با) ی هەڵگرت مرۆڤ لە تیشکو بریقەی تەلیکس تێکەڵاو دەبون روانین کوژایەوە گەردون بو بە پارچە شوشە بە تەقینەوەی فۆتۆناتەوە پەرتوکێکی پێچراوە لاپەڕە لاپەڕە پەخش بوەوە شێتەڵە لەبەر تیشکی گزنگدا بە شێوەی هێرۆگرۆڤی لە خومخانەی بیرەوەریدا وەری دەگێڕا: (ئێستا جیهان وێنەی بێشکەیەکی بەر (با) یە پێدەچێت ساتەوەختی تەقینەوە بێت گەردون بە (با) ی نەفخی سورەوە کۆتایی پێبێت وێنەی (با) هەناسەی دوا چرکەی ژیانیان تێدایە پێدەچێت ئەم ساتە کۆتایی بون بێت) وشەکانی شێتەڵە تێکەڵاوی ئەو شەپۆلە

سامناکو شێدارە دەبو لە گۆڕستانەکەوە تۆڕێکی ئەفسوناویان بەسەر ناوچەکەدا کێشا بو ئەو پۆپەشمینە گوڵدارەی دەخوێندەوە تەمی تاریکی ڕۆژگار بە خوێنی ئالو والاوە جوگرافیایان پێ ڕەنگاڵە کرد بو بەو وێنە جۆراو جۆرانەیشەوە بە قوڵی چاوی بڕییە دەشتو دەر لوتکەو بنارو گردو پێدەشتو فەزای ئاسمانی بەسەر دەکردەوە رۆمانی (با) بە گڕوگاڵی وێنەیی تواوەوە فەزای مەرگەساتی دیاری کرد: (دورگەی نەبون بە زەمەنی ناکاتی تەلەسکۆبی فۆتۆناتەوە تێکەڵاوی رۆح دەبێتەوە ئێرە جێگەیەکە لە جوگرافیای گۆی زەویدا سڕاوەتەوە مرۆڤ بە شێی نیاندەرتاڵەوە ئاوێتە دەبن فەزا بە مارشو گەردەلولی جەنگە جیهانییەکان تێکەڵاو بوە ئاوێتەی شەپۆلاوی زەریای بێ ئامانو گەردەلولی لمو تۆفانی سیبریا دەبنەوە تەنیا زمانێکیان لە مەرگەوە بەرجەستە کردوە رۆح لە زەریای مەرگا خۆی دەشواتەوە بۆ مەرگێکی تر کەسەکان شێوازو رەنگو زمانیان دەگۆڕێت بە مرۆلەو جنۆکە وەك کاراکتەری شانۆی فەلسەفەی مەرگ لاسایی مردن دەکەنەوە  لێرە زمان تێکەڵی تەکنەلۆژیاو تەلێکسو فەزای هەسارەکان دەبێت لەناو (با) دا تۆڕێکی پەیوەندی لە بیرکردنەوەدا دروست دەکەنەوە زمانێك لە

بێ زمانی نەبونەوە دەهێننە بون تۆڕی ئاماژەو گریانو بیرەوەری گێژەڵوکەی تۆفانن) بێدەنگی سروشتی گرتبو تۆڕێکی ترسناك دەنگو وشەی پێچابوەوە هەر لەگەڵ روناکیدا باڵندەو مارو مێرو زیندەوەر بلاوبونەوە بە دەنگو جریوەیان زمانی بێدەنگیان شکاند لە ژێر تیشکی گزنگەوە هەڵدەفڕینو دەنیشتنەوە بەسەر لقو چڵو گژو گیاوە یاریان دەکرد وێنەی چرکەی کۆتایی بونیان لێدەردەکەوت بەو چەرچەفە خوێناویەوە تێکەلاو دەبون لەگەڵ دەنگو زرمەو ناڵەی سەربازیدا دەبون بە موروی ئاوداری مەرگ لە خۆرهەلاتەوە بۆ خۆرئاوا لە باکورەوە بۆ باشور زمانی سروشت لە زمانی مەرگدا بەر جەستە ببو ڕەنگی مردن لە دارو درەختو جەنگەڵو شاخو دەشتو دۆڵو باڵندەو مرۆڤەوە دەردەکەوت دەنگی (با) تەزویەکی مەرگاوی دەبەخشی وێنەی مارشی سەربازی پەخش دەبوەوە تۆڕی ژیانێکی سەخت بە گەردەلولی ئەو چرکە ساتەوە جەستەی دەگرتەوە بە جۆرێك جگە لە وێنەی مەرگ هیچ دیمەنێکی تر لەو سروشتەدا نەدەبینرایەوە ئەو وێنانەیش لەگەڵ دیمەنی دێیەکەدا دەردەکەوتن کەڵبەی سەگەل لەسەر کەلاکی سەرە ڕێگاو شێوازی کەلاوەی سوتاودا بە جێگە زنجیری زرێ پۆشو ناپاڵمو

تـۆپی دەشـتو کێـوەوە بەیەکـەوە نیگایـان دەپۆشـی مرۆڤیـان دەخسـتە سـەر بیرکردنـەوەی مـەرگێك هـەمو سـاتێك چـرکەی ژیانیـان بگرێـت لـەو ساتەشـدا شـێتەڵە بـەو وێنـە کوشـندانەوە ڕوانینی پوشرا بو بە تیژی چاوی بڕیبوە دەشتو دەر جەستەی بەو بیرو خەیاڵە ترسناکانەوە مۆمیا ببو زەنگیان بە مێشکیدا دەهێنـا لەگـەڵ خولانـەوەی زەویـو فـەزای گەردونـدا وێنـەی کۆتاییـان دەکێشـاو گۆڕسـتانی هـەتاییان هەڵـدەدایەوە لـەو ڕوانینـە ئەفسـانییەوە لەسـەر لوتکـەی شـاخەکەوە ڕۆشـنایی لەسـەر منـارەو کۆشـکی بـەرزی شـارەکەدا بەرجەسـتە دەبـو بەندیخانـەو شـەقامی گشـتی دەدیـەوە لـە وێنـەی فۆتۆییـدا ئاوێنەی جەنگو مەرگو برسێتیو وشك بونەوەو ئالای خوێناوی کـراس سـورو کـراس سـپی ڕەنگـی خوێنیـان بەسـەر شـەقامی شـارەوە دەڕشـت لـە مێشـکیدا مۆسـیقایان دەسـازاند بـە پـەتی ئەزەلی نەبونەوە تێکەڵاو دەبون وێنەی تەقینـەوەی فۆتۆناتیـان دەکێشـا وێنـەی نـاو (بـا) بـە گـەردەلولی بیرەوە دەهـاتن رۆمـانی وێنـەییان لـە مێشـکدا دەنوسـییەوە : (لـە بەندیخانەیەکـەوە بـە خوێنی ئاڵو والای هەزارەها سور بوە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی لە بوندا شۆراونەتەوە بەهۆی هەسارەکانەوە دەبن بە ڕۆمـانێکی

یۆتۆبی ئەو وشانەی تەنها لە (با) دا دەنوسرێنەوە سەرەتای ئەم رۆمانەیش جیابونەوەیە لە بونو پێکهێنانی ژیانێکە لە یۆتۆبیا لە شێتخانەکاندا نمایش دەکرێنەوە پێویستە لەم جوگرافیا بیّ ناونیشانەی هاوشێوەی کونە رەشەیە زمانێکی گەردونی بدۆزینەوە)بروسکەی رۆمانی (با) لە مێشکی شێتەڵەی دا ئەو وێنانە بە تەمی قەسابخانەی شارو تەرمی کورِەکانیەوە نیگایان دەپۆشیو دەماری مێشکو جەستەی هەڵدەکفاند هەتا دوا ساتو نیگا لەگەڵ کاولکردنی گوندەکەدا بیرو هەستو ڕوانینی تێکەڵاو بون وەکو مەلێکی ئەفسوناوی لە زەریای گومانی بوندا کەوتە گەڕان بە قولأیی نهێنی جیهاندا ڕۆدەچو مێشکی ببوە تاریک خانەی وێنەی سوتاو جگە لە مەرگو سەرەو ژێر بونی زەویو کەوتنە خوارەوەی گەردون هیچ وێنەیەکی تری نەدەدیەوە ئەوەیش بە جۆرێك ئارامی لەبەر بڕی بو لە هیچ جێگەیەك ئۆقرەی نەدەگرت هەر ڕۆژە لەبن بەردێکدا پەتی خەیاڵی ڕادەکێشا هەر ئەوەیش بەرەو کەناری دورە پەرێزیو تەنیایی برد لە هیچ شارو شارۆچکەیەك نەمایەوە گوندو ئاوەدانی لەبەر چاو کەوت هەمیشە کۆلارەی نهێنی ژیانی بە دەستەوە دەگرت بە خەیاڵ جیهانی دەگواستەوە جەنگی گەردونی خەیاڵی دەکردو

تاڵـە دەزوی زەمـەنی ڕادەکێشـا ئێسـتای دەبـردەوە بـۆ سـەرەتاو ناوەڕاسـتو ئاینـدەی دەشـێواند لەگـەڵ ئەوانەیشـدا بورکـانی ڕۆحـی هەمیشـە لـە تەقینـەوەی کارەساتدا بونـو نەکوژانـەوە لـەو ساتەشـدا لەگـەڵ کـزەی (بـا)و لەرینـەوەی لقـو چـڵی دارەوە لـە فەزایـەکی بـەرین ورد دەبـوەوە ئـەو وێنەیـەی لەسـەر ڕوبـەری گوندەکـــەوە دەدیـــەوە وەك ئـــەو ســـاتەی بۆمبـــا ماڵـــەکانی دەتەقانـدەوە زریێ پـۆش قەفـەزی جەسـتەیان لـەدوای خۆیانـەوە بەجیێ دەهێشت ئەو تەلیسمە خوێناویە بو بە دەزولەی ڕوانینیو هەرگیز لە ڕۆشنایدا بزر نـەدەبون هـەر ئـەو دیمەنـەیش خستیە گەرداوی نهێنیو بەدوای بۆشایی ڕۆحدا دەگەڕا هەتا بۆ دواجار مەرگی ئەو پرسیارە خستیەوە گەرداوی گوندەکە فەزای ماڵەکان تـۆڕی نهـێنی بونیـان بـۆ هەڵدەدایـەوە وەك چـەقی ناوەڕاسـتی زەویو بورکانی کارەساتی ڕۆحو کڵاو ڕۆژنـەی هـەرەس هێنـانی مێژو بێت ئەو بورکانەیش گوندەکەی گرتەوە گـەردەلولێك هـەڵی کرد هەموو شتێکی گۆڕی وەك مەنجەنیق لـە سـاتێکی فۆتۆییـدا مرۆڤو خاکو ناونیشان توانەوەو بورکانە گەردونییەکە لـە چـەقی گوندەکـەدا تەقییـەوە زەویەکـە لـەرزیو بایـەکی بـەهێز بـە گـڕو ئـاگرەوە ماڵـەکانی گێـژ دەدا خۆڵەکـە دەکـولا دارو درەخـت بـە

گەرمی دەپوکانەوە سەوزایی وشك داهات مرۆڤ لەسەر زەویەکە تلانەوەو رەنگیان گۆڕا بالآیان بە دۆژە سارا پوکایەوەو بچوك بوونەوە وەکو کاراکتەری شانۆی دۆزەخ دیاریان دەدا بەدەم گێژەنگی مەرگەوە پرسیاریان لە یەکتری دەکردەوە: (بای نەفخ بو یان لافاوی نوح): (ئەوە تەقینەوەی بورکانێکی خەففە بوە )لە یەکتریان دەڕوانیو پرسیاریان لە یەك دەکردەوە: (لە دەمو چاوم بڕوانە بزانە چیم لێهاتوە): (بالآم بچوك بۆتەوە)کەسێکی تر دەیگوت: (بوینەتە مرۆلە)رۆمانی (با)بەدەم گڕوگاڵی گەردونییەوە زمانی وێنەیی نیشاندا: (جەنگی هەردو پاشای جنۆکەو شەیاتینی لێرەدا کرا بە درێژایی مێژو بەدوای یەکترییەوە بوون لەم فەزایە بەریەك کەوتن هاوشێوەی ئەستێرە رەشەیەو زنجیرەکانی مێژوو زەمەنی تیادا داخراوە)شێتەڵە دوای کارەساتە گەردونییەکە هاتە گوندەکە ئەو روداوەیش هەمیشە لە بیریدا بو ئەو ڕوانینەی بە کۆتایی مێژو تەقینەوەی گەردونەوە بەر جەستە دەکرد بە مەڵۆی جەستەی سوتاوی بونیشەوە گەردونی شیدەکردەوە جوڵەو دەنگو خشەو تاریکی بە تەقینەوەی فۆتۆنات دەزانی هەمیشە بە (با)ی نەفخەوە گوێی دەزرنگایەوە ئەو گومانەیشی تەنیا لە گەرداوی ئەو خاکەدا

بەرجەستە دەبو وێنـەی نـاو (بـا)ی تیـادا دەدیـەوە ئـەو وێنانـە ببونــە شــەپۆلی ڕۆشــنایی بــە تێکــەڵی ئاسمانیــان دەپۆشــی جەستەو ڕۆح لە فەزادا یاریان دەکردو جیادەبونەوەو گەردونیان دادەخســتەوە لــەو ساتەشــدا ئــەو ڕەنگاڵەیــەیان لــە نیگایــدا دەکردەوە ڕەنگی ئەو ڕۆژە خوێناویەیان دەدایەوە بەو دیمەنەوە وشە لە ناخیدا دەتوایەوە وەکو تەمەنو مێژو لـە چرکەی مـەرگی کۆمـەڵو (بـا)ی نـەفخی سـوردا بەرجەسـتە بوبێـت لەگـەڵ کـزەی (بـا)وجریـوەی باڵنــدەو ڕەنگاڵــەی تێکــەڵاوی سروشــتدا ئــەو وێنەیـەی دەدیـەوە ڕوانـینی ژیانیـان پێکـدەهێنا هـەر بـەو نیگـا جـۆراو جۆرانەیشــەوە مێــژوی خۆیــو گوندەکــەی بــە مــەرگی جیهانەوە بە گشتی دەنەخشاند !!

*	*	*

لەگـەڵ چێشـت هـەنگاودا گوندەکـە ترسـناکی گرتـی لەهـەمو لایەکــەوە وێنەیــەکی مــەرگاوی دەردەخســت بــە ناوچــەکەدا بڵاودەبونـەوە بـە نـامۆیی باڵنـدەو گیانـدارو بێ گیانیشـەوە ئـەو وێنەیەیان دەدایەوە شێتەڵە بە دیمـەنی ئەو سروشتە نامۆیـەوە ترس دەیگرتەوە ڕۆشنایی بە وێنەو نیشانەی ترسناك دەپۆشرا ئامازەی هەرەس هێنانو ڕەنگی دایناسوری تیادا دەبینینەوە لە

پێشهاتی مەرگی گوندەکەو جیهان دەترسا وەکو ئەو ڕوانینە ببێتە وێنەیەك دوا ناسنامەی بون دەربخات بەو بیرەیشەوە مێشکی بەدوا وێنەوە دەپۆشرا: (ئەمڕۆ هەمو وێنەیەك هاوشێوەی مەرگە هەمو دەنگێك بە (با)ی نەفخەوە ئاوێتە بوە گوێم بەو گەردەلولەوە دەزرنگێتەوە جیهان قڵپ ببێتەوە ئەم گوندە موروی ئاوداری مەرگی عالەمە فوتۆی شتنەوەی دوا وێنەی بونە) بەو بیرەوە جەستەی لەرزی بەبێ ئارامیەوە لە وێنەی تەزوی ژانی جیهانەوە شیرازەی گەردونی دەدیەوە دوا هەناسە بە تۆڕی کفنێکی نەبینەوە بە فەزاوە پەرش دەبونەوەو دەشۆرانەوە ئەو شالآوە ڕوانینی گۆڕی بو بە جەنجاڵیەوە لەناو پەرێزەکانەوە گەیشتەوە ناو ماڵەکان بە وردی لە پێکهاتەی جوگرافیای خاکەکە ورد دەبوەوە لەو ساتەیشدا کەڵەشێرێك قوقاندی لەناو ماڵەکاندا دەنگی دایەوە زرمەی تەقینەوەی تۆپێکیش هاتە گوێیەوە ساتێك بەو دەنگانەوە لە جیهانی ڕوانی بە تۆڕی گومانەوە دەکشان لە دەزولەی چاویەوە وێنەی پێشهاتێك ڕەنگی دەدایەوە بە یەکجاری جیهانیان دادەخست: (هەمو دەنگو زمانو وێنەو شێوازێك لەم خاکەدا ڕەمزی مەرگیان هەڵگرتوە ئەمڕۆ مەرگ زمانی عالەمە) ئەو وێنەیە لەبەر چاوی

پـەرش دەبـوەوە لەگـەڵ ڕەگـی گومانیـدا یـەکیان دەگرتـەوە بـە جوڵەی قاچیشییەوە دادەبڕانەوە بەردەوام وێنـەی کارەساتێکی گـەردونیان دەکێشـا بـە خـوێنی کـــەڵەشێرەکەیشەوە پـەرەیان دەسـەندو گـەردونیان دەپێچـایەوە بـەو ترسـەوە کەوتـە گـەڕان سروشـت کـەوتبوە سـەر پشـو هـەمو شتێك لـە نیگایـدا دادەخـرا بـەو شـێوەیەش چـاوی بـە قـولایی جیهانـدا هەتـەر دەدا وێنـەی ڕەنگـاو ڕەنـگ ڕوانـینی دەگرتـەوە چـەند دەنگێکـیش لـە گوێیـدا دەزرنگایەوە وایدەزانی زەنگی کۆتاییە ساتێك بە چوار دەوری خۆیـدا سـوڕایەوە ئـەو زەنگـە بـەردەوام دەهاتـە گوێیـەوە تـەنها وێنەیەکیشـی نـەبینیەوە بـە ناچـاری کەوتـەوە ڕۆیشـتن لـەپڕ تەلیسمێك بەرچاوی گرتەوە سات بە سات پەرەی دەسـەند ئـەوە توشی گومانێکی کتوپڕی کـرد وێنەکـەیش گـەورەتر دەبـو وەکـو کفنی جیهان دەردەکەوتو دەپێچرایەوەو بڵاودەبوەوە ئەو دیمەنە هـەمو ڕوانینێکـی گـۆڕی کفنێکـی سـپی والاّ دەبـوەوە بـە خـوێن گوڵ ڕەنگ کرا بو ساتێك بە گومانـەوە چاوی بڕییـە دارو بەردو لوتکەو دەشتو کانیاوو لاپاڵو شیوو دۆڵی بەسـەر کـردەوە گـەلاّو لقـو چـڵو بـەردو خـۆڵ هـەموی ئـەو وێنەیـەیان دەدایـەوە بـەو دو دڵییەوە بەرەو ژور کشا چاوی بە ڕەنگێکـی ترسـناك پۆشـرا بـو

بەو ڕوانینەوە چوە پەرێزی گوندەكانی تر بەهەمو لایەكدا چاوی هەتەر دەدا نیگای بە فیلمێك پۆشرا بو تەنیا مەرگی نیشان دەدا ئـەوە بـە یـەكجاری جەسـتەی خسـتە سـەر لـەرزو چـاوی بـە ئاسمانـدا گێـڕا ئەوسـا فـەزای شـاری بەسـەر كـردەوە كارگـەو دوكەڵو منارەو بالأخانەو شەقامەكانی دەدیـەوە هـەموی بـە كفن پۆشــرا بــون ئاسمــانی شــارەكە ببــوە شــالأوی مەرگەســات جوگرافیای دەگۆڕدرا بەو گومانەوە ماوەیەك بە قوڵی لێی ڕوانی ئەوسا لە جێگەی خۆیەوە سوڕێكی خواردو دەستی چەپی بەرز كردەوە دار بڕێك كۆتەرەیـەكی دەقلأشت بە بینینی ئەو هێزی نـەبو تەورەكـەی دەربكێشێتەوە ئـەمیش كتوپڕ بانگی كرد ئەو سەر بەرەو خوار دایكێشا ئـەمیش بـانگی كـردەوە ئەوەنـدەی تـر هێـزی دایـە بـەر خـۆی هـەتا نـاو گوندەكـەی خـۆی نەوەستایەوە ئەوە ئازارێكی گەورەی پێبەخشی بەدەم هێڵنجی مەرگـەوە تفـی لـە جیهـان دەكـردەوە دەیویسـت بمرێـت هـەتا بـۆ دواجـار لـە گۆڕێكـدا وێنـەی مرۆڤایـەتی بشـواتەوە بـەو وێنەیـەوە هـەردو دەستی ڕاستو چەپ كرد دەنگی بۆ قولأیی فەزا بەرز كـردەوە: (هەمو ڕۆژێك چەند جار ئەم جیهانـە دەگوێزمـەوە سـەركردەكان دەكـوژم هـەر وەكـو خۆیـەتی كۆمـەڵێكی تـر دێنـەوە پـۆل پـۆل

جێگـــەی یـــەكتری دەگرنـــەوە كۆتاییـــان پێنایـــەتو ڕەگـــی مرۆڤایەتییان هەڵتەكاند) بەو قسەیەوە كولارەی خەیاڵی هەڵداو بە كولانەكانی شاردا گێڕای پارێزگاری شاری بە ئۆتۆمۆبیلەوە ڕاكێشا لـە ژور سـەریەوە رایگرتـو تیشـكی وشـەكانی دەرونـی تێگرت: (وەرە وەكو مشك دەتكوژم ئەمە تۆڵەی تاوانەكانتە) بەو تیشكەوە ددانی جیڕ كردەوەو فڕێیدایە ناو دوزەخی ڕوانینیەوە ئەوسا بێشكەی ساواكانی بەرز كردەوە: (ئێوە ئایندەی ئێمەن گریەتان دەبێتە فیلمی مێژوی نەزانراو هەمو تاوانی ئەم ڕۆژگارە بنوسنەوە ئەوانەشتان جەلاد دەتانكوژێت هەناسەتان دەگاتە لای خودا ئەم چیروكانەی بۆ بگێڕنەوە) بەوەیش شالاوێكی تۆقێنـــەر گرتیـــەوە بـــەو تەوژمـــەوە كەوتـــە ڕێگـــاو لەگـــەڵ هەنگاوەكانیدا وایدەزانی گەردەلول جەستەی گرتوە سات بە سـات پـتر تـوڕی گومـان دەیپێچـایەوە هـەتا گەیشـتەوە نـاو گۆڕستانەكە لەسەر قسنەكە پاڵ كەوت لە گومانی بوندا چوە جیهـانی نەسـتەوە بـەدەم هـەوری خوێنـاوەوە چـاوی لێـك نـا گوندەكە شڵەژانی تێكەوتبو وێنەو پێشهاتی دوا ڕۆژ لەهەمو زمانێكەوە دەگوترایەوە هەمو چاوێك ئەو وێنەیەی هەڵگرتبو ژنو پیاوو منداڵ سەرجەم زمانیان بە وشەی مەرگەوە مۆمیا ببو

ڕوانینیـان تـەنیا ڕوبـەری کفنێکـی سـپی بـو لەبـەر چـاوی هەمویانـدا دەکشـا جەسـتەی خۆیـانو جیهـانی دەپێچـایەوە لـە کاتێکدا لە سێیەم ڕۆژی پرسەیەکدا کۆببونەوە بەرەو گۆڕستان هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە لەگەڵ جوڵەی دەستو قاچیاندا بیری مەرگێکی تریان دەکردەوە دواجار دوا گەردەلولو (با) ی کۆتایی جەسـتەو مێشـکی دەگرتنـەوە (بـا) یـەکی بـەهێز گۆڕسـتانەکەی گرتبو گەڵای وشکی دارەکان بە کۆتەڵی مەرگەوە دەوەرین لەگەڵ هەر هەنسکو گریانێکدا بە ئاهـەنگی کەوتنـە خـوارەوەی گـەڵاوە مۆسـیقای دوا چـرکەیان لێـدەدا بـە جەسـتەی شێتەڵەیشـەوە کەشێکی ئەفسانەیی سازا بو وەکو سۆپەرمانی مـەرگ ڕەنگـی دەدایەوە هەر کەسە لەلای خۆیەوە بە تیژی لێی دەڕوانیـو تـرس جەستەی دەگرتنەوە ئەویش بە جۆرێك وەستا بو وەکو ساتێکی تـر بفڕێـت تـونێلی بـون تـاقی بکاتـەوە هـەتا جوگرافیـای جیهـان بگۆڕێت ئەوە بە یەکجاری زمانی لە گۆخستن کەس توانای نـەبو وشـەیەك بڵێـت تێکـڕا بـەدەم هێڵنجـی مەرگـەوە لـەو ڕوخسـارە ئەفسانەییە ورد دەبونەوە هەر بەو بێدەنگییەیش لەسەر قسنەکە وەستا بون دەنگێکی نەبین مێشکی گرتنەوە لە گوێیاندا گۆڕا بە گریەی ساوا دوایی بـو بـە حەپـەی سـەگ دواجـار بـو بـە میـاوەی

پشیلەیەکی کێوی ئەو دەنگە جەستەی شیدەکردنەوەو لەبەر چاویان جیهانی دەشتەوە تەزوی (با) یەکەیش وەکو تونێلی خەفە چەند دەنگێکی دەدایەوە شێتەڵە لەو ساتەدا ڕاپەڕی پاش ئەوەی چاوی هەڵگڵۆفت ڕوی وەرگێڕا ساتێك بە قوڵی لە خەڵکەکەی ڕوانی پاشان دانەویەوە کێلی قسنەکەی ماچ کردو لە دڵەوە پاڕایەوە کزە (با) یەك بە تیژی کشا هەمو جەستەیەك موچڕکە گرتیەوە وێنەی مەرگ هەمو چاوێکی دەگرت هەر یەکە لەلای خۆیەوە نامەی مردنی خۆی دەخوێندەوە لەگەڵ هەناسەشیاندا وشەی سەر زمانی خۆیان دەخواردەوە هەتا مەرگیان لەبیر بچێتەوە شێتەڵە لەو ڕوانینەوە چاوی بە ئاسماندا گێڕاو شەپۆلی شارەکەی بەسەر کردەوە جەستەو ڕۆح یارییان تیادا دەکرد ئەو وێنەیە مێشکی هەژاند بەو بیرەوە دەستی بەرز کردەوەو ڕوی کردە جیهان رۆمانی(با) رستەکانی بڵاو کردەوە:

{ئەم جوگرافیایە بە خوێن تۆمار بوە باکورو باشورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای نییە نەخشەی ئەم گوندە لە خوێن هەڵکێشراوەو چەقی نیوەی گەردونو تونێلی یەئجوجو ماجوجو هەوێنی دەردی جیهانە هیچ کەسێك ناتوانێت ناوو شێوەو وێنەو جەستە بدۆزێتەوە مرۆڤەکان لە خۆیان دەپرسن: (ئایا ئێمەیش

مرۆڤین وەکو ئەوان خۆشەویستیو نازو هیوامان هەیە ) هەمویان روەو قیبلـــە دەوەســـتنو رو دەکەنـــە جیهـــان: (ئێـــوە هـــیچ درەختێکتـان بـۆ ژیـان نەناشـت بـڕۆن بـە خۆتـانو تەورتانـەوە نەیەنـە ئێـرە ئـەم گونـدەیش وەکـو جیهـان گـلاۆ مەکـەن لێـرەوە کارەساتێکی جیهانی بەڕێوەیە وێنەی دوا زەنگی کۆتایی تیادا لێدەدرێت سوپای گێژەڵوکە خۆتـانو جیهانتـان قڵـپ دەکاتـەوە جیهـانێکی نـویٚ لـە مرۆلـە دروسـت دەبێـت} شـێتەڵە بـەدوا وشـەیەوە چـاوی بڕییـە جیهـانو کـۆلارە خەیاڵیـەکانی بە فـەزای ئاسمانـدا دەبینیـەوە دەخولانـەوە لـەو ساتەشـدا بـە گریـەی خەڵکەکـە لـەرزیو ئـەو بـیرەی پچـڕا لـە ناوچـاوانی ئەوانیشـەوە وێنەی تـەرمی کوڕەکـانی دەدیـەوە لەسـەر گۆڕەکـەی خۆیشـیەوە ئـەو وێنەیـە زینـدو دەبـوەوە خەڵکەکـەیش بـەو دیمەنـەوە لـە یـەکتریان دەڕوانـی زمانیـان توانـای داهێنـانی وشـەیەکی نـەبو گریان حەرفیانی دەشێواند بەو دەرونەیشـەوە گەڕانـەوە شێتەڵە لـە دواوە سـەیری دەکـردن لـە جوڵـەو خشـپەو ڕەنگـو ڕویـان ورد دەبوەوە هـەتا دوا کەسـیان چـوە ژورەوە هـەر بـەو نیگایـەوە لێـی دەڕوانـین کـاتێکیش ئـاگر لـە مالاٚنـدا کرایـەوە بـەدەم دەنگێکـی نەبینـەوە هەسـتا لەگـەڵ میـاوەی پشیلەی گوندەکـەدا هـەنگاوی

هەڵدەهێنایەوە بەو هێزەوە بۆ ناو ژورەکەی گەڕایەوە ئاگرێکی کردەوە ئەو کەوەی پاك کرد کە هێنابویەوە پاشان گۆشتەکەی برژاند لەگەڵ دوکەڵی ئاگرەکەدا بە قوڵی لە تونێلی قوڵی گەردونی دەڕوانی بیری لە قسەی راوچیەکە دەکردەوە بە بینینی ئەو رایکردو بە ترسەوە کەوەکەی بەجیٚ هێشت کاتێك گەیشتە گردەکەی ئەو بەرەوە هاواری کرد: (ناگەڕێمەوە ئەو کەوە ببە بۆ خۆت) بەو ڕوانینەیشەوە دوا پاروی خستە دەمیەوەو بەبیٚ ئارامی بۆ دەشتەکە کەوتە ڕیٚ ئەو جێگەیەی پانتاییەکی بەرینی لە خەیاڵیدا گرتبو هەمیشە وێنەی ناو (با) ی تیادا دەدیەوە هەر کاتێك پوشو پەڵاشی دەکوتییەوە وایدەزانی جەستەی کەوتوی ناو (با) سەرلەنویٚ زیندو دەبنەوە ڕێگا باریکو جادە گشتییەکەی بەرەو ڕوبەری شارەکە دەیڕوانی لەلای ببوە جۆلانەی مەرگ وایدەزانی لەوێوە بانگەوازی مەرگی جیهان دەکرێت هەمیشە بۆ (با) ی نەفخ لە دەشتەکەدا گوێی هەڵدەخست لەو ساتەشدا بەو شاڵاوەوە لە مادەو گیاندارو بیٚ گیانو باڵندە ورد دەبوەوە پاش ئەوەی لە زەریای گومانو ڕاڕایدا نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك ئەژنۆی کەوتە لەرزین لەناو زرنگەی دەیەها دەنگی بەهێزدا بۆ ناو دیٚ گەڕایەوە لەگەڵ

هەنگاوەکانیـــدا دەلـــەرزیو بـــەردەوام گـــوێی دەزرنگایـــەوە بـــەو هێزەوە تەزویەك بە جەستەیدا هات زەنگۆڵەی هەتایی نەخشەی چرکەی تەقینەوەی فۆتۆناتی گەردونیان دەکێشا هەر ئەوەیش ڕوانینو بیرو هۆشی شێواند بو لەگەڵ جوڵەی قاچیدا دەلەرزیو زمانی لەگۆ دەکەوت بە بینینی مالانیش بە تەواوی جیهانی لێشێوا وایدەزانی زەوی دەفڕێت خانوەکانیش لەبەر چاویدا جێ گۆڕکێیان دەکرد مرۆڤو گیانداریش بە پێچەوانەوە دەڕۆیشتن لەپڕ جەستەی خۆی لێگۆڕا توشی شێتێیەك هات هۆشی بەخۆی نەما ساتێك وەستاو بیری کردەوە ناونیشانو ڕەگەزی خۆی لە بیر چوەوە لەگەڵ لەرزیندا سات بە سات پەرەی دەسەند شێتێتیش زیاتر مێشکی دەگرتەوە هەمو شتێکی لەلا تێکەڵاو دەبو گوندەکەیش شڵەژانی تێکەوت دەرگای مالان یەك بەدوای یەکدا دەکرانەوە ژنو پیاوو منداڵ کەوتبونە خۆیان کەرو وڵاخیان کۆ کردبوەوە بارو بنەیان دەپێچایەوە سەرو ژوری گوند زمانیان بە کۆچەوە پەیوەستە ببو لەو ساتەشدا لە پاڵ دار تویەکی سوتاودا وەستا بو لەناو شالاوی خەڵکەکەدا مات ببو بە تیژی لێی دەڕوانین لە پڕێکدا چوە سەر بەردە نوێژەکان نوێژی دابەست چرکەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر دێیەکەدا کێشا وەکو

خەڵکەکە لە کاتـژمێری مەرگدا چاوەڕوان بن هەمو بەیەکەوە گەرویان خەفە کرد لە ڕوانینی شەپۆلی ئاسمانەوە نیگایان بە شەقەی باڵی داڵێکەوە پەیوەستە ببو ساتێك بە قۆڵی لێیان ڕوانـی سـەگەل دەقـی ئـەو بێدەنگییـەیان شـکاند قروسـکەیان تێکەڵی میاوەی دو پشیلە دەبو یەکیان دەهێناو یەکیان دەبرد لە ساتێکدا دەنگو دیمەنیان بەسەر هەمو شتێکدا زاڵ بو شێتەڵە لەسەر بەردە نوێژەکەوە چاوی بڕیبوە قولاّیی گەردون دەنگی پشـیلەیش مێشـکیان دەهەژانـد بـە دیمـەنی مـەرگی جیهانـەوە سلاّوی نوێژەکەی دایەوەو لە ناو شەپۆلی وێنەی هەتاییدا نوقم بو پیرەژنێك بەناو گوندا هات باوەشێك کفنی پێ بو بەدەم ڕۆیشـتنەوە لانکـەی بـونی ڕادەژەنـد رۆمـانی (بـا) بـە شـەپۆلی فەزاوە چیرۆکی جەنگە گەورەکەی مێژوی گێڕایەوە: {دەبێت کفن ببێتە رەنگی جیهان ئەم گوندە بو بە یەك گرتنەوەی سوپای جنۆکـەو شـەیاتینی لێـرەدا جەنگـە گەردونییەکـە کـرا ئـەم چـیرۆکەیش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەر لـە بـونی مـرۆڤ لـە مێـژوی سەرەتاییەوە هەتا ئێستا خودا بەر لە ئادەم باوکی جنۆکەکان سۆمیای دروست کرد پێی گوت داوا بکە گوتی: (داوا دەکەم ببینمو نەبینرێم بە گەنجی بمێنمەوە) خودا داواکەی وەرگرت

لەبەر ئەوەی خودا پەرست بو لەسەر زەوی نیشتە جێی کرد بەم پێیەیش جنۆکە یەکەم بونەوەری سەر زەوین بەڵام جنۆکەی تر هەبون سوپاسی خودایان نەکردو لەسەر زەوی فەسادیان نایەوە خودایش فەرمانی بە سەربازەکانی کرد لە فریشتەکانی سەر زەوی پاك بکەنەوە لێیانو سزای نەوەی جنۆکە بدەن فریشتەکان هاتن زۆریان لێکوشتن کەمیان رزگاریان بو لەو جەنگەی خودا ویستی لە ناویان ببات بەو شکستەوە چونە دورگەی چۆڵەوانیو لوتکەی شاخو کێوو فریشتەکانیش ئیبلیسیان بە دیل گرتو بردیان بۆ ئاسمان دوایی لەناو فریشتەکاندا گەورە بو هەتا گەیشتە ئەوەی تێکۆشانی ئاینی دەکرد خودا پێگەی گەورەی پێدا کاتێك ئادەمی دروست کرد پێی گوت: (سوژدەی بۆ ببە) گوتی: (سوژدەی بۆ نابەم ئەو لە قوڕ دروست کراوە من لە ئاگر) خودا نەفرەتی لێکردو فڕێیدایە سەر زەوی لە دستمیسانی نزیك بەسرە کەوتە خوارەوە مارەکەیش لە ئیصبەهان کاتێك شەیتان بەهۆی مارکەوە دەچێتە ناو بەهەشتەوە ئیبلیس ئادەم هەڵدەخەڵەتێنێت مارەکەیش حەوا بەم جۆرەیش راڕایی خستە نێوانیان بەهۆی خواردنی سێوەکەوە خودا لە بەهەشت دەری کردن کاتێکیش نەوەیان خستەوە لەسەر زەویو هابیل خوشکی

خۆی هێنا چوە ناخی قابیلەوە هەتا هابیلی برای کوشت دوای مردنی ئادەمو حەوایش ئیبلیس سوپای کۆکردەوە بۆ جەنگ لەگەڵ مرۆڤ لەبەر ئەوەی ئەوان بێ هێز بون لەبەردەم بونەوەردا تێك شكان دوایی هێزیان كۆكردەوە لەگەڵ میهلاییلی كوڕی قیننی كوڕی ئانوشی كوڕی شیسی كوڕی ئادەم گەورە پاشای هەر حەوت هەرێمەكە كەوتە جەنگەوە مەهلایل شاری بابلو سوس دادەمەزرێنێت سوپایەكی بێ شومار پێكەوە دەنێت لە مرۆڤ سوپای ئیبلیسیش لە پاڵەوانە گەورەكانو دایناسۆرو شەیاتینی پێكهات بون هەمویان لەناو چون دوایی ئیبلیس بیری كردەوە عەرشەكەی لەسەر ئاو دروست بكات چونكە دەریاكان هاتو چۆی مرۆڤیان لەسەر نەبو شارەكانیان نەدەڕوخێندران بۆ ئەمەیش لە سێگۆشەی بەرموداو سێگۆشەی دەریای شەیاتینی عەرشی دامەزراند هەر پێنج كوڕەكەی سەبرو ئەلئەعورو سوتو داسمو زلنبوری كردە سەركردە لەبەر ئەوەی خوداوەند سوپای خۆی نارد بۆ هاوكاری میهلایل توانی سوپاكەیان كۆتایی پێبهێنێت دوای ئەوە لەسەر نیشتەجێ بونی هەردو نەوەی جنۆكەو شەیاتینی جەنگی هەردو پاشاكە دەستی پێكرد لە سەردەمی ئیدریس پێغەمبەردا خۆیانو

سوپایان لەناو چون لە کاتی نوحیشدا توانیان هەردو سوپاکەیان کۆبکەنەوە بەهۆی لافاوەکەوە بەگۆی زەویا پەرشو بڵاوبوەوەنەوە لە سەردەمی ئەخناتون روبەڕوی یەکتری وەستان بەهۆی پەیامی یوسف بە نەمانی ئامونو خوداوەندە دەستکردەکانی ترەوە توانەوەو بە موعجیزەی موسایش لە کاتی نوقم بونی فیرعەونو سوپاکەیەوە بە فەزایا پەرتەوازە بون بەهۆی نامەی سولەیمانیش بۆ بەڵقیس بە بیسمیلاو موعجیزەی فێر بونی زمانی باڵندەوە کلیل خرایە دەستیان بەهۆی کەنیسەی عیسایشەوە جارێکی تر نەیانتوانی بەیەك بگەنەوە لە سەردەمی دوا پێغەمبەریشدا موحەمەد بەهۆی هاتنی قورئانەوە نغرۆ بون دوای ئەوەیش هەر لەسەر زەریاو دەریاکان عەرشیان دروست دەکردەوە کاتێك کەشتی ئاوی بەندەرو قوڵاییەکانی زەریایان بڕی پێگەیان لەسەر ئاودا نەما ناچار گەڕانەوە بۆ وشکانی دورگەو جێگە سەختەکان لە چیاو شاخو کێودا لەگەڵ ئەوانەیشدا کون بە کونی جیهان بەدوای یەکەوە بون هەتا یەکێك لەو دو توخمە دەسەڵاتی زەوی بگرێتە دەست شەیاتینی دەیانەوێت مرۆڤایەتی بۆ تاوانو یاخی بون لە خوداوەند ساز بدەن نەوەی سۆمیاییش ئامانجیان پاککردنەوەی سەرزەویە لە

فەسادی شەیاتینیو مرۆڤ بەم جۆرەیش بە درێژایی سەدەکان گەڕان هەتا پزوی زەویان لەم گوندەدا دۆزییەوە} میمکە کفنەکەی والآ کردەوە گەردەلولی ئاوێنە شکاوەکان لەبەر چاوی فەزای گرت وەك کاراکتەری مەرگ خۆی نمایش دەکرد دەنگی رۆمانی (با) فەزای گرتەوە: (ئەوەتا جوگرافیای گوندەکە لە زەوی جیابۆتەوەو وەك قیر رەش بوە بە جۆرێك لە شەوەزەنگیشدا رەشاییەکەی جیادەکرێتەوەو بوە بە زەوی جەنگە جیهانیەکان خەڵکەکەی نغرۆ بوە ئەژدیهای هەردو پاشای جنۆکە نەوەی سۆمیاو نەوەی ئیبلیس بە لوشکە بنی زەویەکەیان هێنایە سەرەوە سەرەوەیان بردە بنەوە ئەگەر بە تەقینەوەی بورکانەکە ئەژدیهاکان نەسوتانایە گۆی زەویان دەخستە بنی زەوی) میمکە خەیاڵ گرتیەوە وەك کاراکتەری جەنگی جیهانی چاوی نوقاند پاشان بەلای خۆرهەڵاتدا خۆی وەرسوڕاند دەنگی (با) درێژەی بە چیرۆکەکە دایەوە: (بەپێی ئەفسانەکان نابێت پاشای جنۆکە بمرن پاشا قەرە شمشێر سەر دڵی گرت لەگەڵ لاربونەوەیدا شمێرەکەی بە دڵی پاشا بیلیدا کرد پێش خۆی ئەوی کوشتەوە دەبێت چاوەڕێی پاشا قەرە بین کەی زیندو دەبێتەوە ئەو کاتە جەنگەکە مرۆڤایەتیو جیهان

دەگرێتـەوە) میمکـە کفنەکـەی پێچـایەوە گەردەلولەکـە نـەماو تیشکی ئاوێنەکان کوژانـەوە لەگـەڵ ئەوەیشـدا ڕەنگـی ئـەو کفنـە ئەوەنـدەی تـر خەڵکەکـەی جۆشـدا هـەمو کەوتنـە خۆیـان دەیانویست ساتێك زوتر بڕۆنو جارێکی تر نەیەنەوە ناو ئەو مەرگەساتە شێتەڵە بەو دیمەنەوە هێڵنجێکی دا وێنەی جیهان لەبەر چاوی بو بە تەڵەو فاقە گۆڕستانو شارستانیەت لـەلای تێکەڵاو دەبون ڕۆحو جەستە جیادەبونەوە بەو بیرەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوە بەپەلە بۆ گۆڕستانەکە ڕۆیشت گۆڕەکە دیمەنێکی ترسناکی گرتبـو بە سێبەری شێداری سروشتەوە ئەویش بـە پێوە وەستاو هەردو دەستی بە فەزای جیهاندا گرت ئەو گێژاوە بـە هێـزی (بـا) یەکـەوە تـەواوی گوندەکـەی دەپێچـایەوە لـەپڕ ئەوەندەی تر گێژی دەخوارد وەکو هێزێکی گەورەی گەردەلول بیپێچێتەوە بەو جۆرە لە شاخو گردو تەپۆڵکەو بەردو تاوێرو گڵو خۆڵ ورد دەبونەوە داڕمانو کەوتنە خوارەوەو هاوارو دەنگە دەنـگ لەهـەمو لایەکـەوە دروسـت ببـو لەگـەڵ شـالاوی چـەند هێزێکدا لە ناوچەکەدا سێبەری مەرگ هەمو قوژبنێکی گرتەوە هاوارو فیکەو بانگەواز تێکەلاوی دەستڕێژو تەقینەوەی تۆپ ببو شـاخو کێـوو لاپـاڵو بـەرزایی دو ڕەنگیـان گرتبـو سـورو سـپی

گوللـــەیان دەتەقانـــد بۆمبـــای فڕۆکـــەی ئاسمـــانیش جیایـــان دەکردنـەوە تێکـەڵاویان دەکردنـەوە ئـەو دەنگانـە لەگـەڵ ئـاوازی تـردا لـە مێشـکی شـێتەڵەدا پـەرەیان دەسـەند لـەتاو ئـازاری ئـەو مەرگەسـاتە پەنجـەی دەگوشـیو دەیکـردەوە وێنـەی خـاچ لـەناو گۆڕەوە دەیڕوانی بەردەوام بەدەم شالاٚوی ئەو هێـزە نەبینانـەوە دەلەرزی بە قولاٚیی چاویشی لە تەقینـەوەی بۆمباکانی دەڕوانـی گوللـەی دەژمـاردو سـەنگەری پـاس دەکـردو کـۆلارەی خـەیاڵی هەڵدەدا لوتکـەی ڕادەکێشـاو زرمـەو تەقینـەوەیش هـەر بـەردەوام بون لەرزیش پـتر جەسـتەی دەگرتـەوە گوندەکـەیش بـەو هێـزەوە دەلەرزی خەڵکەکەیش هـەمو بارو بنـەیان بـردەوە ماڵـەکانیان بـە ترسی مەرگەوە خۆیان لـە کـون خزانـد بـەدەم شـالاٚوی ئـەو هێـزە ترســناکەوە دەلــەرزین دەشــتو شــاخو کێــویش بــە هێزێکــی ئەفسانەیی نەبینەوە دەلەرزین هێمن دەبونەوە دەلەرزین!!

# 2

زرنگەیەکی ناکاتە لە یۆتۆبیای فەزاوە دەهات بە دەنگی نەبینی مارو مێرو زیبەڕۆوە پەخش دەبوەوە لە گوێی شێتەڵەدا رۆمانی (با) یان چاپ دەکردەوە: (پاشای دارستانە نەبینەکان بە فەزاوە کۆچی ناکاتە دەکات زەوی چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆرێکی نوێیە لە گوندی مەرگەوە گۆی زەوی بگرێتەوە رۆمانی(با) مێژوی نوێ بنوسێتەوە لە پاشا قەرەو پاشا بیلی لەگەڵ ئەوانەیشدا لەو چیرۆکانەی گوندی مەرگ لە گەروەوە دەرچونو لە هەسارەی بیرەوەریەوە تۆمار دەکرێن ژیانی کۆمەڵە مرۆیەکە لە ئەفسانەی بوندا تواونەتەوە رەنگی ئاژەڵ و باڵندەو زیبەڕۆیان هەڵگرتوە هەوێنی نوێی مرۆڤایەتین زانایانی ئەستێرە رەشە بە مرۆلە ناویان ناون دەبێت بەرەو دورگەکانی گۆی زەوی کۆچی

ناوەختە بکەن هەتا نیشتمانێك لە نا نیشتمانی بوندا پێکبهێنن چاوەڕوانی پاشا قەرە دەکەن هەستێتەوە) ڕەشەبایەکی بەهێز گوندەکەی پێچایەوە لەهەمو لایەکەوە گڤەی(با) بە تیژی دەهات دارو درەختو دەوەن بەیەکدا دەدران پوشو پەلاّش بە ئاسمانەوە یاریان دەکرد باڵندەو مارو مێرو لە کون خزی بون گوندەکەیش لەناو بۆنی جەستەی کەوتودا وەکو ژیشك گرمۆڵە ببو کێوو گردو لاڕێو جادە بە کەرو ولاّخو تراکتورو ئۆتۆمۆبێل تەرمیان بە سەردا کێش دەکرا دڵوپەی خوێناوی مەیو مێژوی نەزانراوی لاوانی بۆ زەمەنێکی نادیار دەنوسییەوە زەوی چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆر بو نسیو بە ڕۆژ لەبەر سێبەری تاریکیو ڕونیدا تەمی فرمێسکیان بە چاوەوە قەتیس مابو دڵداریان لەگەڵ خاکە ڕەنگ پەڕیوەکەدا دەکرد بە جەستەی کەوتوەوە سیناریۆیەکی نوێیان بۆ گوندەکە دەنوسییەوە هەر لەگەڵ تەقینەوەی گزنگدا ئەو سروشتە گوڵی سوری لەسەر جەستە پشکوتو برینی خوێناوی دەمیان دەکردەوە سەگەل بە شاخو کێودا هەڵدەگەڕان بە قروسکەو حەپەو وەڕینەوە لەگەڵ میاوەی پشیلەو دەنگی کڕوزانەوەی مرۆڤدا مۆسیقایەکی کۆتاییان پێکدەهێنا شاخو کێوو دەشت شڵەژانی تێکەوت سرمەی کەرو ولاّخو وڕەی

تراکتۆرو ئۆتۆمۆبیل ناوچەکەیان گرتەوە لەبن بەردو دارو ناو سەنگەرەوە تەرم کێش دەکرا بۆ ڕوبەری شارو گوندی تر دەگوێزرانەوە شێتەڵە لەناو گۆڕەکەیەوە بەو هێزەوە لە تەزوی رۆمانی(با) وە پچڕاو بەدەم تەونی خەیاڵو ئەفسانەی مەرگاوی جیهانەوە بە هەوای(با) ی نەفخەوە مۆمیا ببو بەجۆرێك قاچی بە خۆڵەکەوە نوساند بو وەکو لە ساتێکی تردا گەردون بە(با) یەك بتەقێتەوە ماوەیەك بەو شێوەیە لە فەزای جیهانی ڕوانی بەردەوام ئەو جەستانەی دەبژارد دوای ڕاکێشانو تلانەوەیان خۆڵیان چاپ دەکرد ئەوەیش موی گرژ کرد بو زەنگی ڕۆژی کۆتایی بە گوێچکەیدا دەهات لە ڕوانینی مادەو شێوازو دەنگو ڕەنگی سروشتەوە ئەو وێنەیەی دەدیەوە ئەوەیش توشی گومانو ڕاڕاییەکیان کرد بو جیهانی لێببو بە تۆپەوانەیەکی ئاگر ئەو گومانە لەو ساتەوە ڕەگی لە مێشکیدا داکوتا بو یەکەم جار قاچی خستە ناو ئەو خاکەو لەگەڵ هەنگاوەکانیدا جەستەی دەژمارد خوێن ڕوبەری ناوچەکەی گرتبو لەو ساتەیشدا هەمان جۆر ئەو شالاوە خوێناوییە دێیەکەی سور کرد بو شەڕی کراس سورو کراس سپی زەوییەکەی دەلەرزاند ئەو شەڕە سالانێکی دورو درێژ بو دو سوپا بەرامبەری یەکتری وەستا بون ڕۆژانە

لەهەمو کونو قوژبنێکدا گوللەیان بە یەکتریەوە دەنا گرتنو تۆقاندنو تیرۆری ناو شارو حەژمەتو قینی خەڵکی لە نێو یەکدا بەتەواوی پەرەیان سەند بو هەر کەسە پەیامێکی هەڵگرتبو سورو سپی وێنەو دروشم بە کۆڵانو دیوارەوە هەڵدەواسرانو لێدەکرانەوە بە تایبەتی لەو ساڵانەی دوایشدا ئەو جەنگە لەو ناوچەیە بەردەوام بو هەر جار ناجارێك دەکەوتنە بۆسەی یەکترییەوە دەستەیەك لاو دەبونە قوربانی لەو ساتەشدا وێنەی ئەو ڕوداوانەی دەدیەوە لە ڕوانینی کێش کردنی تەرمەکانیشەوە بەو وێنەیەوە ژیانی لەلا تێکەڵاو دەبو بەو بیرەوە قاچێکی بەرز کردەوە لە کاتێکدا لە گۆڕەکەی هاتە دەر لە ئاسمان وردبوەوە وشە تواوەکان بە تۆڕی باوە لە مێشکیدا یەکیان گرتەوە: (جەجاڵو کراس سپیو سورو ڕەش هەمو یەك هیواو ئامانجیان هەیە ڕەمزی کۆتایی ژیانیان هەڵگرتوە) بەو وێنەیەوە جەستەی لەرزی ڕۆشنایی بە هێڵێکی ترسناك داپۆشرا: (چارەنوسی جیهان بەندە بە بونو نەبونی ئەم گوندەوە لێرەوە مەرگەسات بڵاودەبێتەوە ئێرە هەوێنی مەرگو قڵپ بونەوەی جیهانە) کزە(با) یەکی بەهێز بەناو گۆڕستانەکەدا هات لقو چڵی دارەکانی بەیەکدا دەدا بۆنێکی پیشاوی بڵاو دەکردەوە

بەو بۆنـەوە لـەرزیو نزگەرەیـەکی کـرد پاشـان خـۆی خولانـدەوە لـەپڕ وەسـتا هـەردو دەسـتی ڕاسـتو چەپ بـە بۆشـاییدا ڕاگـرت وێنەیەکی ترسناك هاتە بەر چاوی: (پێدەچێت زەمەن لێرەوە دابخرێـت ئـەمڕۆ گـوێم بـە (بـا) یـەکی ئەزەلییـەوە دەزرنگێتـەوە ڕۆشـناییم بـۆ گرێکـی گـەردونی ڕۆدەچـێت لـە چـرکەو سـاتی کۆتاییدا ئەم زەوییە دەکاتە بۆسۆیەکی نەبین) تەزوی هەواکە بە تیــژی دەهــات ئــەویش لــەناو گۆڕەکانــەوە وەك پاســەوانی مردوەکـان ڕەنگـی دەدایـەوە دەنگـو ناڵـەو هـاواریش بـە هێـز بـە گوێچـکەیدا دەهـات بـەردەوام جەسـتەی شـیدەکردەوە ڕوانـینی لەسەر شەپۆلێك دەگیرسایەوە بەو ژانەوە چاوی هەڵگـلـۆفت بە شێواوییەوە کەوتە ڕۆیشتن لەو ساتەدا مێشکی زرنگایـەوە (با) ی نەفخ بیرو هۆشو ڕوانینی گرتبو بەو تەوژمە ترسناکەیشـەوە هــەنگاوی هەڵدەهێنایــەوە کاتێــك گەیشــتەوە نــاو ماڵــەکان وێنەیـەکی فۆتـۆیی گرتیـەوە وەکـو سۆپەرمانی مـەرگ چوە نـاو خەڵکەکـەو ڕوی کـردە ئاسمـان تیشـکێك بەرچـاوی گرتـەوە دوا وێنەی بونی تیادا نەخشا بو: (پێدەچێت چەند چرکەیەکی تـر کۆتایی بەم ژیانە بێت بونێك بەهایەکی نییە) گوندەکـە شڵەژا بو خـەڵکی لەبـەر ئـەو تەیمانـەدا کۆمەڵـەیان بەسـت بـو پورکـە بـارو

بنــەی تیــا کــۆ کردبــوەوە حەمــە لاو ڕەشمــەی ولاخۆڵەکــەی بەدەســتیەوە گرتبــو خەڵکەکــەیش لــە یــەکیان دەڕوانــی بــالا بچکۆلەو دەمو چاو قوپاو هەریەکە خۆی بە یەکێکی تر تاقی دەکـردەوە جـوانی لـە هـیچ کەسـێکیانەوە نەدەبینرایـەوە لـەو ساتەشـدا جـەنجاڵی هـەموویانی گرتـەوە ولاخۆلەکـەیش بـەبێ هێزییەوە پێلەقەی بە زەویەکەدا دەکێشا وەك قەتران ڕەش ببو بــە جەســتەیەکی پوکــاوەوە دەمــی بــۆ بۆشــایی کردبــوەوە پشیلەیەکیش لەسەر بانیژەیەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە وەك لـە ڕۆنـی قرچـاودا هاتبێتـە دەرەوە بـەو جـۆرە تـوابـوەوە لـەرزی خستە ناویانەوە تەنها کەسێك هەستی بەو پێشهاتە کرد میمکە بـو کتـوپڕ هـاواری کـردو قـژی خـۆی ڕنیـەوە: (بـای نـەفخ تـەنیا ئەسپو پشیلەو گیاندارو وەلیو شێت هەستی پێدەکەن ئەوەتا هەموویان بە ئاشکرا هـاوار دەکـەن گـورج بکـەن بـارو بنـەی بەرنـە ژورەوە پورکە کۆچ ناکات) لەو ساتەدا چەکدارێك هاتە ناویانەوە بە چاوی خوێناوییەوە لەهەموویانی ڕوانـی کتـوپڕ لـە خۆڵەکەدا تلایەوەو ڕەنگی گۆڕا بالای کورت بوەوە کاتێك هەستایەوە ترس جەستەی خستە سـەر لـەرز : (لێم بڕوانن منیش ڕەنگی ئێوەم هـەڵگرتوە وەك ئێـوە دەمـو چـاوم بـە قولاییـا چـوە) لـە خـۆی

وردبوەوە: (ئای ئای لەم مەنجەنیقەی تێی کەوتوم من لە هێزی کراس سپیم هاتم بۆ کۆکردنەوەی نان) شێتەڵە بەو قسەیەوە گومان گرتیەوە دەنگیك هاتە گوێیەوە: (تازە خودا فوی خۆی دەبارێنێت ئێمەو ئێوەو جیهان پێکەوە دەمرین) میمکە تۆڕی ئەفسانەیی ناوچاوی گرتبو توانای قسەی نەبو ڕوی لە چەکدارەکە وەرگێڕاو ئامارژەی بو خەڵکەکە کرد گێژەڵوکەیەك فەزای گرتەوە پارچە شوشەی ئاوێنەیی بڵاوبونەوە وەك تیشکێکی نەبین خەڵکەکەی گرتەوە هەمویان لە روخساری یەکتریو وێنەی (با) ورد دەبونەوە گەورە دەبونو بچوك دەبونەوە رەنگی خومخانەو هەرەسهێنانو کەوتنە خوارەوەیان هەڵگرتبو میمکەیش فوی بە چوار دەوری خۆیدا دەکردو بانگەوازی هەستانەوەی پاشا قەرەی دەکردو دەلەرزی ئەو لەرزە هەمو جەستەیەکی گرتەوە بەو هێزەیشەوە بارو بنەی پورکەیان بردە ژورەوە ئەویش فرمێسك بە چاویەوە قەتیس مابو دڵی دەگوشراو تفی لە ژیان دەکردەوە ئامارژەی پەنجەی میمکەش بە قژی سپیەوە نیشانەی کۆتاییان بۆ دەکێشا لەو ساتەیشدا ژیانی میمکەی بیر هاتەوە خەوو ئەفسانەی ئەوەندەی تر ترسی لێنیشت بە یەکجاری شەپۆلی (با) ی کۆتایی گرتییەوەو وشەی

کۆچی لە بیر خۆی بردەوەو بە بێدەنگی وەستا ئەو بێدەنگییەی پورکە میمکەی خرۆشاند پەنجەی لە قژی توند کردەوە: (ئەمشەو بە خەو بینیم ئاسمانو زەوی لول بونو جێ گۆڕکێیان کرد ئەم گەردونە تەنیا مافورێکی مایەوە پورکە بۆ کوێ دەڕوات دەچێتە ناو میلەتێکەوە بە مرۆلەمان دەزانن با هەمومان لێرەوە بەسەر مەرگی جیهاندا بمرین) ژنێك لێی هاتە پێشەوەو سنگی خۆی کوتیەوە: (میمکە لباد ) : (بەڵی فویەکە خودا بەم گەردونەیدا دەکات) ورتە ورت لە خەڵکەوە دروست بو هەر کەسە لەلای خۆیەوە گۆڕێکی نەزانراوی بۆ خۆی هەڵدەکەندو بە جلو بەرگەوە دەچوە ناوی شێتەڵەیش بە دیاریانەوە دەگریا چاوی بڕیبوە هەورازی نەبین لە ئاسمان ورد دەبوە میمکەش چاوی بە هەمویاندا گێڕا ئەوسا دەزوی ئەو تەونەی گرتەوە: (با بێتو جیهان کاول ببێت ئێمە چی خۆشیەکمان تیایدا دیوە کێ بە هانامانەوە هاتوە بزانن کەسێك دەوێرێت سەردانمان بکات بە گولو سیلاویو تاعوناویو مرۆلەمان دەزانن) بەو قسەیەوە دەستی خستبوە قژییەوەو دارستانی ئەفسانەیی شیدەکردەوە شەپۆلی شوشە شکاوەکان فەزای گرتەوە دەنگی رۆمانی (با) بە شێواوی سروشتەوە چیرۆکەکەی گێڕایەوە: (دو پاشای جنۆکە

لە مێژودا هەبون پاشا قەرە لە نەوەی سۆمیای خودا پەرستو پاشا بیلی لە نەوەی ئیبلیس لە سەرەتای بونەوە جەنگێکی دەروونی لە نێوانیاندا هەبوو هەتا یەکێکیان ببێتە پاشا بۆ ئەمەیش خاك بە خاك بەدوای یەکدا دەهاتن چەندەها جەنگی گەورەیان کرد بەهۆی جەنگو روداوەکانی مێژوەوە دادەبڕان هەتا گەیشتنە زەمەنی نوێ لەم گوندەدا جەنگەکەیان کرد ئەژدیها دەریا لوشو دایناسۆرەکانیان کەوتنە لوشە لوش لمو لیتەی بن زەویان هێنایە سەر زەویو خۆڵەکەیان سەرەو بن کرد مرۆڤی گوندەکەیش بەو لیتەیە نوقم بون کەوتنە ناو گێژاوی ئەو جەنگەوە لەگەڵ کوژرانی پاشای قەرەدا زەوی ترازا لەم ئاستەدا بەدەم گیان دەرچونییەوە شمشێرەکەی کرد بە سنگی پاشا بیلیدا کوشتی هەردو پاشاکە پێکەوە گیانیاندا بەو مەرگەیانەوە بورکانێك تەقیەوە ئەژدیهاکان سوتان کەفو ژەهراویان تێکەڵاوی خاکو فەزا بو خەڵکیش هەمویان بون بە مرۆڤی کورتە بالا روخسارو جوانیان گۆڕاو بە مرۆلە ناونران) میمکە بە حەپەساویەوە دەستی لە قژی دەرهێنا ولاخۆلەکەیش قاچی لە زەویەکە دایەوە میمکە ترسێکی گەورە گرتیەوە بەدەم هێزی (با) کەوە ڕادەوەشی ژنێك باوەشی پیا کرد ئەویش بە

نمایشی جەستەیەوە وەستا رۆمانی (با) درێـژەی بە نهێنییەکە دایەوە: (تەنها پەناگەیەك بۆ مرۆلـە ئەم گوندەیە لێرەوە جیهان سەرەو ژێر دەبێت نیشانەکان دیارن لە کۆنەوە لـە ئەفسانەکاندا گـوتراوە ئـەو دو پاشـایەی شـەیاتینیو جنۆکـە لەهـەر خاکێکـدا جەنگ بکەن ئەو خاکـە دەبێتـە نیوەی جیهان لـەوێوە زەوی لـول دەبێت) شالاّوی پارچە شوشەکان فەزای لەبەر چاوی میمکە پڕ کــردەوە خــەڵکیش بــەو تیشــکو ئاوێنانــەوە گێــژ ببــون لــەو ساتەیشدا تۆپێك لەسەر گردەکە تەقیەوە هەمویان خۆیان خستە سەر زەویەکە ساتێك بە ڕاکشانەوە لە یەکیان دەڕوانیو پرزەیان لەبەر بڕا بو کزەی (با) یەکـەیش بە هێـز تـر بو ولاّخۆلەکـەیش جـارێکی تـر قاچـی بـە زەوییەکـەدا کێشـایەوە ئـەوە ترسـێکی گەورەی خستە دڵیانەوە هەمو بە چرپە لـە قسنەکەیان دەڕوانـی لــە ســاتێکدا هــەمو بــۆ گۆڕســتانەکە کەوتنــە ڕێ کــاتێکیش گەیشـتنە نـاو گۆڕەکـان خۆیـان ڕاکێشـا لقـو چـڵی درەختیـان دەگرتەوە ماوەیەك بەو جۆرە مانەوە ئەوسا دوا هیوایان لەسـەر قسـنەکە بـەجێ هێشـت بـەدەم کـزەی (بـا) یەکـەوە بـۆ نـاو دێ گەڕانـەوە کاتێـك گەیشـتنەوە نـاو ماڵـەکان ژنێـك بـە سـینیەك ناوسـاجیەوە لێیـان هاتـە پێشـەوە هـەر کەسـە بەشـی خـۆی

وەردەگـرت: (نەخشـە خـودا بـە بەهەشـت شـادت بكـات) لەگـەڵ بڵاوبوەوەنەوەیاندا لەناو ماڵەكاندا گێژەڵوكەیەكی بە هێـز هـەڵی كرد بە (با) یەكی نادیاری ئەفسانەییەوە لول بون بەو جۆرە هـەر كەسە بە هەڵمژینی ئەو بۆنە تێكەڵاوانەو شەپۆلی وردە شوشەی ئاوێنـە شـكاوەكانو تەلیسـمی (بـا) ی نەفخـەوە خۆیـان بـە ماڵـدا دەكـردەوە لـە سـاتێكدا كـەس لـە دەر نـەما گوندەكـە كەوتـە سـەر پشوی مەرگ!!

*    *    *

شـێتەڵە دوای چێشـت هـەنگاوێكی درەنـگ بـە بـێ ئـارامی لـە گـەڕانی دەشـتو دەر گەڕایـەوە لـە ژورەكـەدا قاچـی ڕاسـتو چـەپ كـردو هـەردو دەسـتی بـەرز كـردەوە سـاتێك لـە خـۆرو ئاسمـانو زەوی وردبوەوە بە قوڵایی نهێنیەكاندا ڕۆدەچو بەوەیش بیرێكی پەرشـی شـێداری پۆشـی بـو هۆشـی بـەخۆی نـەمابو كەوتـە سـەر قریشـكە ئەوسـا ڕاپـەڕیو مێشـكی بـە تـەژەو دارەكانـدا دەكێشـا هەتا تەواو گێژ بو پاشـان بـە شـەكەتیەوە دانیشـتەوەو كەوتـەوە ڕوانین لە وێنەی لبادە شڕەكەوە ڕۆژی هەتایی دەدیەوە گوندەكە كشو ماتیەك گرتبویەوە جوڵەو خشپەو هاتو چۆ نەدەبینرا هەمو بەدەم بۆنی مەرگـەوە لـە ژێـر جێگـەدا كـەوتبون بـە تـەنیا میمكـە

دەزگای تەونەکەی هێنابوە هەیوان بەدەم چنینی جاجمەوە لە ژورەکەی شێتەڵەی دەڕوانی لەو ساتەشدا بە قیژەی ئەوەوە وەستا کەوتە خەیاڵێکی نەبینەوە گەردون لەبەر چاوی دەپێچرایەوە بەو وێنەیەوە قریشکەیەکی کرد ژنان لێی کۆبونەوە ئەویش سات بە سات پتر قریشکەو سنگ کوتانەوەی تێکەڵ دەکرد لەو ساتەشدا ژنێك باوەشی پیا کرد فرمێسکەکەی سەر سنگی میمکەی تەڕ کرد ژنان دوا نیگایان بڕییە ژورەکەی شێتەڵە ئەویش بێدەنگی گرتبویەوە میمکەش چوەوە سەر تەونەکەی نەخشەی جیهانی نویٚ دەکردەوە گێژەلۆکەیەکی بەهێز هات پوشو پەلأشو شتی سوکەی بە ئاسماندا لول داو گێژی خوارد هەتا بە تەواوی ناو دێیەکەی گرتەوە شێتەڵە لەو ساتەدا بە تۆڕی گومانەوە لە ژورەکەی هاتە دەر بۆ گۆڕستانەکە کەوتە سەر ڕیٚ میمکەش بە دوایەوە خەڵکەکەی دەنگ دا شێتەڵە لەسەر قسنەکە دەپاڕایەوە شالأوی خەڵکەکەیش گەیشتنە لای لەرزیو دەستی بەرز کردەوە شەپۆلی گریانیش خەڵکەکەی گرتەوە فرمێسك واتای وشەکانیانی دەردەبڕی بەدەم شالأوی (با) یەکەشەوە کەوتنە گومانێکی قوڵەوە لەناو گۆڕەکاندا خۆیان ڕاکێشاو تلانەوە ماوەیەك بەو جۆرە مانەوە

لەگــەڵ شــالأوی (بــا) یەکــەدا دوا نیگایــان بڕییــە گۆڕەکــەو هــەر کەسە لەلای خۆیەوە گۆڕێکی خـەیاڵی بۆ خـۆی دروست دەکرد جیهــانیش بــە وێنەکانیــەوە ئــەو ڕەنگــەی دەدایــەوە حەپــەی ســەگەلی ئــاوایش بــەرزبوەوە کاتێــك گەیشــتنەوە نــاو ماڵــەکان هــەمویان وێنــەی گۆڕیــان لەبــەر چــاودا بــو تــەنها کەســێك ئــەو وێنەیــەی شــتەوە میمکــە بــو لــەو ســاتەدا ئــەو ڕازەی بــۆ لاوێــك دەردەخست ئاگرێکی کردبوەوەو تەنەکەیەك ئاوی خستبوە سەر هەتا جلەکانی بشوات مراد خانییەکەی لەبەر ئاگرەکەدا گرتبو بە ئاگرەکە ئەسپێکانی هەڵدەقرچاند ئەویش پێشهاتی مەرگی جیهانی بۆ شی کردەوە: (تـالیم عەشـقەکەت کەوتـە ئـەم کۆتـایی بونــە هــەمومان بــەبێ جیــاوازی دەمــرین) تــالیم گریــاو ئــەویش جارێکی تر داڵدەی دایەوە دوای شەپۆلی خەڵکەکە کەوت هـەمو بە شپرزەییەوە بۆ ماڵەکانیان هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە بە تەنیا شێتەڵە بە ڕەگی قوڵی گومانـەوە بـەرەو ژور کشـاو بـە لاپاڵەکـەدا سـەردەکەوت لـە دۆڵەکـەدا چـەند چـەکدارێکی بینـی خۆیـان ڕوت کردبـوەوە جلـەکانیان لەبـەر ئاگرەکـەدا دەگـرت کاتێـك بینیـان شپرزە بون بەدەم خۆ لەبەر کردنـەوەوە هاواریـان دەکـرد: (وەرە بابتبینین مرۆلەی بۆگـەن بزانین چۆن بویـت بـە جنۆکـەو مرۆلـە)

ئــەویش بــە ئــازارێکی زۆرەوە ڕویشــت ئاڵۆزییــەك گرتبویــەوە توانای نەبو بۆ ساتێکیش پشو بدات بەردەوام لە گژو گیاو لقو چڵو دارو بەردو دەوەن ورد دەبوەوە چڵە پوشەکانی هەڵدەکێشا لەوەوە مەرگی جیهانی دەدیـەوە بەو وێنـە ئاڵۆزکاوانـەوە لەسـەر بــەردێك دانیشــت چــاوی بڕییــە قــولاّیی شــارەکە ئــەو وێنــە خەیاڵییانـە فـەزای ڕوانینیـان گرتبـو ئاسمـانی شـار بـە خـوێن داپۆشـرا بـو لەسـەر شـەپۆلی (بـا) و هەناسـەی خەفـەدا وێنـەی ترسـناکی دەبینیـەوە لـەوەوە وێنـەی نـاو (بـا) دەهاتنـەوە نـاو نیگایـەوە ئەوانـەی ببونـە پێکهاتـەی بـیرو خـەیاڵو ئەندێشـەی ژیانیو لێی جیانەدەبونەوە ئەوەیش بە شەپۆلی تیژەوە مۆمیای کـرد بـو وەك ئـەو سـاتەی لەگـەڵ هێـزی (بـا) یـەکی ناوەختـەدا شـێواو وێنـەی نـاو (بـا) لـە نیگایـدا جیادەبونـەوەو دادەبـڕان رۆمـانی (بـا) بـە گێـژەنگی شـەپۆلی رەنگـاو رەنگـەوە تراژیـدیای کارەساتی مەرگەساتی شارەکەی خوێندەوە: {بێدەنگی بە پەڵـە هەورەوە بە ڕەنگی ئاسمانەوە ڕەنگاڵەی جەستەیان چاپ دەکرد ڕۆح لـە جەسـتە یـاخی دەبـو شـار بـە چـەند ئۆتۆمـۆبێلێکی سەربازی شڵەژا بو بە شەقامە گشتییەکاندا تـەرمێکیان بەدوای خۆیانـدا ڕادەکێشـا جـار جـارە بــە دەسـتڕێژێك ئاسمانیـان

دەشـڵـەقاند خەڵكەكـە هەریەكـە بـە لایەكـدا ڕایانـدەكرد تــەنها شێتەڵەی شارەكە بێپەروا لەسەر كۆلأنەكەوە دەهاتو دەچو بە تیـژی لـە ئاسمانی دەڕوانیـو وێنـەی نـاو (بـا) ی دەخوێنـدەوە پـانتۆڵو كراسـو چاكەتەكەی پیسـو لـە چەند لایەكـەوە دڕابـون بۆینباخەكەیشی فڕیَ دابو خەڵك بە سەرسوڕماوییەوە سەیریان دەكرد جاران جلی ئوتو كراوی دەپۆشیو عەتری لە خۆی دەداو روخسارە سپییە جوانەكەیشی بە نیڤیا بریقەدار دەكرد لەبەر ئاوێنـەدا قـژی شانە دەكـردو لـە بـالأ بەرزەكـەی دەڕوانـی هـەتا بزانێت رەنگی جلەكانی لەگەڵیدا دەگونجێت یا نا چەند جار لە منداڵـەكانی دەپرسـییەوە: (جلـەكانم لیْـدیْت) تـەواو جـەختی لەسەر دەكردنەوە ئەوسا لـە مالْ دەهاتـە دەر ئیْستایش بەهۆی شێت بونەكەیەوە بەو جلە دڕاوانەوە لە ئۆتۆمۆبیلەكەی دەڕوانی هەناسەی وێڵی دەكردە پاسەوانی شار لەپڕ لاوێك پەلی گرت بۆ كۆلأنەكەی خۆیان كێشی كرد ئەو كاتە ژنەكەیشی بە گریانـەوە هات دەستی گرتو بۆ ماڵەوە بردیەوە كاتێك لـە دەرگاكە ئەودیو بون قژی خۆی ڕنیەوە: (تۆ توشی چی هاتویت ئەمشەو دەبێت بـڕۆین شـار چۆلْ بكـەین نازانیـت نیـوەی خـەڵكی زینـدە بەچالْ دەكرێـت ) گـەڕەك شڵـەژا بـو دەرگاكـان بـە تونـدی دادەخـران لـەو

کاتــەدا لاوێــك لــە دەرگایــدا: (خێــرا بکــەن گــەڕەك خۆیــان پێچاوەتەوە) بەدەم قسەوە هاتە ژورەوە: (تەرمەکەی هاوار تەنیا ئێسکی ماوەتەوە ئەمشەو لە تۆڵەی بەرێوەبەر بە هەزاران زیندە بەچاڵ دەکەن) لەو ساتەدا شارا قاپوتەکەی بۆ شێتەڵە هەڵداو قـژی خـۆی ڕنیـەوە: (هـاوار لـە مـن ڕۆیشـت ئـاخ) لاوەکـە بـە هەیوانەکەدا سەرکەوت: (پورە گوڵچین لێرە دەمێنێتەوە دیارە ناتوانی ڕێگا بکات) پورکە لە ژێر جێگاکەدا کەوتبو بە لەرزەوە زمـانی کـردەوە: (ئـازاد گیـان مـن چـیم لـەو لاوانـە زیـاترە بـا بکـوژرێم) فیشـەك ئاسمـانی شـارەکەی دەشـڵەقاند سـێ گوللـە تۆپیش لە قەدپاڵ تەقینەوە دەنگی زرێ پۆشیش لەناو شاردا بەرزبوەوە خـەڵکیش تـەواو کەوتنـە خـۆ ئـەوانیش کۆڵـو باریـان پێچایەوەو لە حەوشە هـاتنە دەر لـەگەڵ دەنگی گوللەو گرمەی ناو شاردا خۆیان بە تاریکایی نهێنی جیهاندا دەکرد بارانیش نمە نمە دەباری سات بە سات بە هێزی بایەکەوە پەرەی دەسەند گلۆپی شاریش یاریان لەگەڵ شەوقی باشوردا دەکرد ئەوانیش لەسەر ئاستی شاخەکە ڕەمزی ون بونو ئامادە بونەوەی شاریان دەکێشا بـەو جـۆرەیش ڕەو لـە بەشـی بـاکورەوە ڕیـزەی بەسـت بـو}لـەو ساتەیشـدا هـەمو ئەوانـەی لـە ئاسمـانی شـارەکەوە

دەدییــەوە هــەمو دەنگێــك لــە شــەپۆلی (بــا) یــا دەتوایــەوەو وێنەیەکی چاپ دەکرد دەنگێك لە شاخەکەوە هات کتوپڕ ڕوی وەرگێڕاو لە ئاسمانی شارەکەی تۆراند بە حەژمەتێکی زۆرەوە هــەنگاوی هەڵهێنایــەوە وەکــو بیــەوێت لەســەر زەوی ڕابکــاتو نیشـتمانێکی تـر بدۆزێتــەوە بـەو وێنەیـەوە ڕۆیشـت هـەتا لـە دۆڵێکـدا شـوانی گوندەکـەی دیـەوە لـە کاتێکـدا لـەناو چـاوانی دەڕوانــی ئارەزویــەکی تیــادا دەخوێنــدەوە بــەو بــیرەوە چــوە بـەردەمی (حەسـەن دەڵێـی حـەز دەکـەیت بچـیت بـۆ شـار نـانو کەبابێکی تیادا بخۆیت) حەسەن شڵەژا شریتی بیرو ئارەزوی پچڕا: (شـار بـۆ ئێمـە دۆزەخـە هـەر ئارەزویـەکی لەسـەر بکـەین بێهیوایە سێبەری لە ئێمە حەرامە) شێتەڵە بەو وەڵامەوە توشـی لـەرزێکی کتـوپڕی بـو وێنـەی ژیـانی خۆیـو منداڵـەکانی هاتـەوە بەرچاو بـەدوا وێنـەی سـوتاوەوە وەڵامـی دایـەوە: (شـار بـۆ مـن زامێکــە ســاڕێژ بــونی نییــە پردێکــی پۆڵایــە نــاتوانم لەســەری بپەڕێمەوە) بەو ڕستەیەوە هەمو وشەکانی تواندەوە جارێکی تـر قــوتی دایــەوە دو فڕۆکــە بــە ئاسمانــدا دەنگیــان دەتەقانــدەوە هەردوکیان بەیەکەوە لـەرزین حەسـەن هەستا گۆچانەکەی گرتـە بزنەکان ئەویش سەیری فڕۆکـەکانی دەکـرد هـەتا تـەواو لـە چـاو

ون بون ئەوسا لە بزنەکانی ڕوانی: (ڕانی ئاواییش هەر ئەو بیست سەرەی ماوە ئەویش مردار دەبنەوە) کۆمەڵێك چەکدار لەسەر ڕێی خوارەوە بەڕیز دەڕویشتن دەنگی رادوێیان بەرز کردبوەوە گویٚ بیستی هەواڵی ئێزگە بون ئەوانیش سەیریان کردن وشەکانیان خواردەوەو کەوتنە خۆ حەسەن خەریکی کۆکردنەوەی بزنەکان بو ئەویش سەر بەرەو خوار دایکێشاو بۆ ناو دیٚ گەڕایەوە ئاوایی کپو مات ببو لە سەرو ژورو چەپو ڕاستو خۆرهەلاٚتو خۆرئاوایەوە جوڵەو چرپەی تیا نەدەبیسترا هەنگاوی پیرێکی پەککەوتە بە هێمنی ئەو بێدەنگییەی دەشکاند شێتەڵە ساتێك لێی ڕوانی لە کاتێکدا مێژوی ژیانی خوێندەوە گەیشتە بەردەمی: (حەمکۆڵ منو تۆ بوینەتە دو عاشقی مەرگ پێویستە لە لێواری گۆڕەوە پاسەوانی ژیان بکەین) حەمکۆڵ لەرزی بە جۆرێك مێژوی ژیانی لەلا شێوا: (لێرەوە مەرگیش ناونیشانی نیە منو تۆ ڕەمزی مەرگین هیچ ئەنجامێکیش نابینینەوە چونکە نهێنیش پێویستیان بە دابڕانی تەواو هەیە لە کۆمەڵ بە تایبەتی خاکێکی وەك ئێرە ڕەمزی هەمو کارەساتێکە) بەو قسەیەوە هەردوکیان فرمێسکیان هەڵڕشت هیچیان لەبەر گریان توانای وشەیەکی تریان نەما

شێتەڵە لە ڕوانینی چرچو لۆچیو قولآیی روخساری ئەوەوە زامێکی سەختی دەدیەوە بەو ژانە کوشندەیەوە لێی جیابوەوە یەکڕاست بۆ تول بەندی ماڵی شاسوار هەنگاوی هەڵهێنایەوە بە بیری مەرگی چراوە بۆ هەیوانەکە سەرکەوت چرا لە ژێر جاجمێکەوە ڕاکشا بو گڕوگاڵی مەرگی دەکرد ئەوە لە مێشکی شێتەڵەدا کاریگەر ببو میمکەش بە ژور سەریەوە دەکڕوزایەوە ئەویش بە قسەی میمکە ترس گرتبویەوە لەو ساتەشدا پەنجەی لە دەستی دەستە خوشکەکەی ترازاند: (بەسە زێبا تۆش بە منەوە مەمرە من ئومێدم لە دڵدا نەماوە بچۆ پشو بدە) ئەوەی گوت فیشەکێك تەقی بو بە دوانو سیان بە جارێك خەڵکەکەی خستە گومانێکی ترسناکەوە دەنگی چەند گوللە تۆپێکیش دەنگی دایەوە شێتەڵە بەو ڕاڕاییەوە لە چرا وردبوەوە ئەوسا بەدوا نیگاوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو هەستا بە بیرێکی ترسناکەوە بەجێی هێشت ماوەیەك بو بەناو ماڵاندا دەگەڕا ماڵ بە ماڵی بەسەر کردەوە لە پڕ دەنگێك هاتە بەرگوێی ئاوڕی دایەوە هیچی نەدی ئەوە تەواو حەپەساندیو لە جێی خۆیەوە خولایەوە کاتێك کەوتەوە ڕۆیشتن دەنگەکە دوبارەو سێ بارە بوەوە لەهەمو لایەکەوە ئەو دەنگە بەهێز گوێی دەزرنگاندەوە

ئـەوە لـەرزێکی گـەورەی خسـتە دڵیـەوە بـە تیـژی بـە شـاخەکەدا هەڵگـەڕا وەکـو توشـی نەخۆشـیەکی کوشـندە بوبێـت بـەو جـۆرە هـەنگاوی هەڵدەهێنایـەوەو دەلـەرزی گوندەکـەیش بـەو هێـزەوە دەلەرزی پیـانۆی مەرگەسـات هـەمو ڕۆحێکـی گرتبـو بورکـانێکی دەرونی بەسەر جەستەدا دەتەقیەوە!!

3

(جیهـان وێنــەی گـۆڕێکی تــەنیایی نــەدیوە جێگــەی ناشــتنی کـۆترێکی تێـدا نییـە) شـێتەڵە بـەو قسـەیەوە ڕوی وەرگێـڕا بـە قوڵایی شەپۆلەکانی گەردوندا چاوی گێڕا ئاسمان لەبەر چاوی بچوك دەبوەوە زەویش دەکشاو ئەستێرەیش دەکەوتنە خوارەوە لـە ژێـر هێـزی گزنگـەوە تـەمێکی دەبینیـەوە وێنـەی گـۆڕێکی تــەنیایی چــاپ دەکــرد بــەو وێنەیــەوە لــە نــاو گۆڕەکەیــەوە خولایەوەو هەمو دەنگو ئاوازو شێوازو ڕەنگێك ڕەمزی مـەرگیان لەلای دەکێشـا سـاتێك بەو جۆرە لـەو وێنـە تێکەڵاوانـەی ڕوانـی تــۆڕی گومــانو کلاّفــە دەزوی ئاڵۆزکــاوی نهــێنی بــون پــتر دەیپێچایەوە بەو شڵەژاویەوە بە چوار دەوری خۆیـدا سوڕایەوە لـەناو گۆڕەکەیـەوە سـەری بـەرز کـردەوەو هێـزی دایـە بـەر خـۆی

ساتێك بە باڵا كورتەكەیەوە لە قوڵایی جیهانی ڕوانی ویستی زمان بجوڵـێنێت وشەی قوتدایەوە وێنەی كاڵبونەوەی جیهان ڕۆشنایی گرتبو دەنگێك لە گوێیدا دەزرنگایەوە وەكو لە ئاسمانەوە بە گوێیدا بدەن بەو جۆرە بە تیژی دەهات لە پڕێكیشدا بو بە دوانو سیانو چوار ئەوە توشی ئاڵۆزی كرد بە وێنەیەكی كۆتاییەوە رستەیەك هاتە گوێیەوە: (پێدەچێت لە كەلاوەی ئەم گوندەوە جیهان كاول بكرێت تەواوی نیشانەی ئەو ڕاستییە دەردەخەن ئێرە بوە بە گرێی مێژو) بەو قسەیەوە هیلاكی جەستەی گرتەوە ڕەگی گومانو دو دڵی بە جۆرێك گرتبویانەوە هیچ تروسكەیەكی نەدەدیەوە ناچار بەو بیرەوە لە گۆڕەكەی هاتە دەرەوەو بە گۆڕستانەكەدا كەوتە خولانەوە یەك یەك مردوەكانی دەدواند تەنها گۆڕێك وەڵامی لێبەرز نەبوەوە ئەویش بە دوای گۆڕی كوڕەكانیدا دەگەڕا هیچ كامیانی نەدیەوە بەو ژانەوە مێشكی كەوتە سەر شەپۆلێكی ترسناك كە چەندین ساڵ بو گرتبویەوە لەو ساتەی بە بروسكەی مەرگی تەرمو گۆڕی ونی كوڕەكانیەوە گوندەكەی بەجێ هێشت توشی دەردێكی رۆحی بێ چارەسەر هات كاتێكیش پێی خستەوە ئەو خاكە بە نەدۆزینەوەی گۆڕەكانیانەوە ئەو ژانەی زیاتر بو بە ناچاری

هـەمو گۆڕەكـانی بـەوان دەزانـی بـەو مەرگەسـاتەوە گـۆڕێكی بـۆ خۆی هەڵكەند هەتا ببێتە رەمز بۆ هەمویان هەر ئەوەیش توشـی كرۆكێكی كرد بو لە ڕوانینیدا گۆڕی شوشەیی بۆ هەڵـكەند بـون وێنـەكانی تێكەڵــی شـەپۆلی (بـا ) كـرد بـو لـەو ساتەیشـدا لـە خۆڵەكەی دەڕوانی وێنەی هەمو مردوەكانی دەخستەوە بەرچاو تەرمــەكان لــەلای تێكــەڵاو دەبــون پرســیاری سەرســوڕهێنەر روانـینی دەگرتـەوە: (وەرن باسـی مـەرگ بكـەن بـا بـزانین چـێژی چییە ئەو نهێنیانەی ئێمە نایان زانین بیگێڕنەوە هەتا بۆ ساتێك لـەلامان بـژین وێنـەی ئێسـتای جیهـان ببیـنین بـا بـزانین مـەرگ خۆشـترە یـان ژیـان ) بـەو پرسـیارەوە قیژانـدی دەنگێـك هاتـە گوێیــەوە هــێمنی كـردەوە: (وەرن باجیهـان قلـپ بكەینـەوە ژێـر پیاڵەیەك شیری بۆ ژیان تێدا نییە) ساتێك بەو جۆرە وەستا هیچ وەڵامێكی نەبیست ناچار كرۆكی بیرە پەرش بوەكانی گرژ كردو خۆی خواردەوە ئەوسا دادی جیهانی دەربڕی: (جیهـان وێنـەی تــەنیا گۆڕێكـە ئـەویش ڕەنگدانــەوەی جیهانــە) بــەو قســەیەوە بیرێكی ئاڵۆز گرتییەوە بەو شڵەژاوییەوە چاوی بڕییە ئاسمان لە ڕوانینییــەوە ئەســتێرەكان بەیەكـدا دەهــاتنو دەتەقینــەوە بــەو شەپۆلانەوە سەری دانەواند لە پڕ دەنگێك هاتە بەر گوێی پەرەی

سەند لەگەڵ وێنەی ئاڵۆزکاودا لەبەر چاوی شەپۆلیان دەدایەوە دەنگێکیش لە شاخەکەوە هات کتوپڕ ڕاچەنی نیگای لە تەوژمی گۆڕستانو دێیەکە تۆراندو کەوتە ڕوانینی شارەکە فەزاکەی لەبەر چاوی ببوە ڕەنگی شیر پەنجەو وێنەی گۆڕێکی دەدایەوە بە دەنگی (با) و دوکەڵی ڕەشیو خۆرە تاویشەوە دەروازەکەی کلیل دەبو لەگەڵ گومانەکانیدا مێژویەکیان دەنوسییەوەو زامێکی بێ چارەسەریان لە دڵیدا سازاند بو هەمیشە دەیویست جەستەی لەو فەزا بچوك کراوەدا لە تەنیا گۆڕێکدا چاپ ببێت ئەو یاریە بە نیگاکانیەوە نیشانە دەبون ئەستێرەکان دەگەڕاو ڕۆحە تەریوەکانی زەوی دەبرد بۆ فەزای ئاسمان لەو ڕوانینەوە شارەکە دەبو بە کفنێکو دەپێچرایەوە بە گێژەڵوکەی خەیاڵیەوە هەمو ڕۆژێك جەنگی لەگەڵ شارو جیهاندا دەکرد ئەو شاڵاوە تۆقێنەرانە لەدوای کردەی کارەبای پزیشکەکەوە دروست بو کاتێك دواجار هاتەوە سەرخۆی چاك بوەوە ئیتر بێدەنگی گرتییەوە لەگەڵ وێنەو خەیاڵدا دەدوا هەمیشە حەزی بە تەنیایی بو بەو هۆیەیشەوە هەر بە شێتەڵە ناو دەبراو ناوی مامۆستا شابازی لەسەر سڕایەوە لەبری گۆڕی کوڕو کچو ژنەکەی ئەو گۆڕەی کردە ڕەمزی سەربازی ون بۆ ئەوەی

هەمویان لە باوەش بگرێتەوە کە ببونە برینێکی سەخت لە دڵو مێشکیدا نەیزانی تاقە تەرمێکیان چۆن نێژراوە تەنانەت تەرمی کچەکەیشی ببوە پرسیاری زۆر کەسێك نەیزانی چی لێهات شارای ژنیشی لەگەڵ هاوگوندییەکانی دا ریز کران دەستڕێژ جەستەی دابێژان هەمویان خستنە ناو ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازییەوەو بۆ گۆڕە شاری بە کۆمەڵی بران لەو ساتەشدا گەردون لەلای شێواو تۆوی نهێنییەکی نەزانراو لە گۆڕەوە چەکەرەی دەکردەوە نیگا بچوکو تیژ لە پڕێکدا دەکوژایەوە دادەگیرسایەوە گێژەڵوکەی شارەکە بە کفنەوە مۆمیای دەکردەوە بەو بیرو خەیاڵەوە لێی ڕوانی: (هاوار وەرە پشو بدەو نهێنی مەرگت باس بکە تۆ داوێك بویت گەرداوی جیهانت بە دوای خۆتدا هێنا) بەو قسەیەوە چاوی لە قولایی گۆڕستانی ڕوانین بڕی وێنەکان لەبەر چاوی دەتوانەوە گەورە دەبون لە شوشەیەکی زێڕ نەخشدا دەردەکەوتنەوە ئەو وێنەیەیش لە خۆڵەکەوە گۆڕێکی شوشەییان پێکدەهێناو دەبون بە وێنەیەکی ئەفسانەیی ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە پەتی جەستەی هاوار بە شەقامەکانی شارەوە ڕەنگ دەبو وەکو ئەو ساتەی لە ڕۆشناییدا یاری دەکردو بەدوای ئۆتۆمۆبیلەکەوە لەبەر چاوی هەڵدەفڕی

لەو ساتەشدا دەیدیەوەو زیندو دەبوەوە بە خەیاڵ هێنایە بەر چاویو کفنەکەی لەسەر لابرد ئێسقانەکانی دیەوە وەکو ئەو ساتەی ئۆتۆمۆبیلەکە جادەکانی پێ مۆر دەکرد بەو وێنەیەوە قیژاندیو گۆڕەکانی لەرزاند پاشان هێور بوەوە چاوی بڕییە ئاسمان لە گۆڕە شوشەییەکەوە بە زیندویی هاواری دیەوە قژە خورماییەکەی سمێڵە زەردەکەی دەمو چاوە گەشەکەی بالاَ مام ناوەنجییەکەی پەنجە وردیلەکانی نیشانەکانی سەر کوڵمی بۆینباخە سورەکەی ئەو وێنەیە خۆشی خستە سەر لێویو باوەشی بۆ گرتەوە ماچی کردو دەستی گوشی ئەوسا بۆینباخەکەی بۆ هەڵدایەوە بەو وێنەیەوە مێشکو بیرو زمانو هۆشو هەستی داخرا ڕۆمانی (با) بە شەپۆلی وینەکانەوە ڕستە هێرۆگرۆفییەکانی بلأوکردەوە: {بۆینباخی سور ببوە ڕەمزی هاوار هەمیشە بەوە دەناسرایەوە ئەوەیش ئاکارێکی بو هەر لە منداڵیەوە ببوە خولیای زۆر جار شەوانیش پێوەی دەخەوت لەبەر ئەویش پرسیارێکی زۆری نابوەوە ببوە مایەی سەرنجی خەڵکی ئەویش ئەو نهێنییەی نەدەدرکاند تەنها جارێك ئەو ڕازەی بۆ سۆما دەرخست کاتێك دەستی گوشیو قژی بۆ هەڵدایەوە: (هاوار ئەگەر منت خۆش دەوێت پێم بڵێ بزانم

بۆچـی جگـە لـە بۆینبـاخی سـور هیچـی تـر نابەسـتیت ) هـاوار تـەواو خرۆشا هەستی کرد چەقۆیەك لەسەر دڵـی دەدات بـەڵام سۆما عاشقانە هەمو ڕێگەیەکی لێگرت ئەویش ئەو نهێنییەی بە پچڕ پچڕی پێگوت: (ڕەنگی سور جوانترین ڕەنگە لـەلام یەکـەم جار لە شۆڕشـی فەڕەنساوە چەسپا ڕەنگی مانەوەیـەو ڕەمزی ئـارەزوە هێمـای شۆڕشــو خەباتــەو ئـاڵای کرێکارییــە ئــەوە خوێندنەوەی مێشکی شۆڕشگێڕێکی وەك منە(باشە جار جارە بیگـۆڕە ســەوزو شــینو مـۆر بـا ئەوەنــدە نەبیتــە پرســیاری خەڵکی(دەمەوێت ببێتـە پرسیار چونکە ئەگـەر مردیشم دەبێت ئەو بۆینباخە لە ملمدا بێت بۆ ئەوەی لـە مـەرگ نەترسم ڕەمزی شـەهیدێکی نیشـتیمان پـەروەر هەڵــبگرم) ئـەو پەیمانـەی بـردە سەر لەو ساتانەی دەچو بۆ کاری نهێنی هەمیشە بۆینباخەکەی دەبەست زۆر جار دەچو یەکێکی تـازەی دەهێنـا هـەتا وەکو لالـە ڕەنگ بداتەوە دوا جاریش بەو جۆرە بو بۆینبـاخێکی ئەمـەریکی پانی بەست چەند گوڵـێکی لەسەر نەخشا بو لەبەر ئاوێنەکەدا تونـد بەسـتی پاشـان تەلەفونەکـەی هەڵــگرت زەنگێکـی لێـدا دانیشـتەوەو لـە خـۆی ڕوانیـەوە: (کـەس نامناسـێتەوە هـەرگیز هــاوار دو مانگــە لەبــەر چـاو نــەماوە ئێسـتا قەڵــەو بـوم) بـەو

قسەیەوە هاتە دەر سواری ئەو تاکسییە بو لەبەر دەرگا وەستا بو کاتێك دەرگاکەی داخست شۆفێرکە قاچی لە بەنزین توند کرد: (ئەتۆم چاوەڕوانە دەبێت زو بگەینە لای نیو کاژێری تر بەڕێوەبەری ئاسایش دێتە دەر) شار شڵەژا بو هاتوچۆ لەسەر شەقامەکانو ناو بازاڕ بەهێز بو ئۆتۆمۆبیل بە دوای یەکدا ڕیزەیان بەست بو دەنگی هۆڕینو هاوارو قیژە تێکەڵاو ببون منارەی مزگەوتەکان بە بانگی نیوەڕۆ دەلەرانەوە ئۆتۆمۆبیلەکەیش لەبەر دەرگایەك وەستا لاوێکی باڵا بەرز یەکسەر دەرگاکەی کردەوەو سوار بو: (تۆزێك خێرا بکەن هاوڕێیان چاوەڕوانن) ئۆتۆمۆبیلەکە بە خێرایی کەوتە ڕێ پاش ماوەیەك لە ژێر باڵەخانەیەکدا وەستا ئەوانیش دابەزین هەر یەکە لەلایەکەوە وەستان چەند لاوێك لەم لاولاوە لێیان ڕوانین هەمو یەکتریان ناسییەوە لاوێکیش بە جلی دڕاوەوە زەمیلەیەك مریشکی بە دەستەوە گرتبو بەدەم هاوارەوە بەرەو پێش دەچو لەو ساتەدا لەوانی ڕوانیو هاوارێکی کردەوە: (مریشکی خۆماڵی) پاش چەند چرکە هەمو نزیك بونەوە لە شۆستەکەو چاویان بڕیە ئەو دو ئۆتۆمۆبیلەی بەرەو ڕویان دەهات هاوار کتوپڕ چوە لای مریشك فرۆشەکە ئەویش زەمیلەکەی دانا

یەکسەر ئەڵقەی قومبەلەکەی دەرهێناو هەڵیدایە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە ئەوسا ویزییەکەی دەرکردو روی تێکرد لەگەڵ دەستڕێژەکەی ئەمدا چەند قومبەلەیەکی تریش هەڵدرانە ناو هەردو ئۆتۆمۆبیلەکەوەو بە دەستڕێژ دایان بێژان ئەوسا دەستڕێژ بەرەو ڕویان هات هاوارو ئەتۆم بەیەکەوە پێکران بەسەر زەویەکەدا کەوتن دەستڕێژیش ناو خەڵکەکەی گرتەوە فڕکە فڕکو ڕاکردن دروست بو هەر جەستە بو دەکەوت بە گوللە دادەبێژراو نەدەناسرایەوە تەنیا جەستەکەی هاوار بە بۆینباخی سورەوە وەکو گزنگ بەسەر تارای سورباوی خۆرەکەدا دەتەقیەوەو بەو ڕەمزەوە دەناسرایەوە هەر ئەویشان هەڵبژارد بە شەقامەکاندا رایبکێشن ئەوانی تر بۆ گۆڕی بە کۆمەڵی بران} لەو ساتەشدا لەو گۆڕە شوشەییەوە بۆینباخەکەی دەدیەوە بە وردی لێی ڕوانی وەکو ئەو ساتەی یەکەم جار هاتە بەر دەرگاکەیان بۆینباخەکەی سەرنجی ڕاکێشا: (سۆما ئەو کوڕە کێیە ) سۆما لەو پرسیارە شڵەژا نەیوێرا وەڵامی بداتەوە شارا دەرگاکەی لە سۆما داخستو بە هێمنی تێیگەیاند: (ئەوە هاوارە هاوڕێی سۆمایەو لە زانکۆ پێکەوەن هیواو شۆڕشیش دەیناسن کوڕێکی تاقانەیەو ڕەوشت بەرزە) ئەو قسەیە گومانێکی بۆ

دروست کردو خستییە بیرێکی قوڵەوە کاتێکیش ئێوارە داهات هەر ماخۆلان گرتبویەوە چەند جارێك لە شارای دوپات کردەوە: (سۆما بۆچی نەهاتەوە دەترسم ئەمڕۆ قوتابیانی زانکۆیش مانیان گرتوە ئەم کوڕە دو مەترسیم لێی هەیە زۆر دەترسم سۆما منداڵە) لەو ساتەدا تاکسییەك لەبەر دەرگاکە وەستا هاوار و سۆما هاتنە ژورەوە سۆما دەستی بە پەڕۆیەکی سپی بەسترا بو ئەوانیش گریان گرتنیەوەو هاواریش پەنجەی بە لێویەوە گرت: (بێدەنگ بن هیچ نیەو گوللەیەك دەستی گرتوە برینەکەی سوکە دکتۆری خۆمان دوریوێتییەوە پێویستی بە هیچ نییە) ئەوەی گوت سەیری سۆمای کرد: (سۆما من دەڕۆم دەزانیت کاری ترم هەیە) سۆما بەدەم ژانەوە چاوی هەڵهێنا ئەویش بۆینباخەکەی هەڵدایەوەو لە دەرگاکە چوە دەر لەگەڵ زرمەی دەرگاکەدا سۆما دڵی داخورپا باوکیشی دەستی بە یەکدا دا: (ئەم کوڕە ناناسم دەترسم توشی کارەساتێکت بکات) سۆما چاوەکانی نوقاند وێنەی هاواری هاتەوە بەرچاو وەك ئەو ساتەی کتوپڕ دەمانچەکەی هەڵکێشاو گوللەیەکی بە سنگی سەربازەکەوە ناو ئەوی کوڵ کرد چەند دەستڕێژو فیشەك بە لایدا هات فڕێی نەدا هەتا گەیاندییە کۆڵانەکە بەو وێنەیەوە

لێوی جولأندەوە: (باوکە ئەو نەبوایە من ئێستا گیرا بوم ڕەنگ بو بشمکوژن) لەو ساتەدا شارا هات کۆتایی بەو گومانە هێنا: (ئەم هەمو پرسیارەت لە چییە تۆ سۆما بە منداڵ دەزانیت ئەو هاوڕێی کەسێکە لەم شارەدا وێنەی نییە ئەوە بۆینباخ سورە کەسێکی مەردو بە هەڵوێستە خیانەت لە بیروباوەڕی خۆی ناکات) ئەو قسەیە بێدەنگی کرد تەنیا بیری لەهەڵوێستو بۆینباخ کردەوە چەند جارێك لەبەر خۆیەوە گوتیەوە لەو ساتەیشدا لە گۆڕی خەیاڵیەوە بۆینباخەکەی دییەوە لەرزیو هەناسەیەکی هەڵکێشا بە قولأیی وێنەکانی ژیانیدا ڕۆچو کە ڕەگی گومانێکی قوڵ بون سەرتاپای ژیانیان گرتبوەوە سالأنێکی زۆر بەو ژەهرانەوە شەپۆلی شاری دەخوێندەوە بە گەلأی ئەو گومانانەوە چرکەی زەمەنی خوێنی دەنەخشاند لەو ساتەشدا لەگەڵ بەرگی زەویدا بەشەڕ دەهات دەیویست تاریکی بکێشێت هەتا جارێکی تر خۆر هەڵنەیەتەوەو زەمەنێك لە پشتی ئەو ڕوداوەدا دروست ببێت بەو بیرەوە موچڕکەیەك گرتییەوە ڕوی لە شارەکە وەرگێڕا لە دڵەوە گومانی گەردونی تێك دەداو دروستیان دەکردەوە بەو خەیاڵەوە مۆمیای ڕوانینێکی هەتایی ببو!!

*　*　*

بێدەنگی گوندەکەی گرتبو جریوەی باڵندەیش کپ ببو حەپەی سەگەلیش لە هالاوی دەمیانەوە خنکا بو لاڕێو بنارو پێدەشتو لاپاڵ ڕارەویان لەسەر نەبو هەناسەی خەڵکی لە تول بەندو لولە زۆپاکانــەوە بــۆ ئاسمــان دەکشــا تــەنها شــتێك لــەو گونــدەدا تەونەکــەی میمکــە بــو چــرکەی دەهــات لەگــەڵ هــەنگاوەکانی شێتەڵەدا جوت دەبون کە بە ئاڵوزی گومانـەوە بە پڕتـاو بۆ نـاو دێ دەهاتــەوە لــەپڕ هەڵوێســتەیەکی کــرد ســاتێك بــە قوڵــی لێــی ڕوانی بەدەم پەنجەکانی میمکەوە وێنەکان لەلای تێکەلاو دەبون تۆڕی گومانیش پتر دەیگرتەوە هەستی دەکرد ڕوبەری فەزای بـون مـین ڕێـژ کـراوەو ڕۆحـو جەسـتە دەتوێنێتـەوە گومـانی ئـەو کارەساتە ڕوانینی پۆشی بو کاتێك گەیشتەوە ناو دێ ساتێك لە ماڵەکانی ڕوانی ئەوەندەی تر ڕەگو ڕیشاڵی ڕیشەکێش دەبو بەو دو دڵییــەوە بــە خێرایــی چــوە نــاو ژورەکەیــەوە کەوتــە هەڵــبەزو دابـەزو قیـژەو هـاوار ناچـار کەوتـە جـەنگی خەیاڵـی لەگـەڵ تاڵـە دەزوی ژانو گومانو ڕاڕایدا دەجەنگا پاش ئەوەی ماوەیەك ئەو جەنگەی کرد بە تەواوی شەکەت بو عارەق سەر جەستەی نیشت بـو بـە هیلاکیـەوە ڕاکشـا لـە سـاتێکدا لـەناو تـۆڕی جەنجاڵــیدا

چاوی چوە خەو منداڵان بە فڕکە فڕك ناو دێیان وروژاند خەڵکی بۆ ماڵی حەمە سور هەڵدەگەڕان میمکەش چەپکە ڕێحانەکەی بە دەستەوە گرت لەسەر تەونەکە خۆی تەکاند بەپەلە کەوتە ڕێگا بەدەم هەنگاونانییەوە شیوەنی دەکرد: (پێدەچێت ئەم ولاّتە ئاو بیبات ئیتر چراو عالەم هەمو پێکەوە گیان دەدەن چرا تاقە کیژەکەی گوندی بە مەرگی ناوادەی کفنی بۆ ئێمەیش بڕی) چرا چاوی بڕیبوە بنمیچەکە لە ژێر لێوەوە ورتەی دەهات میمکە چەپکە ڕێحانەکەی خستە ژور سەریەوە ماچێکی کرد ئەوسا سەری بۆ شێلا دەستە سڕی بەناو چاوانیدا هێنا ساتێك دەستی خستە سەر دڵی پاشان لە نیگای وردبوەوە ئەوسا بە نائومێدیەوە هاتە دەر لە دوای خۆیەوە گومانێکی بلاّو کردەوە هەموی خستنە سەر لەرزو باوکی تۆڕی مەرگ پێچایەوە هیچ ئومێدێکی نەما دەستی بۆ حەوا بەرز کردەوە لەو ساتەدا دو مەڕی قەڵەو هاتنە ناو گوندەکەوە لە خۆڵەکەدا کەوتن کتوپڕ توانەوەو وەك قیر ڕەش داگەڕانو بچوك بونەوە خەڵکی هۆمەریان بانگ کرد هەتا سەریان ببڕێت منداڵان لە خۆشیان هەڵدەبەزینەوە خەڵکەکەیش بەو تامەوە چاویان لە مەرگ تۆراند هۆمەریش بە کتوپڕیەك سەری بڕین حەمەلاو کەوڵی

کردن پاشان بە جوتە لەتوپەتیان کردنو گۆشتیان دابەش کرد منداڵان ماڵ بە ماڵ دەگەڕان تەقەیان لە دەرگاکانیان دەدا دوای ئەوە ئاگر ماڵەکانی گرتەوە بۆنی گۆشتو دوکەڵ دێیەکەی پڕ کردو شەڕە پشیلەیش تێکەڵاوی قروسکەی سەگەل دەبو تەنها ماڵێك ئاگری تیا نەکرا بوەوە ژورەکەی شێتەڵە بو ئەویش ڕاپەڕیو چیلکەو چەوێڵی کۆکردەوەو گڕی بەرز کردەوە ئەوسا دو شیشی لە دار داتاشیو گۆشتەکەی برژاند لەگەڵ زنجیرەی زەمەندا پاروەکانی دەجوی لەگەڵ دوا تیکەشدا وێنەی گۆڕی خەیاڵی گرتیانەوە گێژەڵۆکەیەك لە ڕوانینیدا هەڵی دەکرد زەوی دەپێچایەوە بەو هێزەوە وشك بو ساتێك بە بێدەنگی لە ئاسمانی ڕوانی پۆلێك ڕیشۆڵە بە ئاسماندا کشان ساتێك بێپشو لێی ڕوانین سێبەریان بەسەر دێیەکەدا دەهات کاتێك دور کەوتنەوە(با) یەکی بەهێز ڕوانینی گرتەوە لە جێگەی خۆیەوە قریشکاندیو بە پڕتاو بۆ گۆڕستانەکە کشا لەسەر قسنەکە قاچی ڕاستو چەپ کرد جەنگی خەیاڵی لەگەڵ شەپۆلی(با) یا دەکرد وەکو هەیکەلی ئەفسانەیی دیاریدەدا ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە سات بە سات پتر بیرو هۆشی دەئاڵۆزکا هۆشی بە ژیان نەدەماو هەزاران وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ هێرشیان بۆ دەهێنا پڕ بە

گۆڕستانەکە قیژاندی ئەوسا کەمێك هاتەوە سەر خۆی ڕەنگو دەنگ لە مێشکیدا جیادەبونەوەو تێکەڵاو دەبونەوە خۆڕسك لە گۆڕەکەدا مێشکی دەزرگایەوە بەو هێزەوە بە لاپاڵەکەدا سەرکەوت چەندە خۆی بە دارو بەردو تاوێردا کێشا چاری نەبو ناچار گەڕایەوە ناو دۆزەخی ژورەکەی پاش ئەوەی بە پەلە نانو چای ئێوارەی خوارد ئەوسا بەرماڵەکەی ڕاخست هەمو شتێکی لە بیر خۆی بردەوە لەگەڵ ئەوەیشدا سات بە سات دروست دەبونەوە دەیان وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ دەهاتنە ناو نیگایەوە تاریکی باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشا بو کزەیەکی بەهێزیش دەکشاو لورەی گورگو چەقەڵ لە شاخو کێوەوە دەهات سەگەلی ئاواییش قروسکەیان دەکرد چەند ئاوازێکی ترسناك بە تێکەڵی بەرزدەبوەوە دەنگی مرۆڤو سروشتو(با) و جریوەی باڵندە هەمو بە یەکەوە دەنگێکیان پێکدەهێناو پەرش دەبونەوە ئەو دەنگانە لەگەڵ دەنگی نەبین بە تێکەڵی گوێچکەیان دەگرت سەدان وێنەی ڕەنگاو ڕەنگیش لە گۆڕستانەکەوە ڕۆشناییان دەپۆشییەوە لەگەڵ ئەوانەیشدا دەیویست بە کەڤ ڕۆحی مردوەکان بدوێنێت شێخە تاقانە بهێنێتە قسە ماوەیەك بو بە تۆڕی گومانەوە بیرو هۆشو هەستو ڕوانینی پەیوەستەی

گۆڕەکـان کـرد بـو مردوەکـانی دەخسـتەوە بەرچـاوی لـە گـۆڕ دەیهێنانە دەرەوەو کفنیانی فڕێ دەدایە ناو دەریـای ڕوانینـەوە بـەو جـۆرەیش کـۆلارەی خـەیاڵی خسـتە فـەزای گۆڕسـتانەکەوە چـەندە هەوڵـیدا مردویـەك قسـەی لـە گەڵـدا نـەکرد سـات بـە سـاتیش دەنگـی نـەبین گوێچـکەی دەگرتـەوە سـەدەها وێنـەیش لەبەر چاوی زیندو دەبونەوە لە پڕ مردویەکی بە خـەیاڵ ڕاکێشـا بـە کۆلارەکـەی هێنایـە بـەردەمیو ورد لێـی ڕوانـی خوێنـاو بـە کفنیـەوە ڕەنـگ ببـو هـەر وەکـو تـازە نێـژرا بێـت لـە ڕەنگـو ڕوی وردبـوەوە دڵـۆپێك فرمێسـك بـە پێڵـویدا خـزا: (شـێرکۆ دەزانم شارات بە بریندارى کۆڵ کرد بۆیە بە دیل گیرایت هۆمەر سوارى ولاخۆلەکـەی نـەکردو کەسـێکیش نەگەڕایـەوە سـەرى تـۆ نـەبێت پێدەچـێت لەگـەڵ دوا هەناسـەیدا قسـەیەکی کردبێـت ئـەوەیش تەنیا لە ڕوانینی تۆدا ماوە وەرە لەگەڵـماندا بژی باسـی مـەرگ بگێـڕەرەوە ) بـەو قسـەیەوە زنجـیرەی فرمێسـکەکانی ڕیـز بـون چاوەکانی وەکو تیشکی ناو زەریای لێهات وێنەکەیش گـەورەتر دەبـو: (ئـەو سـاتە زانیمـان گوللـە بـاران کـران منـو شـاخەوانی باوکت لە ئەشکەوتەکەوە ببوینـە سۆپەرمانی مـەرگ چەند جار جیهانمـان کـاولکرد ئـەو سـوپایەمان لـە ڕوانینمانـدا تـەفرو تونـا

کرد چار نەبو ئێوە هەر گوللە باران کران) ئەو وشانەی لە قوڕگیدا خنکاند لەگەڵ قوڵپێکی بەهێزدا پەتی کۆلارەکەی پچڕاو لەناو شەپۆلی گێژاوی یادەکانیدا مات بو ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا لە ڕوانینی قسنەکەوە ڕوی کردە ئاسمان دوا هیوای خۆی دەرخست: (شێخە تاقانە من لە گوندێکی ئابلۆقە دراودام پابەندی ئەو جەستانەم لێرەدا بون بە خۆڵ جگە لەوە هیچ ناسنامەیەکم لەم خاکەدا نیە خەڵکی شارستانیەتی مەرگم ئیتر حەزم بە مەرگێکە کێلو خۆڵو بەرد ببنە هاوسەرو براو منداڵم) بەو قسەیەوە لە ماڵەکانی ڕوانی سات بە سات ڕوانینی ئاڵۆزتر دەبو گومانێك گرتبویەوە هۆشی بە خۆی نەما بو بروسکەی کارەساتەکان لە مێشکی دەدایەوە لە پەناگای گوندەکەوە بەسەر فەزای شارو جیهاندا پەرش دەبونەوەو بۆ چرکەیەکیش نەیتوانی وێنەیەکی شار ببینێت بەو هۆیەیش چاوی لە شەپۆلی گڵۆپەکانی تۆراند بە فەزای دێیەکەوە پەیوەستە بو بەو زەویە تاریکەی هەمیشە لەبەر چاویدا سور دەبووەوە دەبو بە دۆژە سارای مەرگو پەیوەستەی گڕکانی دەرونی ببو هەر ئەوانەیش بەو خاکەوە گیرساندیانەوە نەیتوانی بۆ تەنها ساتێکیش لە هیچ پەناگایەکی تردا دابنیشێت لەو

ساتەیشدا ئەو تاڵە دەزوانە لە مێشکیدا ڕاست بونەوە ڕوانینی هەڵدەفڕی ڕەگی شێتی دەیگرتەوە هۆشی بەلای خۆیدا نەما بو وێنەکان بە جۆرێك دەهاتنە بەرچاوی جەستەیان دادەپۆشی لەوەدا بو بە یەکجاری جەستەی ئەنجن ئەنجن بکەن بەو شالأوەوە لە جێگەی خۆیەوە ڕاستبوەوە بە قیژەوە کەوتە شەڕی خەیاڵی وێنەکان سات بە سات گەورەتر دەبون پەرەیان دەسەندو هەمو قوژبنێکی ژیانیان لێدەگرت ئەوسا بە دەستو قاچ کەوتە پەلو پۆ ڕادەوەشاند قریشکەیشی لە ژورەکەیەوە بەهێز دەنگی دەدایەوە وەك توشی سەرە مەرگ بوبێت بەو جۆرە شێوا ئەو ئاڵۆزییەیش بەر لە کارەبای نەخۆشخانەکەیش گرتیەوە رۆمانی(با) وێنەیەکی بلأو کردەوە بە فەزاوە ببوە تابلۆیەکی هەمیشەیی لەبەر هەتاوو هەورو بارانو کرێوەوە وەك خۆی نیشانەی گەردەلولی شارەکەی دەکێشا: (شەپۆلی(با) لە ڕوانینی شێتەڵەوە ببونە ملیۆنان وێنەو بەجارێك فەزایان پڕ کردبوەوە هەمو شالأویان بۆ دەهێناو ڕزگار بونی نەبو دەستو قاچی رادەوەشاند قیژەی دەکردو لەسەر شۆستەو کۆلأنو ژورو ماڵدا بەو جۆرە جەنگی جەستەیی دەکردو لە شارەکەیشدا ناوی شێتەڵەی بەسەردا دابڕا بو ئەو وێنانەیەش هەمویان

شالاًویان بۆ دەهێنا بە کۆلارەی خەیاڵی شەڕی لەگەڵدا دەکردن تاڵە دەزوەکان دەپچڕان تێکدەئالاًن پزیشکەکە هەوڵێکی زۆری لە گەڵیدا چاری نەبو ناچار مێشکی لە کارەبادا بەوە کەمێك گۆڕاو ئەویش بیری لە نەخشەیەکی تر کردەوە بۆ جاری دوەمیش کارەبای بۆ هەڵبژارد کاتێك هەردو وایەرەکەی بە لەزگە لەملاولای سەری بەست داچڵەکی وایدەزانی پۆلێك کۆتری باڵ نەخشین دەبینێت ئەویش سەری سوڕما بو بەر لەوەیش پەنجە بە پلاکەکەدا بنێت هەر ڕوانینی هەتەر دەدا تۆڕێك گرتبویەوە لە پەلو پۆو هاوارەوە کەوتە ڕوانینی شەپۆلی بیرەوەری ترسناك ئەو تەزوە وێنەیەکی لەبەر چاویدا زیندو دەکردەوە وەك ئەو ساتەی تەرمەکەی سۆمای لە ڕاڕاوەکەدا بینی دەستو قاچی درێژ ببون ملی بە سەرپۆشەکەیەوە پێچرا بو هەردو مەمکی بەسەر سنگی دەرپەڕیویدا بەرز ببونەوە بەو وێنەیەوە قیژاندی کتوپڕ دەستو قاچیان گرت ئەویش وەك خۆی مایەوە سکێکی ژەم بوردەی بە فەزاوە دەدیەوە لەو ساتەیشدا پزیشکەکە پەنجەی بە پلاکەکەدا نا لە قیژە کەوتو بێدەنگ بو جەستەی سڕ بو لەناو وێنەی سوتاودا مات بو) بەو شەپۆلەی رۆمانی(با) وە گێژاوێکی ترسناك گرتییەوە ئەو

وێنانــە دروســت دەبونــەوەو ون دەبــون وەك ئــەو جــارە شــێتی گرتبویەوە لەو کاتەوە ڕوداوی وا ترسناکی نەدی بو بەو جۆرە بیباتــەوە بــۆ بــاری شــێتێتی لــەو ساتەیشــدا هــەمان چەشــنی لێبەسەر هات هەرچی کرد ڕزگاری نەبو شەوێکی تر تۆڕێکی لەو جۆرە گرتیەوە پاش ئەوەی ئەو قاپە ترخێنەیەی هەڵـقوڕاند کە لـە ماڵانـەوە بۆی هـات بـو دوای ئـەوە ئـارامی لێبڕاو لـە ماڵ دەرچـو یەکڕاسـت خـۆی بـە گۆڕسـتانەکەدا کـرد چـەندە گریـاو پاڕایەوە چاری نەبو ناچار لـە خۆڵەکەدا تلایـەوە ئەوسا نوێـژی کرد پاشان کەوتەوە گریان لە ناکاو دەنگێك هاتە بەرگوێی سات بە سات پـەرەی دەسـەندو گـەورە دەبو وەك دەنگێکی گـەردونی گــوێچکەی دەگـرت وایـدەزانی(بـا) ی نەفخـە چـەند سـاتێکی تـر جیهــان کــاول دەبێــت زەوی هەڵــدەگەڕێتەوە ئــەوە کتــوپڕ لــەو شــپرزەییە ڕزگــاری کــرد بــە چــاوەڕوانی کۆتــایی بونــەوە بــۆ ژورەکـەی گەڕایـەوە لـەو ساتەشـدا ئـەو تـۆڕە ئاڵـۆزتر دەبـو هـیچ هیوایەکیان بۆ نەهێشـتبوەوە توانـای تـەنیا پشـویەکی نـەبو لـەو وێنــە ئاڵــۆزکاویەوە هــەر گڕکــانی دەگــرت ماوەیــەك بــەو جــۆرە ماخۆلان گرتیـەوە بەهـەمو هێـزی سـەری بـە دیوارەکـەدا کێشـاو گێــژ بـو لــە جێگــەی خۆیــدا تلیســایەوە کاتــژمێرێك بــەو جــۆرە

مایـەوەو ژانـو ئـازار هـەمو ئەنـدامی گرتبـوەوە خـۆی وەرسـوڕاند ئێسـقانی پشـتی تـەقین دەنگێکـی بـەهێزیش گوێچکەی گرتـەوە بـەو هێـزەوە هەسـتا بەرماڵەکـەی ڕاخسـتو نوێـژی کـرد ئەوسـا هاتـەوە لای پەنجەرەکـە پشـویەکی داو چـاوی لـە ماڵـەکان بـڕی تـەنها چـرایەك سـەوز دەسـوتا ورد لێـی ڕوانـی بزەیـەکی گـەش کەوتە سەر لێوی هەستی کرد مەحسومە منداڵی بوە بەو بیرەوە سـەرینەکەی ڕاکێشـا لـە جێـی خـۆیـدا ڕاکشـا لـە سـاتێکدا لـەناو تـۆڕی گومـانو بـیر کردنـەوەو ڕاڕاییـدا خـەوی لێکـەوت بـەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا لە دەرگایانداو چەند جار بەهێز کوتایانـەوە ئەوسا ڕاچەنی لە کاتێکدا چاوی هەڵگـلـۆفت بە پەلـە هەسـتاو دەرگاکـەی کـردەوە لـە ڕوانـینی بـەر دەرگـاو دیمـەنی دێیەکـە هەراسان ببو بەو شڵـەژاوییەوە بیرە پەرشـەکانی سـەروبن کـرد: (حەسـەن دەڵـێی گوندەکـە کـاول دەبێـت) حەسـەن شڵــەژا بـو لـە کردنــەوەی دەرگــاو ئاڵــۆزی ئەویشـدا توشـی دڵـە لـەرزە هـات سـاتێك خـۆی خـواردەوە ئەوسـا چـەند وشـەیەکی دەرپەڕانـد: (ماڵـی حەمەلاو بار دەکەن بۆ شار) ئەو قسـەیە دڵـی خسـتە سـەر خورپە بە پەلە پێڵاوەکانی لە پێکرد لەگەڵ حەسەن کەوتنە ڕێگا گوندەکـەیش شڵــەژانێکی گـەورەی تێکـەوتبو بانیـژەی مـاڵی

حەمـەلاو ئـاپورە درا بـو ژنـان دەگریـانو منـدالأن هەڵـدەبەزینەوە پیـاوانیش باریـان بـار دەكـرد كاتێـك شـێتەڵە گەیشـتە لایـان نەخشەو زێبایان لەسەر باری دو ولأخۆلەوە سوار كردو كەوتنـە ڕێ ئەویش دەستی بۆ بەرز كردنەوەو گریاو نـەیتوانی وشـەیەك بڵـێت ئـەوانیش كەوتنـە سـەر ڕێـی شـار هـەمو بـە گریانـەوە لـە یەكتریان دەڕوانیەوە كاتێكیش گەیشتنە نەدیوی هەر گریان لەو كاتـەدا دەنگـی دەسـتڕێژێك هـات كۆمـەڵێك چـەكدار بـە بینینیـان توشــی هســتریا بــون بــەو بــالأ كورتــەو قڵشــو قوپــانی دەمــو چاویانەوە كتوپڕ میلیان لێهێنانـەوە: (ئێـوە مرۆلـەن یـا هـەوێنی دەرد بگەڕێنەوە خێرا بۆ ئەو ئەستێرەیەی لێوەی هاتوون) بەو قسـەیەوە دەسـتڕێژیان بەسـەردا كـردن ئـەوانیش بـەدەم زیـڕەی مەرگەوە چونە سەر گردەكە هەتا ئەوان ڕۆیشتن پاشان گەڕانەوە بۆ ناو گوندەكە لەو كاتەیشدا گەنجێك گەیشتە ناویان لە دورەوە ناسییانەوە ئەو چەكدارە بو كە هاتبو بۆ نـان كۆكردنـەوە كاتێك گەیشــتە ناویــان بوخچــەی بێكەســی خــۆی كــردەوە: (كاتێـك چومەوە ناو هێزەكەم نانەكەیان پێ بەجێ هێشتمو نەیانهێشـت بچـمە ناویانـەوە خێزانەكەیشـم نەیانناسـیمەوەو دەریـان كـردم هیچ كەسێكیش ناهێڵێت لێی نزك ببمەوە تازە من بومەتە ئێوەو

ئێوەش منم هەتا مردن رۆڵەی ئێوەم) حەمەلاو باوەشی پیا کرد: (وەرە ببە بە کوڕی من) شێتەڵە دەستی گوشی: (تۆ ناوت شا مەرگە ئەو ناوە وەك کالاَت بە بالاَتا براوە) بەو دەرونەوە وردو درشت چونە ژورەوە هەمویان بە وێنەی خەیاڵیەوە دەلەرزین لەرزێك بە جوگرافیاوە دیاری دەدا لەناو شەپۆلەکانی بادا ڕەنگی دەدایەوە !!

4

مانگ لەسەر کەلەوە تیشکی دەگرتە خامۆشی گۆڕستانەکە هەوایەکی هێمن لە شاخو کێوەوە دەکشاو لقو چڵی دارەکانی بەیەکدا دەدا بێدەنگی زەوی خستبوە سەر پشو چراو فتیلەی گوند کوژابونەوە کێلە سپیەکان بە تروسکەی ئاسمانو شەوقی شارەوە دەدرەوشانەوەو نیگای شێتەڵەیان بە شەوارە دەخست لە کاتێکدا پاڵی بە کێلێکی قسنەکەوە دابو بروسکەی مەترسی دایدەگرت بە خەیاڵێکی قوڵەوە ڕۆشنایی هەتەر دەدا یاری لەگەڵ ڕۆحی وەریودا دەکرد دەنگی دو پشیلەیش لە ناو ماڵەکانەوە بەرزبوەوە قروسکەی سەگەلی ئاواییش بە دەنگەکانی ترەوە تێکەڵاو دەبون شێتەڵە بەو دەنگانەوە داچڵەکی خامۆشی گوندەکە کارەساتێکی لە مێشکیدا

دەنەخشاند بەو ڕوانینەوە سەری بەسەر کۆشیدا شۆڕ کردەوە دوا وێنە مێشکی گرتەوە: (نیشانەی دوا ڕۆژ دیارن جیهان هەمو شیرازەیەکی پچڕاوە دوا کەشتی بون بۆ هەسارەکانی تری گەردون دەڕوات) بەو قسەیەوە دەستی بەسەریەوە گرت ئەوسا لە قەراخی قسنەکەدا ڕکشاو پشوی ئەو هیلاکیەی دەدایەوە ئەو ڕۆژە بە ڕەگی گومانەوە چەشت بوی بەو ژانەوە لە ئەستێرەکان وردبوەوە نیگای بڕییە ئاسمانو ئەستێرەی ژمارد رستەیەك لە نادیارەوە هاتە گوێیەوە: (دوای(با) ی نەفخ ئاسمانو زەوی لول دەبن) بەو بیرەوە بە قوڵی چاوی بڕییە مانگ لە مەریخو زوحەلو موشتەری وردبوەوە پاشان کۆلارەیەکی خەیاڵی گرتە مانگو ڕایکێشا بەسەر زەویدا خستییە خوارەوە لەو ساتەدا داچڵەکیو قریشکەیەکی کرد لەرزێکی کتوپڕیش گرتیەوە ساتێك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا کۆلارەیەکی تری گرتە زوحەلو ڕایکێشایە بەردەمی بە خەیاڵ لە کونو قوژبنی دەڕوانی دەیویست نهێنیی ناوی بزانێت بەو هیوایەوە قولایی چاوی تێبڕی وێنەکان لە مێشکیدا قورس بون نیگایان دەگرتەوە: (پێویستە بە زمانی مەرگ قسەتان لە گەڵدا بکەم لەبەر ئەوەی نازانم ئەو کەسانەی لەم هەسارەیەدا دەژین چۆن دەدوێن وەرن چی تێدایە مرۆڤو

نابینا قسەم لە گەڵدا بکەن من نوێنەری جیهانێکی گلاوم دەمەوێت ڕازی یەکتری بدرکێنین) بەو قسەیەوە بێدەنگ بو ساتێك گوێی گرت وەلامێکی نەدرایەوە دەزوەکەیش لە دەستی پچڕا ئەوسا لە بۆشایی مانگ وردبوەوە جارێکی تر ئەستێرەی ژماردەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر هەتا دەمەو بەیانی بەو جۆرە بو مێشکی بە تەزوی فۆتۆنات پێچرابوەوە ئەو کاتەیش بە ناڵەی دڵ تەزێنەوە راستبوەوە بەو جەنجاڵییەوە بۆ گوندەکە هەنگاوی هەڵهێنایەوە ئەو شالاوە کرۆکی ئەو گومانو بیرە تێکچرژاوە بون لە گۆڕستانەکەدا بە هەمو ڕوبەری گەردونەوە بینی دەیویست بە کۆلارەی خەیاڵی پارچەیەکی تر بدۆزێتەوە چەندەی کرد ئەو فەزایەی نەدۆزیەوە ناچار بەرەو شار وەردەچەرخایەوە دواجار بەرەو روی گوندەکە روی وەرگێڕایەوە کە ڕوبەرێکی فیزیکی لە نەخشەی کارەساتەکان خستبوە مێشکییەوە بە کەلی ئاوا بونو کۆتایی دەزانی هەر لەو خاکەیشەوە هەستی بە(با) ی نەفخ دەکرد دەیویست بە کۆلارەکانی جەنگێکی جیهانی بکات ئەو زەوییە ئەفسانەیەکی گەورەی بۆ سازاند بو شیوو ڕوبەرو هەناسەو گژو گیاو باڵندەو گیانداری بە زمانی کۆتایی دەزانی هەمویان لەبەر چاوی ون

دەبونـو ئامـادە دەبونـەوە ڕۆژانـە چـەند جـار گوندەکـەی لەبـەر چاودا دەبو بە سەراب هەر لە پڕ دەردەکەوتەوەو پاش ساتێك هیچ شوێنەوارێکی نەدەمایەوە ئەو ئەفسانەیە دەمێك بو ببوە تۆڕی گومانی هەر لەو ساتەی یەکەم جار قاچی خستە ناوی لەرزیو مێشکی گوشی هەستی دەکرد کەوتۆتە جیهانێکەوە ئاوو هـەواو شـێوەو ڕەنگـی جیـاوازە کتـوپڕ تەزویـەکی ئـاگر هـەمو جەستەی گرتـەوەو وەك مـۆم توایـەوە لەگـەڵ شـارا لـە یـەکتریان دەڕوانیو پرسیاریان لە یەکتری دەکردەوە: (چیمان لێهات لەم خاکـەدا توایـنـەوە بـوین بـە مرۆلـە) بـەو شـڵەژاوییەوە لـە خەڵکەکـەیان دەپرسـییەوە کـەس وەڵامـی نەدەدانـەوە هـەمویان پەنجـەیان بـۆ میمکـە درێـژ دەکـرد ئـەویش لەسـەر بانیژەیەکـەی خۆیـەوە سـوڕێکی لـە تەشـییەکەیدا: (ئێـرە گونـدی مەرگـە هـەر مرۆو گیاندارێك پێ بخاتـە نـاوی وەك ئێمـەی لێـدێت ئێـوە چۆن هاتون ئایا ناوبانگی گوندەکەتان نەبیستوە دڵنیابن تامردن ئێرە جێگەتانـە نـاتوانن لـە هـیچ خـاکێکی تـردا بـژین) بەو قسـەیەوە تەشـییەکەی هەڵپێچـایەوەو دەسـتی درێـژ کـرد: (سـەیر بکـەن سـەگو بزنـو مریشـکو قـازو کـەرو وڵاخ هـەمویان بونەتـە ئاژۆڵـەو وڵاخۆڵـەو بـالۆرەو ئێمـەیش مرۆلـەین ئێسـتا ئێـوە باڵاتـان وەك

یەکـە ڕەنگیشـتان قەترانییـە ئـەوەی جیاتـان دەکاتـەوە ڕەگـەزە یەکێکتان نێرن ئەوی ترتان مێیە هەردوکتان ڕۆڵەی میمکەن) لەناو شەپۆلی کوشتاریشدا ئەو پەردەیەی توشهات ڕۆژ بە ڕۆژ ئـەو تووڕەییـە دەیگرتـەوە هـەتا لـە شـەڕی کـراس سـپیدا بـە یــەکجاری جەســتەی پۆشــی لەگــەڵ گرمــەی زریّ پۆشــو دەنگدانـەوەی تەقینـەوەی تۆپـو دەسـتڕێژی دۆشـکاو چـەکی قورسو سوکدا ئەو گومانە هەمو ڕوانینو بیرو هۆشێکی پۆشی بو لە ئەشکەوتەکەوە کۆلارەی خەیاڵـی خستە کار بەرەو ڕوی سوپاکە کاتێك کراس سپیش هەڵـهاتن ئەو هەر جەنگی دەکرد بە کۆلارە هەر جارە زریّ پۆشێکی دەسوتاندو پۆلێك سەربازی هەڵـدەگێڕایەوە لەگەڵ ئەوەیشـدا هـەر دەسـتڕێژ لـە ژنـو منـداڵ دەکـرا گوندەکـەیش بـە ئـاگری تۆپـەکان دەسـوتا ئـەو جەنگـە خەیاڵیـەی بۆ یەکەمجار لەو ڕوبەڕو بونەوەیـەدا کرد لـە کاتێکدا ژنـو منـداڵو لاو ڕیـز دەکـران بـە گوللـە جەسـتەیان دادەبێـژرا کۆلارەکانی زۆرتر دەکرد مێشکی ببوە کۆمپیوتەری جەنگو ئەو تاڵە دەزوانەی ڕاگرتبو چەند جار ئەو سەربازو زریّ پۆشانەی بـردە هــەواو فڕێیدانــەوە ســەر زەوی لەگــەڵ ئەوەیشــدا هــەر دەستڕێژ دەکراو دەنگو زرمە بەردەوام بون ئەو گوندە لـەلای بو

بە پرۆڤەی کۆتایی بون ڕەمزی ئاڵتونی ئەفسانەیی دەنواند وایدەزانی کلاّو ڕۆژنەی زەمەنەو لەوێوە فو بە هەناسەکانی بوندا دەکرێت بەو بیرەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە جوگرافیای گوندەکە لەبەر چاوی ببو بە جەستەیەکی خوێناوی لەوساتەیشدا کشو ماتیەك گرتبویەوە تەنها دەنگێك هەنگاوەکانی ئەو بون لەگەڵ لەرزینەکەی حەمکۆڵدا جوت دەبون نزیك دەبونەوەو لێکجیادەبونەوە بەو هەستەوە لێی نزك بوەوە بە گڕی فتیلەکەی دەستیەوە هەستی کرد بیری کۆچی هەیە بە پەژارەیەکی قوڵەوە چوە بەردەمی: (دەڕۆیت کاتێك هیچ ڕێگایەك نەماوە هەمو گوندەکان چۆڵن سنوریش دوای کشانەوەی سورو سپی داخراوەو ئیتر ڕو دەکەیتە کویێ) حەمکۆڵ چارەکەکەی لە شانی توند کردو هێزی دایە سەر گۆچانەکەی: (من بەرەو ئەشکەوتەکان دەچم هەتا دەمرم) بەو هێزەوە فتیلەکەی لە دەست وەرگرت ئەوسا دەستی گرت لەسەر تاشە بەردێك داینیشاند لە کاتێکدا فرمێسك بەسەر پێڵویدا دەهاتە خوارەوە بیری کوژرانی ژنو منداڵەکانی کردەوە ساتێك بەو جۆرە بە قولایی ئەو ڕۆژانەدا نوقم بو لە پڕێکدا لەو بیرەوەریەدا شەلال بو وەکو ئەو ساتەی منداڵەکانی گوللە باران

دەكـران جەسـتەیان لەگـەڵ ڕۆحیـان یاریـان دەكـرد ئـەوە وەكـو بومەلـەرزە جەسـتەی گرتـەوە لـە گرژیـو چرچـی ناوچـەوانی ئەویشـەوە ئەوانـەی دەدیـەوە بـەو گومانـەوە بێـدەنگی گرتـی ئەویش ئـەو ژانـە گرتیـەوەو دوا كـەڤ دەرونـی خـۆی دەرخسـت: (ڕەعناو شیروانو خونچە چیتان لێهات ) بەو بێهۆشیەوە هەستا فتیلەكـەی لـە دەسـت پـەڕی كەوتـە نـاو گۆڕەكانـەوە لەوسـاتەدا تۆپێك لە ناوەڕاستی گوندەكەدا تەقیەوە پاشان گولله تۆپ یـەك بـەدوای یەكـدا لـە شـاخەكەدا دەتەقینـەوە حـەمكۆڵ تـرس گرتییەوەو لەرزی ئەویش قۆڵی گرتو بەرەو قولاّیی گۆڕستانەكە كێشـی كـرد گـزنگ لـە تەقینـەوەدا بـو حـەمكۆڵ بوخچـەكەی لـە شانی توند كرد هەستا ئەویش لە گەڵیدا ڕاستبوەوە ئەو بەرەو ژور هەڵكشاو ئەمیش بەلای باشوردا هـەنگاوی هەڵدەهێنایـەوە هـاوارو قریشـكەیش لـە گوندەكـەوە بـەرزبوەوە دەنگـی باڵـندەو حەپەی سەگەڵ تێكەلاّو دەبون ئەویش لەناو گۆڕەكانەوە ڕەنگـی شـێوا بـو بـاكورو باشـورو ڕاسـتو چـەپو خۆرهـەلاّتو خۆرئـاوای بەسـەر دەكـردەوە پـاش ئـەوەی دەنگـی تەقینـەوە نـەما ئەوسـا پشـویەكی داو لـە ئاسمـانی شارەكەی دەڕوانـی لەگـەڵ شـەفەقدا وێنـەكانی نـاو بـای دەدیـەوە ڕۆمـانی(بـا) بـە شـەپۆلی بیرەوەری

وێنـەکانی کافرۆشـییەوە زەوییەکـەی تـۆو چـەن دەکـرد وەك ئـەو ساتەی کەلەبچەیان لـە دەسـتی کـردەوە کێبلـێك جەسـتەی ڕەش کـرد بـەو جـۆرە ئـەو مەرگەساتەی گێڕایـەوە: {ئێسـتاش نالـێی سۆماو هیوا منداڵی منن): (سـۆما یـان هیـوا دو نـاون تـا ئێسـتا نەمبیسـتون پێناچێت من ژنم هێنـابێتو منداڵـیشم نییـە هەسـت ناکەم هـەرگیز) ئەفسـەرەکە هـاواری بەسـەردا کـرد: (کـەس هەیـە نـەزانێت منداڵـی هەیـە یـان نـا ): (مـن نـازانم نـاوی خـۆیشـمم بـیر چـۆتەوە) بـەو قسـەیەوە لـەرزی چـاوی بڕیـە دیوارەکـە ئـەویش کێبلـێکی تـری پیـا کێشـا ئـەویش بـە لـەرزەوە گومـانی ترسـێك گرتبویـــەوە هـــەرگیز بـــیری لێنـــەکردبوەوە دەیویســـت خـۆیـــو سۆمایش بمرن بە یەکجاری بخرێنە چاڵەوە بـەو بیرەوە ڕوانینـو هۆشـو هەسـتی تێکـەڵاو بـون ڕەنگـی شـێتێتی گرتبویـەوە لـە دیوارەکـەی دەڕوانیـو چـاوی دەبڕیـە بۆشـاییەکی ون کوتـوپڕ سـەربازەکە دایچڵـەکاند: (گـەورەم جـاری پێشـو گـوتی هیـوا کوڕمە) ئەفسەرەکە کێبلـێکی تری پیادا کێشایەوە ئەوسا دایـە دەست سـەربازەکە: (دەیـەوێت خـۆی لـە پەیوەنـدی کـراس سـور ڕزگـار بکـات) بـەو قسـەیەوە هـاواری بەسـەردا کـرد: (سـۆما بەرپرســی خــەتی نهـێنی نــاو شــاریانە) پەنجــەی بــە پلاکــی

کارەباکەدا نا یەك چرکە لە کارەبایدا ئەوسا چەتاڵەکانی لە مەمکی کردەوە پەنجەی بۆ سەربازەکان ڕاکێشا بەر لەوەی بۆ دالأنەکە ڕایبکێشن قیژەی کچێك هاتە بەر گوێی جەستەی کرد بە گڕکان کاتێك لە ژورەکەیشدا فڕێیان دایەوەو دەرگاکەیان لەسەر داخستەوە بەسەر سەربازەکەدا قیژاندی: (بمانکوژن بمانکوژن) وێنەیەکی ئاوێنەیی لە مێشکیدا ڕەنگی دەدایەوە جەستەی سۆمای دەدیەوە لەبەردەمی سەربازەکاندا ڕادەکێشرا بەو وێنەیەوە قیژاندی بەندییەك لەو بەریەوە کۆکیو دایچڵەکاند: (مامە گیان ورەت بەرز بێت من نۆ جار لە کارەبا دراوم هەتا ئێستایش ڕاستیم نەگوتوە) بەو قسەیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا ئەویش بەدەم ئاهێکەوە نهێنییەکانی لە گەرویدا خنکاند ئەویش ناوچەوانی خوێندەوە ویستی ئەو گێژاوەی هێمن بکاتەوە: (گوێت لە قریشکەی ژنو منداڵە ئەو ژورەت دیوە فەرمانی تیا بو ئەو کچەت بینی گوللە باران کرا مامە لێرە کەس خاوەنی خۆی نیە تەنیا شەرەفی نیشتمانی گرنگە ئەمانە دڕندەن گرنگ ئەوەیە سەربەرزین) بەو قسەیەوە ئەسپێیەکی کوشت ئەویش لەشی خورا: (بە ڕاستی ئەسپێ لە ئەشکەنجە پیسترە) : (هەمو ڕۆژێك چەند جارێك خۆم دەدۆزم

تەواو نابن) ئەوەی گوت قیژەیەکی بەهێز لە ڕاڕەوو ژورەکاندا دەنگی دایەوە سات بە سات بەهێزتر دەبو بە تیژی دەکشاو مێشکو هەناوی دەردەهێنا بەو تەزوەوە لەرزیو خۆی یەك هێنایەوەو بە بێهۆشی زمانی کردەوە: (سۆما ) بەندییەکە سەیری کرد حەپەسا زانی سۆما کچێتیو ژانی ئەو گرتویەتییەوە لە کاتێکدا هەناسەیەکی هەڵکێشا پەردەیەکی نهێنی خستە سەر زامەکەی: (سۆما خۆڕاگرە مامە گیان ئێمە تازە لەسەر شەرەف توشهاتوین لێرە هەرچیەکمان پێبکرێت هەر شەرەفە) بەو قسەیەوە تەزویەکی ئازاراوی گرتیەوە ئەو ساتەی بیر هاتەوە یەکەم جار هاوار پێی ناساند: (هاوڕێ شوان لێپرسراوی کراس سپییەکانە) دوای ئەوە چەند جارێکی تر یەکیان دیەوە لە کاری نهێنیدا یەکیان دەگرتەوە کاتێکیش شەڕی کراس سپیو کراس سور دەستی پێکرد لە یەکتری دور کەوتنەوەو ڕەگی دوژمانیەتیان بۆ دروست ببو لەو ساتانەشدا ئەو کرۆکەی گۆڕاو بەو بیرەوە لەرزیو سۆزێکی گەورە گرتیەوە لەگەڵ وێنەی ئەشکەنجەی سۆمایشدا تێکەڵاو دەبونەوە لە تۆفانی چرکە ساتێکدا نوقم دەبو وەکو قەوزەی ناو ئاو بە ڕوانینییەوە نوسابوەوە دیمەنێك بو هەرگیز نەدەسڕدرایەوە

چـەتاڵی کارەباکـەیش وەکـو ئـەو سـاتە تـەزوی بـە جەسـتەیدا دەهێنا دەزولەی سەر مەمکی لەگەڵ ئەو ساتەدا جوت ببونەوە: (نیـوە شـەوێکی خوێنـاوی بەندیخانـە بـە قیـژەو هـاوار دەنگـی دەدایــەوە ژوری ئەشــکەنجە ڕەمــزی هەرەســهێنانی تەمــەنی هەڵــگرتبو قریشــکە ڕاڕەوی ژورەکـانی دەهەژانـد بـە تـەزوی چەتاڵەکەیشــەوە جەســتەیان شــیدەکردەوە لــەو ســاتەی لــە مەمکیان کـردەوە هـەردو چاویان بەستەوە کەلەپچەیان کـردەوە دەستیەوەو فڕییان دایە ناو دالأنەکەوە بەدەم ژانو زامـەوە پاڵـی بـە دیوارەکـەوە دایـەوە لـەپڕ قریشـکەیەکی بـەهێز ڕاڕەوەکـەی گرتـەوە لـە کونی بچوکەوە دەردەچو بە تیـژی بە هـەمو لایەکدا دەڕۆیشت بـەو هێـزە تۆقێنـەرەوە سـەری بادا دەنگەکـەیش تونـد تـر دەبـو لـە پـڕ گـۆڕا لـە دەنگـی کچـێکی ناسـکەوە وەکـو خـاو بونــەوەی(بـا ) یــەکی دەنوانــد بــەوەوە وێنــەی کچــێکی خســتە بەرچــاوی بــە دەســتو قاچــی بەســتراوەوە قیــژەو هاواریشــی بـەرزدەبوەوە بـەو جـۆرەیش ئـەو دەنگـەیش لـەلای گـۆڕا لـەپڕ بـە یـەکجاری نـەماو لـەو پـەڕی بەهێزیـدا خنکـا دوای کاتـژمێرێك شڵـەژان ڕاڕەوەکەی گرتـەوە چەند سـەربازێك پـەلی ئـەو کچـەیان ڕادەکێشا ئەویش قریشکەی مەرگی دەکـرد لـە ژێـر پـەڕۆی سـەر

دەمیــەوە نــوزەی دەهــات بــەو جــۆرەیش بــۆ ژورەکــەی خۆیــان دەبــردەوە شــێتەڵە بــەو وشــانەوە لــەرزی بــە جۆرێــك حــەزی بــە مەرگێك دەكرد جیهانی پێوە تەخت ببێت) كتوپڕ قیژەیەك لە ڕاڕەوەکەوە هات داچڵەکیو لەو دیمەنە ترسناکە ڕزگاری بو بەو ژانـە سـەختەوە فرمێسك بەرچـاوی گـرت ئـەویش لەوبەرییـەوە قاچـی ڕاکێشـاو خـۆی بـە تـۆڕی نهێنیـەوە نـوقم کـرد لـەوەوە تەرمەکەی هیوای دەدیەوە وەك ئەو ساتەی لەناو گەلاَ جاڕەکەدا دەری کێشا تەبەقی خوێناوی بە جامانەکەیەوە لەسەر سنگی ڕەنگـی دەدایـەوە کاتێـك لای بـرد زەنگێـك گرتیـەوە جەسـتەی شـیدەکردەوە: (هیـوا ئەمـە نامەکـەت بـو ) پیاوێـك لـە پشـت سەریەوە دەستی گرت: (زۆر چاوەڕوانی كردیت دەیزانی مەرگی بەڕێوەیە كاتێك میلی تفەنگیشی ڕاكێشاو بۆ گردەكە سەركەوت مـنی بەرپرسـیار کـرد: ئەگـەر بـاوکم هـات وەرە بـە دوامـدا هـەر دەبێت ببینم) بەو قسەیەوە گریا پیاوەکەیش باوەشی پیا کرد: (مەزن بە مامە گیان هیوا ئەوەنـدە باوەڕی بە تۆ هەبو هەمیشە دەیگوت: نامرم لە چاوی دایکو باوکمدا زینـدوم) بەو قسـەیەوە چـاوی سـڕیو دوا ژانـی دەربـڕی: (ئەگـەر شـەڕی کـراس سـپی نەبوایە کیٚ هیوای بۆ دەکوژرا ) لەناو تاریکی بەندیخانەکەیشدا

ئەو وێنەیە گرتیەوەو بەو ژانەوە ڕوی وەرگێڕا} لەو ساتەیشدا بەدوا وێنەی رۆمانی(با) وە گێژ بو لە ئاسمانی شارەکەیشەوە ئەو وێنانەی دەدیەوە سروەی شەپۆلێکی شێدار زنجیرەی دەبەست بە هێزی ئەو بایە لە گێژەنگی زەریای تەرمی سپیەوە ڕەنگاڵەی دەکردەوە لە سیمای ئاڵۆزی حەمکۆڵیشەوە نیشانەی پرسیاریان بۆ دەکێشا بەو بیرەوە چاوی بە قولایی جیهاندا گێڕا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی دەڕژایە سەر زەوی وەکو تۆوی نهێنی خۆیو گوندەکە لەسەر خۆڵەکەدا بچێنێت هەتا سەر لە نوێ سەوز ببێتەوە!!

*		*		*

مانگی چواردە لە پشت شاخەکەی ئەو بەرەوە چاو شارکێی لەگەڵ خەرمانەی جیهاندا دەکرد شێتەڵە لەگەڵ ئەو شەوقە بەهێزەدا یاری دەکرد تیشکی مانگو ئەستێرەی دەخوێندەوە لە گەڵای دارێکەوە بۆ بەردێك لەوانەوە بۆ دڵی دو عاشقو بۆ گۆڕی هەتایی ئەو جەستانەی تەکنەلۆژیا سوتاندبونی بەو بیرەوە ساتێك بەناو گۆڕەکاندا خولایەوە ڕوی کردە شارەکەو هاواری کرد بە جۆرێك لە گۆڕەکاندا دەنگی دەدایەوە بەوەوە حەپەسا ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا یەکە یەکە لە گۆڕەکانی ڕوانی

مردوەکـانی دەدوانـد دواجـار گەڕایـەوە سـەر قسـنەکەو سـەری بەسەر ئەژنۆیـدا شـۆڕ کردەوە بـە خـەیالْ شـێخە تاقانـەی خسـتە بەرچاوی: (ئەم گوندە توانای ژیانی تیادا نەماوەو تـەختو کاول بوەو ئەمسالْ کەس کشتوکالْی نەکردوە وا زەخیرەیشـمان تـەواو دەبێـت ئەگـەر هیمـەتێکمان لـەلای خـوداوە بـۆ نەکـەیت تـەنها کەسێکی تیادا نامێنێت هەمومان بەرەو مەرگ دەچین) ماوەیـەك بیْ پشو گریا شێخە تاقانە بەسـەرو ڕیشـی سـپیو چـاوی گەشـو کولْمی ئالْو ددانی سپیەوە وەك خۆی هاتە بەرچاوی کفنەکەی لەسەر سنگی شەق ببو تیشکێکی سەوزی لێدەردەکەوت ساتێك بەو جۆرە سەیری کرد لە پڕ لەبەر چاوی کشـاو ون بـو ئـەویش لەسەر قسنەکە پالْ کەوت چاوی بڕییە تیشکی مانگو ئەستێرە بە قولْی لە نهێنی بون ورد دەبوەوە سرمەی دو ولاْخ لە خواروی گۆڕسـتانەکەوە دەهـات سـات بـە سـات نزیـك دەبونـەوە ئـەویش یەکسەر داچلْەکیو هەستایە سەر پیْ چاوی تێبڕینو لێیـان چـوە پێشەوە چەکداریش بەناو گۆڕستانەکەدا بلاْوبوەوەنـەوە: (مامـە سنوری گوندەکەمان پێبلْیْ هەتا نەچینە نـاوی دەلْێن هەرکـەس پێی تیْ بخـات دەبێت بە جنۆکەو مرۆلـە) سـاتێك بـە گومانـەوە لێی ڕوانین پاشان پەنجەی راکێشا: (ئەو بازنە رەشاییە سنوری

گوندەکەیە مەچنە ناوییەوە وەك ئێمەتان لێنایەت) بەو قسەیەوە لەسەر خۆڵەکە چیچکەیان کرد ئەویش چەند مەترێك دور لێیانەوە لەسەر بەردێك دانیشت ئەوانیش هەردو ولاخەکەیان بەستەوە لەلای یەکتریەوە بۆنیان بە گژو گیای مردوی زەویەکەوە دەکرد دو برینداریش بەسەر کۆپانەکانیانەوە دابەسترا بون ناڵەیان دەهات بە چوار دەستە دایان گرتنو لەبن دارێکدا رایانکێشان هەتا پشویەك بدەن لەو ساتەدا یەکێك لە برینەدارەکان لەتاو ئازارو ژان هاوارێکی جەرگ بڕی کردو پەنجەی خستە ناو برینەکەیەوە بە خوێناو سوری کرد ویستی بیخاتە دەمیەوە کتوپڕ فەرماندەکە پەنجەی گرت: (تۆ دەزانیت قارەمانێکمان بەو جۆرە گیانی سپارد نەکەیت خوێنت لەبەر ئازار بخۆیتەوە) بەو قسەیەوە دانیشتەوە یەکێك لە چەکدارەکان پرسیارەی ئەو روداوەی لێکردەوە ئەویش بەدەم ئاخەوە گێڕایەوە: (کاتێك سێ یەکەی میری هێرشیان هێنا بۆ چیای مەرگ جەنگێکی گەورە رویدا لەبەر زۆری هێرشەکە هێزی ئێمە هەموی هەڵاتن تەنها سێ کەس مانەوەو جەنگیان کرد توانیان ئەو لەشکرە تێکبشکێنن یەکێکیان بە تەلبەندی سەربازخانەکەوە بە برینداری دەبەسترێتەوە هاوڕێکەی گیانی

بـەخت دەکـاتو دەچـێت رزگـاری بکـات سـەربازەکانیش بـەدەم راکردنـەوە لـە ترسـی پێشـڕەوی نـارنجۆك فـڕێ دەدەنـە دوای خۆیانــەوەو ئــەو قارەمانــە دەپێکرێتــو هاوڕێکــەی تریشــی دەکوژرێت بەو جۆرەیش بەتەنها لوتکەکە دەپارێزێت هەتا هێزی خۆمان گەڕانەوە ناوی کتوپڕ دەینێرن بۆ ناوچەی ئازاد بەو بارە قورسو برینانەیـەوە لەسـەر تراکتۆرەکـەیش دەکەوێتـە خـوارەوە هەر خۆی دەگرێت هەتا دواجار توانـای دەرونـی نـامێنێت لـەتاو ئـازار بـە پەنجـەی خوێنەکـەی خـۆی دەخاتـە دەمییـەوەو گیـان دەسپێرێت هەر لەبەر ئەوەیش ئەو لوتکەیەو ئەو گردەیشی لێی نێژرا بە گردی کەریم بەگەوە ناونراون) بەو قسـەیەوە روی کـردە شـێتەڵە: (تـۆیش پاسـەوانی ئـەم گۆڕسـتانە دەکـەیت بـۆ گـۆڕی کوڕەکانـت دەگـەڕێیت) : (بـەڵێ دەمـەوێت گۆڕێـك بکەمـە رەمـز لەبری جگەر گۆشەکانم ئەم گردە سەربازی ونـی ئـەو رۆحانەیـە) یەکێك لـە چەکدارەکان جگەرەیـەکی داگیرساند: (کێشـەمان ئەو دو بریندارەیـە ئـەوان نـەبن ئەمشـەو دەگەینـە سـەر سـنور) بـەو قســەیەوە بێــدەنگ بــو هاوڕێکــانی چــارەکە نانیــان کــردەوە مـەتارەیان دەرهێنـا نـانو ئاویـان خـوارد بریـندارەکانیش ناڵـەیان دەهات میمکە بە باوەشێك کفنەوە بە لاواندنەوەوە گەیشتە لایان

بەهێزی بایەکەوە وەك کەشتییەکی ئەفسوناوی دەنواند بەو دیمەنەوە دەستی چەپی درێژ کرد: (سوپای شا شەمعون لەسەر لوتکەی چیای کەریم بەگ تەفرو تونا بون شاری جنۆکەکان تەخت بو هەزاران جنۆکەی چاو داقڵشاو کوژران بە تۆپو فسفۆڕی ئەو جەنگە ئەو سەربازانەی بە خوێناوی جەنگە جیهانییەکان شیر درابون لە ئامادە باشیدا بون جیهان پاك بکەنەوە) وردە شوشەی ئاوێنەیی بڵاوبونەوە بلوێنانیان لێبوەوە گۆڕستان شەپۆلێکی ناوەختەیی گرتەوە گەورە دەبونو بچوك دەبونەوە ئاگر بە مەرگەساتەوە جەستەی دەگرتنەوە چەکدارەکان خۆیان کۆکردەوە کتوپڕ بریندارەکانیان خستەوە سەر وڵاخەکان بەپەلە پروزیَ ڕۆیشتن شێتەڵە بەو دیمەنە ترس گرتیەوە لە کاتێکدا لێیان وردبوەوە بە گومانەوە لەبەر خۆیەوە نەشتەری لەو نهێنیەدا: (سنور هەموی گیراوە فڕۆکە بن دارو بەرد دەپشکنێت ئەمانە چۆن دواکەوتون تازە تۆوی بە مرۆلە بونیشیان هەڵگرتوە بۆ هەر شوێنێك بچن دەبێت بێنەوە بۆ ئێرە) بەو قسەیەوە پاسەوانی کردن ئەوانیش بەرەو ژور ڕیزەیان بەست ئەویش لە دواوە سەیری دەکردن هەتا لە چاو ون بون پاشان چوەوە سەر قسنەکە: (ئەوا نیشتمان پەروەرانیش

ڕایانکرد ئیتر تاکە تاکە گوندو قوڵخ ماوە ئەوانیش بە(با) ی تەکنەلۆژیا تەخت دەبن شێخە تاقانە ئێستا بەرگری کەری ئەم خاکە منو تۆو میمکەین ئێمەیش تەنیا هێزی خودامان هەیە هەتا بە(با) ی نەفخ(با) ی تەکنەلۆژیا تێکبشکێنین) بەو قسەیەوە لە پاڵ قسنەکەدا ڕاکشاو ڕویکردە ئاسمان: (خودایە ئیتر کاتی(با) ی نەفخە جیهانێك کۆتایی پێبهێنیت جگە لە مەرگ هیچ پێناسەیەکی تری تیادا نییە با بەهێزی تۆ هەمو بچینە کۆمەڵگای مردنەوە) بەو قسەیەوە هەستایە سەر پێ هەردو قاچی ڕاستو چەپ کرد بە تورەییەوە ڕوی کردە جیهان کۆلارەی خەیاڵی بڵاوکردەوە کۆلارەیەکی بۆ ئەمریکا هەڵدا سەرۆکی کۆشکی سپی ڕاکێشا لەسەر درەختێك ڕایگرتو لە ناخی خۆیەوە قسەی لەگەڵدا کرد: (تۆ ئێستا خاوەنی بۆمبای ئەتۆمیت دەتەوێت جیهان کاول بکەیت وەرە با بە تەکنەلۆژیای خەیاڵ مێشکت بپژێنم) بە خەیاڵ تاڵە دەزوەکەی ڕاکێشا لەسەر تاشە بەردێك فڕێیدایە خوارەوە ئەوسا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو سەرۆکی ڕوسیای کێش کرد لەسەر تەرمی ئەو ڕایگرتو بیرەوەری لەگەڵدا گرێدا: (دو سەدەیە چەکی تۆ ئەم خاکە دەسوتێنن ) بەو خەیاڵەوە کۆلارەکەی لە ملی ئالاَند بە

تاڵە دەزو خنکاندی بەو وێنەیەوە شەکەتی گرتیەوەو هەناسەی سوار بون ڕاکشاو ڕوی کردە ئاسمان!!

* * *

لەگەڵ تارای سپێدەدا بومەلەرزەیەك چەند خولەك زەویەکەی لەرزاند شێتەڵە بەدەم هاوارەوە لە خەو ڕاپەڕی پاش ئەوەی چاوی هەڵگڵۆفت هەستا هەتا سەر سیلەی گۆڕەکان ڕۆیشت بە چوار دەوری خۆیدا چاوی گێڕا گڵۆپی شار لەگەڵ سپێدەدا شەوقیان دەدایەوە ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە دەنگێکی تیژ دەهاتە گوێیەوە وایدەزانی(با) ی نەفخە سورەتی یاسینی دەخوێندەوە وێنەیەکیش بە دوای دوەم نەفخەوە بەرچاوی گرتەوە قریشکاندی بەدەم زیڕەی مەرگەوە بۆ ماڵەکان قاچی هەڵهێنایەوە قریشکەو هاواریش گوندەکەی گرتبوەوە هەمو بەدەم زیڕەی دوا هەناسەوە وێنەی لول بونی ئاسمانو زەویان دەکێشا میمکە لەبەر هەیوانەکەی خۆیەوە خەوو بومەلەرزەی تێکەڵاو دەکرد: (بەخەو دیومە بومەلەرزەیەك بەم جۆرە هات لافاوێکیش جیهانی شتو زەوی لول بو) پەنجەی خستە قژیەوە لە شاخەکەی ئەوبەری ڕوانی بە وێنەی کۆچی سپێدەوە لە بانیژەکە هاتە خوارەوەو ڕێی گۆڕستانی گرت خەڵکیش بە

دوایـەوە ڕیزەیـان بەسـت بـە چـرکەی کۆتـایی بونـەوە ورتـەیان دەهـات میمکـە بـە گۆچـان زەویەکـەی خـەت خـەت دەکـرد بـۆنی ڕێحانـەو مێخـەك لەگەڵ وشـەکانیدا بڵاودەبونـەوە بـەو جـۆرەیش چـوە سـەر قسـنەکە لـەناو خـاکو خۆڵـیدا خـۆی تلانـدەوەو گریـا کاروانێك لەلای خواروەوە هات بە بینینیان حەپەسان میمکـەش بەرەو ڕویان چو کتوپڕ هاواریان بەسـەرا کـرد: (نزیك نەبیتـەوە پیرەژنی جادو باز با وەکو تـۆی جنۆکـە نـەبین بـە مرۆلـە) ئـەوان شڵـەژا بـون میمکـەیش لـە خـۆی وردبـوەوەو فـوی بـەرەو رویـان هەڵدەدا وەکو جنۆکەی لێهاتبو بـەو دەرونـەوە پرسیاری کۆچـی ناوەختــەی لێکــردن: (دیــارە ئــەم بومەلەرزەیــە گوندەکــەی کـاولکردون بۆیـە کەوتونەتـە سـەر کـۆچ ) ولاٚخـدارێك ڕەشمـەی ولاٚخەکـەی ڕاکێشـا: (ئێمـە نیشـتمانمان نییـە هـەتا کـاول ببێـت ئـیتر جیهـان هەڵــدەگەڕێتەوە یـان دەتوێتــەوە کێشــە نییـە بـڕۆ پیرەژن خـۆتـو جادوەکانـت لـە ئێمـە بەدور بکـە نەیەیتـە پێشـەوە لێمـان) میمکـە گـرژ بـو بێدەنگـەی لێکـرد ئـەوانیش بـەرەو ژور سەرکەوتن گریەی دو ساوا لە دوایانەوە بەرزدەبوەوە میمکەیش بە وێنەی نادیارەوە دوا نیگای لەسەر لابردن کەوتەوە سەر ڕێـی گوند خەڵـکەکەیش بـە دوایـدا کشـان کـاتێکیش گەیشـتنەوە نـاو

دیٚ هـەر کەسـە چوەوە ماڵـی خـۆی بێدەنگیـەکی قـولٚ ماڵـەکانی گرتـەوە تـەنیا چرکەی تـەونی میمکـە دەهـات بـە جوڵـەی قاچـی شێتەڵەوە جوت دەبون سات بە سات بە لاپاڵەکەدا تیـژ تـر دەبـو لـە دواوە وێنـەی مقەسـتێکی گـەردونی دەنوانـد گوندەکـەیش لـە بێدەنگی شەق کردنەوەی فەزادا مۆمیا ببو!!

5

(ئـەمڕۆ ئاهـەنگی ڕۆح لـە ڕۆژهەڵاتـەو جەسـتەیش لـە خۆرئـاوا ڕۆحو جەستە جیادەبنەوە) شێتەڵە بەو قسانەوە دەستی چەپی داگرت ئەوسا بەرزی کردەوە هی ڕاستی هێنایە خوار پاشان لە ئاستی خۆرهەڵاتو خۆرئاواوە بۆ باکورو باشور خۆی وەرسوڕاند وەکو باڵی مەل دەستی کردبوەوە دەیجوڵاندن بە سنگو سەرو قاچیش یاری دەکردو ڕوانینی بە فەزاوە دەگیرسایەوە لەبەر پریشکی گزنگدا ڕوانینی تێکەڵاو دەبو وەکو کەشتیەکی فەزا دەردەکەوت وێنەی ڕادار لەسەر لوتکەوە دیاری دەدا لە شەپۆلی بایەکەدا یاری دەکرد دەیویست بڕواو جارێکی تر نەگەڕێتەوە بەو شەپۆلانەوە دەیان تاڵە دەزوی بە فەزادا بڵاو کردبوەوە هەموی بە هەوادا دەکشان بەرەو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو باکورو باشورو قوڵایی ئاسمانو ژێر زەویو ئەستێرەو تونێلی ونی

گەردون دەڕۆیشتن ئەو شالآوە لە نیوە شەوەوە گرتبویەوە هەر لەو ساتەی لە گۆڕەکەدا ڕاکشا ئەو تۆڕانە بە دەنگێکەوە پێچپایانەوە بەو دەزوانەیشەوە چاوی لێك نا لە خەودا بە تاڵە دەزو هەمو ئەستێرەو ژێر زەویو زەریاو فەزای تاقی دەکردەوە کاتێکیش ڕاپەڕی هەمو ئەو دەزوانە لە جەستەی پێچرا بونەوە وایدەزانی تۆڕێك گرتویەتی کلآفەکەی لە مەریخە هەر بەو بیرەیشەوە بەرەو لوتکەی شاخەکە پڕتاوی پێچا وەك سەرەتای خەوەکەی چوە سەر ئەو تاشە بەردەو باڵی فڕینی کردەوە لەو ساتەشدا بەو شالآوەوە دەیویست وەکو مەلێکی ئەفسانەیی بفڕێتو فەزا ببڕێت زۆر جار بەو چەشنە دەچوە سەر لوتکە شاخێك جەستەی بۆ فڕین ئامادە دەکرد ئەوە بیرێك بو هەستو نەستو ڕوانینی گرتبوەوە هەمیشە چاوی بە شەپۆلی وێنەی جۆراو جۆر دەتەندراو لەگەڵ چرکەکاندا یاری دەکرد وێنەی دەخستە دڵەوەو باوەشی بۆ دەگرتنەوە هەزاران ڕۆحو جەستەی دەدیەوە لە هەوادا یاریان دەکرد دەیویست وەکو ئەوان لە شەقەی باڵ بدات هەتا بە یەکجاری بڕواتە بۆشاییەوە زۆر جار ئەو تاقیکردنەوەیەی دەکرد یەکەم جار لە گۆڕەپانەکەی شار ئەو بیرە گرتیەوە لەم سەر بۆ ئەوسەر دەڕۆیشت هەردو دەستی

کردبووەوە ڕوانینی بۆ ئاسمان هەتەر دەدا بەو بیرەوە هاتە سەر قادرمەکان باڵی کردەوەو ویستی بفڕێت ساتێك وەك پەیکەر وەستا ئەوسا کەوتە جوڵەو ماوەیەك خۆی ڕاتەکاند بە خەیاڵ بە فەزاوە دەفڕی منداڵان فیکەیان بەسەردا دەکێشا ئەوسا بە بەردەوە دوای کەوتن ئەویش بەپەلە خۆی ڕزگار کرد تاڵە دەزویش هەر دەیانپێچایەوە ئەو شەوەیش هەتا ڕۆژهەلات هەر بەو خەیاڵەوە ڕۆژی کردەوە هەر لەبەر ئەوەیش لە قوتابخانە چوە سەر بان لەسەر تەنکیەکەوە وەستاو هەردو دەستی بە ئاسمانەوە ڕاوەشاند قوتابیەکان لە حەوشەوە پێدەکەنین زۆریان حەزیان دەکرد شێت ببو لەبەر ئەوەی مامۆستای ئینگلیزی بو زۆر بە جەختەوە وانەی دەگوتەوەو بەردەوام پێداگری لەسەر دەکردەوە لەو ساتەیشدا فیکە لەهەمو لایەکەوە دەستی پێکرد ئەوسا مامۆستاو بەڕێوەبەر هاتنە سەربانو هێنایانە خوارەوە ئەوە سەرەتای ئەو گەرداوە بو سێ ڕۆژ بو تەرمی هیوای بەجێهێشت بو گەلاَ جاڕی تەرمەکەی لەبەر چاوی ببوە تونێلێك تەنیا فرمێسکێکی بۆ ڕشت بەو شەپۆلەوە هاتەوە شارو لە شەقامەکاندا دەگەڕاو هەوای چیاکانی هەڵدەمژیەوە دەیویست بفڕێت بە خەیاڵ لەگەڵ ڕۆحی تەریوی(با) یا بۆ هەتا هەتایی

بمێنێتـــەوە دەزولـــەی خەیاڵـــی بـــە هـــەمو لایەكـــدا بڵاوكـــردەوە درەختێك بەردو شاخێكی نەدەدیەوە هەتا بیگرێت بۆ ئاسمان هەڵی بكێشێت كۆلارەكەیشی دەكشایە خوارەوە مێشكیشی بە قولآیی داگرتبو كتوپڕ بەو فیكو هاوارە دەماری تێكئالآو وێنەكان بە سەریەكدا ترژان هۆشی بە خۆی نەما كاتێكیش بەڕێوەبەر قیژاندی توشی بارێكی دەرونی هات هەر لەو ساتەی نهێنی هیوایان بۆ ئاشكرا كرد ئەو نیشانەیە لێی دیاریدا دواتریش بۆ گۆڕەپانی مەشق نەڕۆیشت ئەوانە هەمو كارێكیان كرد لە قوتابخانە دەربكرێت دوای ئەوە شەپۆلی فەزای ناشێوەیی پەلكێشیان كرد هەتا بە تەواوی كەوتە ناو ئەو گێژاوەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەموی تێكدەئالآن جگە لە زنجیرەیەك وێنەی هەڵواسراوی فەزا هیچی تری نەدەدیەوە لەناو بەندیخانەكەیشدا بو بە تۆڕێكی گشتیو هەمو جەستەی گرتەوە هەر لەو ساتەی هاواری مەرگی سۆما بەرزبوەوە بەوێنەو ڕوانینو بیری تێكچرژاوەوە هۆشی بەخۆی نەما لەو ساتەدا گریان هەمو قوڕگێكی گرتەوە تەنیا ئەو توانای ڕشتنی فرمێسكێكی نەبو بە گێژو حۆلی لە فەزای دەڕوانی بەندییەكانیش لە ئاهەنگی ئەو تەرمەدا لەگەڵ هێزی تەزیوی

بایەکـەدا هەناسـەیان هەڵــدەمژییەوە وێنــەی مـەرگی خۆیـانو جیهانیـان دەدییـەوە ئـەو چرکەیە بەندیخانەکـە خرۆشا سـەرباز پەنجەیان خستبوە سەر پەلە پیتکەی تفەنگ فەرماندەکە لەناو گۆڕەپانەکەدا دەمانچەکەی بە دەستیەوە گرتو بە لولە خـەتێکی کێشا: (لێرەدا ڕیزیان بکەن بزانن کێ ئاگای لە کوشتنی ئەو کچـە هەیـە) بەندیـەکان بـە بیجامـەو کراسـی دڕاوەوە لەبـەر سەرماکەدا هەڵدەلەرزین لە گۆڕەپانەکەدا کەوتبونە سەر چۆقەی مـەرگ ئەوانـەی لـە ژورو ڕاڕەویشـدا بـون لـە تاریکیـەوە گوێیـان هەڵـخست بـو لـە چارەنوسـی ئەوانـەوە یـاری مـەرگیان دەکـرد ئـەوانیش هـەمو توشـی سـەرمای کوشـندە هـاتبون چـەند فیشەکێکیش بە ئاسماندا تـەقی ڕاکێشانی میلو شـەقو زلـەیش کاری تێ دەکردن فەرماندەکەیش لولـەی دەمانچەکەی تێکردن: (پێویستە ڕاستی بڵێـن دەبێت بزانن چەند کەس دەستیان لە کوشـتنی سـۆمادا هەیـە، بێگومـان بـە هاوکـاری چـەند کەسـێك خۆی کوشتوە) ئەوەی گوت فیشەکێك تەقی فەرماندەکەیش لێی ڕوانینـو تـوڕەیی گرتیـەوە: (کەسـێك نییـە وەڵام بداتـەوە تـەنیا پێـنج چـرکەتان مـاوە) : (چـکو چـك) بایەکـە بـەهێزتر دەکشـا بـەفریش لـە گۆڕەپانەکـەدا بەسـت بـوی سـاردیەك جەسـتەی

بەندییەکانی گرتبوەوە هەمو لە گۆ کەوتبون چۆقەی ددانیان بە تیژی دەهات پەنجەیان تەزی بو فیشەکیش جار جارە دەتەقی تا ئەو ساتەیش هەمو بێدەنگ بون لەپڕ کچێك قیژاندی: (من تاوانبارم بمکوژن) دەستڕێژ مەمکی پوکاندەوە دو پیاوی تر هاواریان کرد ئەوانیش کوژران لاوێکیشیان کوشت فەرماندەکە لە تەرمەکانو لە ئاسمان ورد دەبوەوە ئەوسا فەرمانی دا بچنە ژورەوە ڕەشەباکەیش بەهێزتر دەهات کونو قوژبنی دەگرتەوە بەو مۆسیقایەیشەوە تەرمی سۆما خرایە نەقالەیەکەوە لەگەڵ تەرمەکانی تردا بە ئۆتۆمۆبیلێك لە حەوشەکە برانە دەرەوە فڕەی ئۆتۆمۆبیلەکە بە گۆڕەپانەکەدا دەنگێکی تیژی لێوە هات ئەوە وروژاندنیو هۆشو ئارامیان نەما کەسیش ئەو نیوەڕۆیە نەیتوانی نان بخوات هەمو وێنەی هاوڕێکانیان لەبەر چاودا بو: (نیشتمانو هاوڕێ شوانو شاخەوانو سەرکەوتو سۆما) ئەو شالاوە بو بە تۆڕێکی سەرتاسەری مێشکو ڕوانینو هۆشو نەستی گرتەوەو وێنەیان دەدایەوە لەگەڵ پەلە قاژەی سۆمادا بە شەڕ دەهاتن ئەوەیش پێکهاتەی ئەو بیرو زنجیرەیە بون ڕۆژانە کۆ دەبونەوە لەو ساتەیشدا لە مێشکیدا تەقینەوە ئەوە یەکەم دیمەنی تۆقێنەر بو مێشکی ئاڵۆزکاندو دەماری تێك چرژاند لەو

ساتەیشـەوە بـیری فـڕین گرتیـەوە لـە ڕاڕەوەکەیشـدا بـەو بـیرەوە دەخولایەوە چەند جار لە ملاولاوە بانگیان کرد هیچ وەلأمێکی نـەبو ڕەگـی شـێتێتی بـە جۆرێـك گرتیـەوە لـەناو دەزولـەی گێڕانـەوەی ڕوداوەکانـدا مۆمیـا دەبـو بـەدەم گڤـەی باکەیشـەوە بڵاودەبونـەوە فـەزای شـارو جیهانیـان دەپۆشـی لـەو ساتەیشـدا لەگەڵ شنەی رۆحی سەر لوتکەوە رۆمـانی(با) زمـانی شـاراوەی بەندیخانەی چاپ دەکردەوە وەك ئەو ساتە گـوێی دەشـتو کێـوو شـاخی دەلەرزانـدەوە: {ئـەو وێنەیـە زمـانی بێـدەنگی بـونی دەشکاند بەندیخانـە بە وێنـەی سۆماوە ڕەنگـی دەدایەوە چاوو زمانو بیرو هۆش هەموی بە وشـەو وێنـەی ئەوەوە سیواخ ببـون کچـێك دەسـتی خسـتبوە نـاو دەسـتییەوەو قـژی بەسـەر دەمـو چـاویدا شـۆڕ ببـوەوە لەگـەڵ سـڕینی فرمێسـکیدا ئـەو گرێیـەی کردەوە: (ئـەمڕۆ تـەنیا مـەرگ لـە گومانـدا نیـە بـەڵکو هـەر مەرگـە دەبێتـە داڵـدەدەری مرۆڤـو مانـای ئـازادی دڵـنیایی یەکسـانی دەبەخشێت هەر لەبەر ئەوەیش سۆما مـەرگی هەڵـبژارد چی لـە ژیانێـك بکـات مـاڧ ئاژەڵـێکی نـەبێت مـەرگی ئـەویش لـەو پرسیارانەوە دروست بو حەقیقـەتی تیـا ون ببـو) بەو قسـەیەوە وێنەی سۆمای خستەوە بەر چاو وەك ئەو ساتانەی داخـی دڵـی

خۆی بۆ هەڵدەڕشت بە بیری خۆشەویستی سەرسامی دەکرد ئەو بە جۆرێك پابەندی عەشق ببو دەیویست بمرێت زۆر جار ئەو پەیمانەی بۆ دوپات دەکردەوە: (ئەگەر بگەمە ئاستێك لە بیروباوەڕو خۆشەویستیدا نشوستی بهێنم دەمرم من کاتژمێرێکم بە خۆشەویستی دەژیم) بە دڵنیاییەوە ئەوانەی دەگوت ئەویش ڕۆژانە لێی دەڕوانیو بیری مەرگی تیادا دەدیەوە کاتێکیش بۆ یەکەم جار بۆ ئەشکەنجە برا لێی ڕوانی هەتا هاتیشەوە هەر بیری لێکردەوە ئەو کاتەیش باوەشی پیا کرد ماچی کردو پرسیاری ئەوەی لێکرد بزانێت ڕاستی گوتوە یانا ئەویش دڵنیای کردەوە ئەگەر بشمرێت قسە ناکات ئەو پەیمانەی بە خوێنی خۆی بۆ دوبارە کردەوە: (ڕاستی لەسەر کەسێك بڵێم هەمو ژیانمە) بەو قسەیە دڵنیا بو ئەوسا لە جەستەی ڕوانیو قژی خاوی بە زەردی دەبریسکایەوە دەمو چاوی گەش جێگەی تەنها ماچێکییان پێوە نەبو مەمکۆڵەی سیسو ژاکاوو جەستەی پاك تەنیا جێگەی کێبڵ ڕەشی کردبوەوە بۆ جاری دوەم زۆری چاوەڕوانی کرد سێ کاتژمێر نەهاتەوە کاتێك فڕییان دایە ژورەوە جەستەی ببوە شەختەو جێگەی لێدان بە هیچ جێگەیەکیەوە نەدەبینرایەوە

تەنیا ماندو شەکەتی دەنواند دەمو چاوو قژی شێوا بون سەر سنگو بەرگو دەستو قاچیشی سروشتی نەبون ئەوە توشی گومانێکی سەختی کرد بە پەلە چو سەمونو ئاوی بۆ هێنا ئەویش بە پرزە بڕاوی خواردی ئەوسا سەری بۆ شێلاو قاچی بۆ ڕاتەکاند ئەویش ماندو بو بە جۆرێك نەیدەویست جارێکی تر بژی دوای ئەوەی جەستەی بۆ شێلا پرسیاری ئەو گومانەی لێکردەوە: (سۆما خۆڕاگر بە دڵنیایشم تۆ لە چیا گەوەرتریت بەڵام ئێرە موغارەی دڕندەیەو جێگەیەکە لە گۆی زەویدا بونی نیە هەمویشی هەر سەربەرزییە) سۆما دەگریا بەردەوام لە بنمیچەکەی دەڕوانی وشەو روانینی ببوە شەپۆل ویستی بقیژێنێت ئەمیش دەستی گرتو گوشی ئەو کاتە بە دەرونێکی گڕاویەوە چەند وشەیەکی لە دەم دەرپەڕی: (ساکار بڕوا بکە ئیتر تەواو بوم دەمرم) بەو وشانەوە دەگریا ئەویش هەستی پێکرد زانی پەیمانەکەی دەباتە سەر هیچی لەگەڵدا نەگوتەوە ئەویش چاوی لێك نا وەك بیەوێت بمرێت  لەو ساتەوە سۆما چرکەکانی دەخوێندەوە رۆژی دوایی کاتژمێر دەی بەیانی بردیان ئەوە گومانی دروست کرد هەمویان لە یەکتریان دەڕوانی کاتێکیش دەمەو عەسر هێنایانەوە چاوەکانی ژاکا بون تیلەی

چاوی دەبڕییە هاوڕێکانی دەیویست بەزەییان پێدا بێتەوەو بیکوژن هەتا بە یەکجاری ئازادی بکەن ساکار چوە ژور سەری زوڵفی بۆ هەڵدایەوەو دەستی گوشی بە جۆرێك ئەو هێزە گەرمەیان لە دڵەوە چەسپی بو بەو گوشینەوە سۆما خەوت ئەویش سەیری مەکسیەکەی کرد شۆرتەکەیشی گۆڕا بو بە پرتەقاڵی ئەوە ختورەی خستە دڵیەوە لەوەوە چیرۆکی خۆی بیر هاتەوە بەو ژانەوە بەسەریا گریا بەو دڵۆپە فرمێسکانەیش بێداری کردەوە ئەویش هەستا چوە تەوالێتەکەوە هەردو ڕانی داشۆریو دەمو چاوی شت دوایی هاتەوە جێگەکەی خۆیو پاڵ کەوت ساکار دەستی گوشیەوە ئەویش دوا نامەی خۆی نوسی: (ساکار ئیتر نامەوێت بژیم بەهەر هۆیەك بێت ئەگەر منت خۆش دەوێت کراسەکەت سورە یارمەتیم بدە با بمرم) ساکار نەیتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بداتەوە هەستا هێلکەو سەمونێکی بۆ هێنا ئەویش چاوەکانی بڕیە چاویو پەنجەی خستە پەنجەیەوە: (دەبێت بۆ مەرگێك بمرین لاپەڕەی ژیانمان بنوسێتەوە) ئەو وێنەیە لەو ساتەدا گرتی وەکو خۆی جەستەی سۆمای زیندو کردەوە ئەوسا بە گریانەوە باوەشی بە کچێکدا کرد: (شەوبۆ سۆما ئەو کچەی جاران نەما دەمانبینی وێنەی دڵدارەکەی

دەخستە بەر چاوی لەم ژورەدا بەهەشتی دەسازاند) : (هاوار پێناچێت بتوانین کرێکار بکەینە چینێکی پێشڕەو لێرە کارخانەو ئامرازی بەرهەمهێنان کەمە ولاٚتێکی کرێکاری نیە زیاتر لەوەی جوتیارییە) : (گرنگ هەوڵدانە مەرجیش نیە تەنیا کرێکار ئەوە بکات چینەکان دەتوێنەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بالاٚ دەست دەبێت ڕەنگە بۆرژوایەك ببێتە کرێکار خۆ لینین کرێکار نەبو) ئەو وێنانە لەو ساتەیشدا بەرچاوی گرتنەوە فرمێسکی ئەو ساتانەیان دەڕشت لە گەڵیدا دەژیان پرسیاریان لێدەکرد ئەویش بە زمانی شیرین لەنجەی دەکرد وشەی تێکەڵی خەیاڵی رەنگاو رەنگ دەکرد ڕۆژێك دوا ناسنامەی عەشقیان پێدەرخست: (هاوار چییە لەلای تۆ ) ئەو پرسیارە خستییە داوێکەوە هەمیشە لەبەر چاویدا بو بەو روانینەیشەوە بەبێ وەستان وەلاٚمی دایەوە: (هەمو گەردونە لەلام ئەو هەناسانەی هەڵیان دەمژم هەموی بۆنی ئەوی لێدێت سور دەزانم ئێستا چاوەڕوانم دەکات لە چوار دەوری ئەم بەندیخانەیەدا) : (ئەگەر یەکێکتان بمرن) : (مانای هەردوکمان هیچمان بەبێ یەکتری ناژین) بەو جۆرە گەلاٚی عەشقی سەوز دەکرد ئەوانیش بە دیارییەوە دادەنیشتن کاتێکیش جەستەی ژاکا زمانیشی شکا

نەیدەویست وشەیەك بڵێت هەتا ڕۆژی بەر لە مەرگی بە یەكجاری لە گۆ كەوت حەرفێك لە دەمی دەرنەهات بەردەوام لە دیوارەكەی دەڕوانی ساكار چەندە ماچی كرد قژی بۆ هەڵدایەوە چاری نەبو ئەو هەر لە فەزای دەڕوانی بە وێنەی جۆراو جۆری بەرچاویەوە نوسینی بای دەخوێندەوە هەتا لەپڕ لەرزی ساكار توند بە خۆیەوە گوشی ئەویش جەستەی ڕادەوەشی دەزولەی چاوی بۆ ژوری فەرماندەكە هەتەر دەبون ئەو لەرزە دەیگرت دەستو قاچیان بەستەوەو لەگەڵ قریشكەكانیشیدا كتوپڕ بە دەستە سڕێك دەمیان بەست توند لە پشتی سەریەوە گرێیان دا ئەوسا فەرماندەكە ماچی كرد ئەویش خۆی ڕاپسكاندو بە چاوی غەزەبی دەباراند دەیویست بمرێت ڕۆشناییی بۆ فەزا هەتەر دەدا هەتا دواجار فەرماندەكە خۆی سڕیو سەربازەكەی بانگ كرد ئەویش چەرچەفەكەی لە ژێریدا دەرهێنا پارچە قوماشێكی سپی ببوە پەڵەی ڕەنگاو ڕەنگ سۆما تەواو خرۆشا دەیویست بمرێت دڵی تێكەڵ دەهات ئەویش دوبارەو سێ بارەی كردەوە ئەوسا دەستو قاچی كرایەوە كاتێك دەمیان كردەوە قریشكەیەكی بەهێزی كرد چی بە دەمیدا هات گوتی كتوپڕ دەستو قاچیان گرت دەمیان بەستەوە بەو جۆرەیش

فڕێیـان دایـەوە ژورەکـەی خۆیـەوە لـەو ساتەیشـدا ئـەو قیژەیـە گرتیەوە جەستەی لەرزی بەو وێنەیەوە بڕیاری مەرگیدا هەرچی ساکار بە خۆیەوە گوشی وشەیەکی نەگوت ئەوانیش زانیان لە نـاو گێـژاوی کارەسـاتێك دایـە تـەنیا بـە مـەرگ کۆتـایی پێـدێت ئـەوەیش خۆزگـەی هـەمویان بـو بـەهۆی نهێنیەکانیانـەوە ئـەو ڕێگەیـەیان لێـدەگیرا زۆر جار بیریـان لێـدەکردەوە ڕۆژێك سـاکار ئەوەی بە نیشـتمان گـوت: (مـن کلیلـی ڕێکخسـتنم لایـە نـاتوانـم خۆم بکـوژم ئـەگەر لێرە نەچمە دەرەوە ئەوا زیـانێکی گەورەیـە) نیشتمانو شەوبۆیش هەمان نهێنیان هەبو دەیانویست بمێننەوە بـۆ زەمـەنێکی دیـاری کـراو لەبـەر ئـەوەیش بـەو جـۆرە لـەویان دەڕوانی ئەویش ئەو ڕۆژە هـەتا ئێـوارە وشـەی لـەدەم دەرنـەهات بەردەوام لە دیوارەکەی دەڕوانـی کـاتێکیش خـەوت بۆ بـەیــانی زۆر درەنگ هـەسـتــاو نیشتمانی ماچ کرد دەسـتی گوشـیو قژی بـۆ هەڵـدایەوە: (نیشـتمان ئەگـەر بیروبـاوەڕت هەیـە دەتـەوێت خـەبات بکـەیت باشـترین خـەبات بـۆ تـۆ ئەوەیـە پشـتم بـۆ دابـنیٚ هەتا دەچمە سەر پەنجەرەکە) نیشتمان دو دڵ بو ئەویش گریـا: (تـۆ خۆشـەویسـتی هـێمنی برامیـت ئـەو ئێسـتا دەیـەوێت بـە شەرەفەوە بمرم هەستە قسـەی خۆشەویستەکەتە دەبێت بمـرم)

نیشتمان دەستی لە خۆی شت بو گوێی بە هیچ نەدەدا لە دەردی سۆمایش ئاگادار بو بەو قسەییشیەوە کەوتە بیرێکی قوڵەوە بیری لەو ساتانە دەکردەوە خۆی دەبرا بۆ ئەشکەنجەو فەرماندەکە پەلاماری دەدا یەکەم جار زۆر بەقین بو وەك تەزوی مەرگ گرتبێتیەوە دوای ئەوە هەرچەندە لەلای ناخۆش بو هەمیشە بەو تەزوەوە خۆشی دەیگرتەوە جارێك ئەوەی بۆ ساکار باس کرد: (نەنکم زۆر جار حیکایەتێکی دەگێڕایەوە دەیگوت: ورچێك کچێکی فڕاندوە بردوێتیەتە ناو ئەشکەوتێکەوە هەر کات هاتۆتە دەرەوە تاشە بەردێکی گەورەی خستۆتە سەر کونەکە کچەکە نەیتوانیوە بێتە دەرەوە چەند ساڵ بەو جۆرە ماوەتەوە ڕۆژێك رانی ئاوایی چونەتە بەر کونەکە ملوانکەکەی خۆی خستۆتە ملی بزنەکەی خۆیانەوە کاتێك ئێوارە ران گەڕاوەتەوە دایکی لە کاتی دۆشینی بزنەکەدا ملوانکەکەی ناسیوەتەوە بەیانی رانەکەیان بردۆتەوە هەمان جێگەو مەڕو بزنەکانیان بەرەڵا کردون بەو جۆرە کچەکەیان دۆزیوەتەوە چەند بەچکەی لە ورچەکە هەبوە کاتێك براکانی بەچکەکانیان کوشتوە کچەکە گریاوە گوتویەتی: (بۆچی منداڵەکانم دەکوژن) ئەوەی گێڕایەوە گریا بە کوڵ فرمێسکی

رشت: (ئێمەیش بە دەست ئەم ورچانەوە وامان لێهاتوە) بەو بیرەوە موچڕکەیەك گرتییەوەو یەکسەر هەستا ئەویش چوە سەر شانی دەستی لە پەنجەرەکە گیر بو ئەوسا قاچیشی بەرز کردەوە کاتێك چوە ناوی خۆی هەڵگێڕایەوەو بەسەردا خۆی فڕێدایە خوارەوەو مێشکی پڕژا ئەوە نیشتمانی توشی هستریا کرد لەبەر ئەوەیش لە گۆڕەپانەکەدا قیژاندی جەستەی خستە بەر گوللە ڕۆحی سۆمای لە گەردەلولی باکەدا دەدیەوە بە ئاسمانەوە دەفڕی جەستەیشی بە خەڵتانی خوێنەوە لە بەندیخانەکەدا بۆ ڕۆحی دەگەڕا} تەقینەوەی دەنگی دو فڕۆکە ئاسمانی شارەکەی هەژاند شێتەڵە لەو وێنانەدا روانینی تێکەڵاو بو بە یەکجاری بە ڕاڕەوەکەدا ماخۆلان گرتیەوە ئیتر بە تەواوی شێت بو لەو ساتەیشدا لەسەر لوتکەی شاخەکەوە هەرەسهێنانی بیرەوەری لە ڕاڕەوی بەندیخانەکەدا نوقمی دەکردەوە ئەو ڕەگە هەر لەگەڵیدا مایەوە کاتێکیش لە بەندیخانە دەرکرا بە شێتی بەناو بازاڕدا دەگەڕا پاش دو ڕۆژ خەڵکی ناسیانەوە بردیانەوە بۆ ماڵەوە کاتێکیش لە دەرگاکە ئەودیو بو ماڵەکەی شڵەژاند گریانێکی گرت بە هیچ شتێك ژیر نەدەبوەوە بەو زامەیشەوە شەو خۆیان پێچایەوە لەگەڵ ماچەکانی پورکەدا کۆڵانەو کۆڵان لە شار

دەرچون زنجیرەی وێنەی ناو(با) مێشکی دەگرتنەوە بەردەوام ئەو وێنانەیان دەبینییەوە ئەو شالأوەیش هەر پەرەی دەسەند کاتێکیش پاش چەند ڕۆژێك هاتنەوە گۆڕەپانی شار ئەوەندەی تر شێت بو کردەی کارەبای نەخۆشخانەکە هێوری کردەوە کەوتەوە گەرداوی وێنەو بە بێدەنگیەوە لە فەزای دەڕوانی دەیویست بفڕێتو جیهان بەجێبهێڵێت لەو ساتەشدا لەسەر لوتکەی شاخەکەوە ئەوانەی دەدیەوە تیژ دەزولەی بلأو دەکردەوە قولأیی چاوی دەبڕیە ئاسمان دواجار دەزولەکان هەموی تێکئالأن دەنگێك لەو دیوی لوتکە شاخەکەوە بەرزبوەوە فیشەکێکیش تەقی بەو دەنگەوە لەو خەیالە قوڵە پچڕاو هەردو دەستی داگرتەوە بەرەو خوار هەنگاوی هەڵهێنایەوە دوای چێشت هەنگاوێکی درەنگ گەیشتەوە ژورەکەی میمکەش بە دوایدا هات بە هێواشی لە دەرگای دا کاتێك هاتە ژورەوە پریاسکەیەك مێوژو باسوقو هێلکەی کردەوە: (ئەوە گوێزەبانەی کوڕەکەی مەحسومەیە) بەو وێنەیەوە موچڕکەیەك گرتیەوە میمکەیش هەستی پێکرد پاشان بە جوتە ڕاست بونەوە لەو ساتەدا گریەی منداڵەکە گوێی دەزرنگاندەوە میمکەش بە حەپەساویەوە سەیری کرد ئەویش ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

(منداڵەکەی مەحسومە دەگری) بەو بیرەوە میمکەی بەڕێ کردو لە جێگەی خۆیدا دانیشتەوە ساتێك لە شاخو کێوی ڕوانی ئەوسا گڕی فتیلەکەی حەمکۆڵ لەبەر چاوی دەگڕایەوە لەگەڵ کەڤ وەلیایەتیو مێشکی داخراوی شێتدا ئاوێتە دەبون ئەوە هەر لەو ساتەی گوندەکەی بەجێهێشت کەوتە گەڕان زۆری لەسەر ئەو نهێنیانە بیست بو پرسیاری دەکرد خەڵکیش ئەو باسەیان بۆ دەگێڕایەوە ئەویش هیوای بینیی ئەو کەفە بو دەیویست لەوەوە نهێنی بون بزانێت چەندە هەوڵی دا هیچی دەست نەکەوت بە نائومێدی گەڕایەوە لەو ساتەشدا بە خەیاڵ خستبویە سەر لێوی ئەوسا بۆ نهێنی چاوی هەتەر دەدا مێشکی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگیان پیادا دەهات بەو شڵەژاویەوە چو بۆ سەر حەوز دەست نوێژی گرتو نوێژی کرد ئەوسا بروسکە لێیان دایەوە دەیویست جیهان ببڕێت ناچار بۆ شاخەکە سەرکەوتەوە کاتێك لە گوندەکە دەرچو شا مەرگو زێبای بینی لە دۆڵەکەوە بەدو کۆڵە گەڵاوە دەهاتنە خوارەوە بەدەم ڕۆیشتنەوە تیشکی عەشقیان بەسەر یەکدا دەباراند بەو خەیاڵەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوە هەتا لەبن بەردێکدا پورکەی دییەوە بە تەزبێحەکەیەوە زیکری دەکرد ئەویش چوە بەردەمی پورکە دڵی

پـڕ بـو سـاتێك گريـا لـەوەوە وێنـەی ئـەو سـاتەی بـير هاتـەوە شاخەوانی مێردی بوخچەكانی لێگرتن ئەو ژورەی پێدانو نانو چێشتی بە تارای كچيدا بۆ ناردن بەو جۆرە هەتا گوللە باران كرا هەر خزمەتی كردن لەو ساتانەيشدا بەو وێنەيەوە لەوی ڕوانـی دڵـی پـڕ بـو بـە تاڵـە دەزوەكانيـەوە بـە شـاخەكەدا سـەردەكەوت تيـژ هـەنگاوی هەڵدەهێنايـەوە هـەردو دەستيشـی كردبوەوە وەكو بيـەوێت هـەمو زەمـەن ببڕێت هـەتا گرێـی نهێنی بون لە چركەی بای نەفخدا بكاتەوە !!

# 6

: (ئێرە نیشتمانی گۆڕستانە هەمو ناسنامەیەك مەرگەو مەرگ وێنەی هەمومانە) بەو قسەیەوە كۆلارە خەیاڵییەكەی بەرداو گۆڕێكی تری راكێشا هێنایە بەردەمی بە قولی لێی ڕوانی پرسیارەكانی بە وێنەیەكی زیهنییەوە بەرجەستە كرد: (پێدەچێت تۆ لە سالأنێكدا مرد بیت گوللەی تیادا نەبو بێت هەرچی سەیرت دەكەم مرۆڤی دو سەد ساڵ لەمەوبەرێت ) تالە دەزوەكەی بە قینەوە بەرداو گۆڕێكی تری ڕاكێشا بە بینینی خۆشی گرتیەوە بەو خۆشیەیشەوە دەزوەكەی ڕاكێشایە بەر پەنجەرەكە دایەلۆژی دەرونی لەگەڵ خۆیدا كردەوە: (شاخەوان زامێك كەوتۆتە جەرگمەوە ساڕێژ بونی نییە ئەو گولانەی بەر تۆو شێركۆو تاراو شارا كەوتن دڵیان گرتم لەو ساتەدا جیهانم

کـاولکرد لـە ئەشـکەوتەوە بـە دەزوی خـەیاڵی زریٚ پۆشـەکانم دەسوتاند ئێوە هەر کوژران ئاخ) بەو ئاخەوە لە جەستەی ڕوانیو گوللەکانی دیەوە وەك ئەو ساتە شارا لە ژێر جێگەدا کەوتبو ئـەویش هـاتبو لـە دەشـتەکەدا گـژو گیـای سـك ئێشـەی کۆکردبوەوە هەتا بۆ بکوڵێنێتو چاك ببێتەوە کتوپڕ دەستڕێژ بەر پێـی گرتـەوەو نـەیتوانی بگەڕێتـەوە بـە دۆڵەکـەدا بـۆ شـاخەکە سـەرکەوت لـەو ساتەیشـدا ئـەو گڕەیـە جەسـتەی گرتـەوە بـەو تەزوەوە قریشکەیەکی کردو ڕوی وەرگێڕا لە پڕ دەزویەکی تری هەڵدا بە کۆلارە گۆڕێکی ڕاکێشا هەر لە دورەوە فرمێسکی بۆ هەڵڕشت کاتێك گەیشتە بەر پەنجەرەکە دەنگێك لە ناخییەوە بەرزبوەوە: (شۆڕش چەند ساڵە نازانم کامەیە گۆڕی تۆو هێمن ئـەو گۆڕسـتانەم هـەموی بەسـەر کـردەوە ئێـوەم نەدۆزیـەوە ئێستایش دەمـەوێت پرسیارێکت لێبکـەم بـزانم بۆچـی هێمنـت کوشـت ) بـەو قسـەیەوە قریشـکەیەکی کـرد ژورەکـەی هەژانـد پاشان دەستێکی بە ناوچەوانیدا هێناو کەوتە ڕوانین ڕەنگەکان تێکەلاۆ ببون بۆنێکی تفتوتـاڵ بە ڕەنگی مردوی سیواخەکەوە پـەرش دەبونـەوە ئـەو بۆنـە لـوتی گرتبـوەوە مـەلی سـەرنجی هەڵـدەفڕاندو دەکەوتـە گـەرداوی گومـانو گـەڕان بـەدوای نهێنی

بوندا کە هەمیشە مێشکی جەنجاڵ کرد بو بەو ڕاڕاییەوە وشەی تێکەڵ بە فرمێسکی دەکرد: (ئەم جیهانە پاپۆڕێکە بزر مرۆڤ لە مەرگێکدایە بەبێ شوێنەوار زەوییش شریخەو بایەکی گڕاوی دەوێت هەتا کاتژمێری مێژو بسڕێتەوە ئەوسا هەمومان لە نهێنی مەرگدا بەشدار دەبین) بەو قسەیەوە بەشەکەتیەوە لە پەنجەرەکەی ڕوانی ئەوسا نزیک بوەوە لێی چاوێکی بە گوندەکەدا گێڕا ساتێك لە کارەساتی خوێناویدا نوقم بو جەستەی مەرگاوی دەدیەوە بەو بیرەوە گێژەڵوکەیەك لە مێشکیدا هەڵی کرد لاپەڕەی مێژوی گوندو شارو جیهانی دەپێچایەوە تەقەیەك لەپڕ لە دەرگاکە درا تالیم بە باوەشێك نانەوە هاتە ژورەوە نانەکەی خستە قوڵینەکەوە ئەویش لێی دەڕوانی کزەیەك لە جەرگی هەستا بەر لەوەی ئەو دەرگاکە دابخاتەوە بانگی کردەوە: (جوتێك پێڵاوم لەسەر گۆڕستانەکە دۆزیوەتەوە تۆ لە پێی بکە) تالیم ساتێك لە ژورەکەدا پێوەی گەڕا خۆشیەك گرتییەوە دەیویست هەرچی زوترە بچێتە دەرەوە پێوەی بڕوات بەو نوخشەیەوە دوا ئەمەکی خۆی هێشتەوەو چوە دەر ئەویش دەرگاکەی داخستەوە دوا دەنگی تالیم لە گوێیدا زرنگایەوەو ناوچەوانی سڕی: (شوکور پور فات رۆڵەی

باشی هەیە) بەو دڵنیاییەوە نانێکی هێنا جامێك ئاویشی لە گۆزەکە ڕۆکرد ئەوسا لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشت پاش ئەوەی نانو ئاوەکەی خوارد شانی خستە سەر سەرینەکە لە ناو دیمەنی ژورەکەدا مات بو لە دارو قڵیشی ژورەکەوە تابلۆیەکی چڕی بۆ دەنەخشا لە بیرەوەریەکی کۆندا شەلال بو کە کارەساتی خوێناوی نەیانتوانی بو بیهاڕن هەتا ئەو ساتەیش بە زیندویی لەلای مابوە جارێکی تر لە ڕوانینیدا سەوز دەبوەوە نیوە شەوێکی تاریك هەمو دەنگێك لە شەپۆلی هێزی بایەکی ترسناکدا خنکا بو ژورەکەیش تەزی بو با لە کونی دەرگاو پەنجەرەوە بە تیژی دەهات زۆپاکەیش سات بە سات سارد دەبوە ئەوەیش جەستەی تەزاند بون ناچار لەگەڵ شارا جێگەیان ڕاخست هەردو بەیەکەوە جوت بون ماوەیەکی زۆر بو ئەو جوت بونەیان بە خۆیانەوە نەدی بو کارەساتەکان وزەیان لەبەر بڕی بون لەو ساتەشدا بە جۆرێك جوت بون وەکو بۆ دواجار لە یەکتری داببڕێنو یەك نەگرنەوە ڕەشەبایەکی بەهێز گوندەکەی دەگرتەوە درەختو دەوەن تەزی بون بێدەنگیش لە ناو تاریکیو کزەدا دەخنکا دەنگێکی تریان پێکدەهێنا ئەو هێزە تەزیوە بە جۆرێك ژورەکەی گرتبو لەناو پێخەفەکەیشدا بە تەواوی لێکئالا

بـون لەگــەڵ جوڵــەی جەســتەیاندا گــەرمیان دەبـوەوە لەگــەڵ فیشکەی هەناسەیان هەڵمێکی چڕو پڕ ناوچەوانیانی دەگرتـەوە جـوت دەبونـەوە جیادەبونـەوە سـەرماکەیش جـوتی دەکردنـەوە ئەوە چەند ساڵـێك پتر بو تازە ئەو بۆنو بەرامەیەی هەڵدەمژیەوە لەناو تەوژمو بۆنی ئەو ساتەدا دەژیایەوە ساتێك وەك پەیکەر لە خـۆی ڕوانـی تـامێکی خـۆش بێخـی ددانـی دەگرتـەوە تـەنیا لـە شــەوی زاوایەتیـدا ئـەو چـێژەی چەشـت بـو هـەرگیز لـە بـیری نەدەچوەوە کاتێك بـە ئازاری چاوەڕوانی ئەوێنـەوە کـاتی بـردە سەر هـەتا هیوای هاتـە دی لـە شـەوی زاوایەتیـدا واقـی وڕمـا بـو بـەربوك بـە پـاڵ فڕێیدایـە ژورەکـەوە بـە چـەپۆك ڕەگـی ئـارەزوی دەجولآنـد دوای ئـەوەیش لەبـەر دەرگاکـە چـاوەڕوانی پـەڕۆی بوکێنی دەکرد بە دەرزی بە دۆشەکەکەوە بەست بوی ئەوانیش سـەریان سـوڕما بـو لـە کاتێکـدا دەرزیـان گۆڕییـەوە زاوا لـە بـوك چوە پێشەوە هەردوکیان لە یەکتریان دەڕوانیو بەربوك کـەوتبوە بۆڵە بۆڵ: (برایم شابازی کوڕت نابێت بەزاوا من ئێستا چی بکەم ئامـەخان چاوەڕوانی پەڕۆکەیە تـەنیا ئـەو کچـەی هەیـەو بـە قـەد دنیا خۆشـی دەوێـت) ورتـە ورت دروسـت ببـو هـەمو چاوەڕوانی زاوا بـون ناچـار تونـد لـە دەرگایـان داو بانگیـان کـردە دەرەوە

ئـەویش جەسـتـەی شـەلالی ئـارەق ببـو بـە دەسـتی باوکییـەوە توانـای وشـەیەکی نـەبو ئـەویش بردییـە قوژبنێکـەوە حەشمـەتی خۆی بەسـەردا باراند: (تـۆ چـۆن پـەیمانگای مامۆستایت تـەواو کردوە نەزانیت کچێك بکەیتە ژن) بەدەم قسەکەیەوە لێوی خـۆی دەکرۆشت بەو جۆرەیش بە پەنجەی ئەو وێنەیەی بۆ کێشاو بە گوێیدا چپاند هەر ئەوە بو کاتێك چوە ژورەوە پاش ماوەیـەکی کـەم پەڵـەی ڕەنگـاو ڕەنـگ بـە هاوارەکـانی بوکـەوە ڕژانـە سـەر پەڕۆکـە کـاتێکیش هەستایەوە لـە یـەکتریان دەڕوانـی تامێکیـان دەجوەوە هەرگیز نـەیان دی بـو کزەبایـەك لـە پەنجەرەکـەوە کشا ناوچەوانی تەزاند لە کاتێکدا ئەو تامـەی هەڵـدەمژیەوە گـرژ بـو وەکـو پـــەپولە نیگـای هەڵـدەفڕی لـە پـڕ ڕوانـینی بـەو چێژەوە گیرسایەوە لە بۆنو بەرامەی ژورەکەدا مۆمیا ببو ئەو مۆمیا بونـە زۆر جار لەو ژورەدا لە قلْشو درزیەوە تراژیـدیای کارەساتەکانی پێدەخوێنـدەوە لـەو سـاتەی قاچـی خسـتەوە نـاو گوندەکـە لـەو ژورەدا نیشـتـەجێ بـون کـە جێگـەی کەسـانی تـر بـون بـەجێیان هێشت بون هەر بۆیە ئەو دارو دیوارەی بە کتێبی عەشقو مەرگ دەزانی دوای مەرگی شارای ژنیشـی ئـەو دێڕانـەی دەخوێنـدەوە پـاش ئـەوەی ماوەیـەك خولایـەوە جوگرافیـای گوندەکـە بـۆ

ئەفسانەی خۆی کێشی کردەوە لەو ساتەشدا بەو دیمەنەوە لە درزو قڵیشی سیواخەکەوە جیهانی دەخوێندەوە: (ڕوانینم بە گۆڕی شوشە داپۆشراوە جیهانیش بەو وێنانەوە وێنا بوە تەنیا گۆڕستانێك جوگرافیاکەی پێکهێناوە) ئەو خەیاڵە خستیە گۆڕێکی تەنیاییەوە تەنیا کەلەسەرێکی تێدا بو بە تاڵە دەزوی ئەفسانییەوە مێژوی چاپ دەکردەوە بەو بیرەوە پەنجەی خستە دەمیەوە لەناو زریانی مێژودا مات بو لە ڕوانینی سیواخو دارو پەردوی ئەو ژورەوە ئەو گۆڕەی دەدیەوە کە یەکەم جار لە پەرێزی گوندەکە بەرچاوی گرت وایدەزانی کەوتۆتە جەنگەڵستانی مەرگەوە هەر بە کتوپڕیش لەناو زرمەی تەقینەوەی تۆپو بۆمباو دەستڕێژدا دەنگێك لە شالاّوی خوێنو تاریکی جەنگەوە بەرزبوەوە بە تیژی مۆسیقای مەرگی دەژەند جارێکی تر لە رۆمانی(با) یا پەخش دەبونەوە: {ئێرە جەنگەڵی کوشتارە مەزاری ئەو تەرمە سپییانەیە بەبێ تابوت بەسەر زەریای خوێندا دەسوڕێنەوە لێرەوە بۆ خاکێکی تر کۆچ دەکەن لە ڕۆحەوە بۆ جەستە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان نیشتمانی مین ڕێژی ڕۆحی ئەو پەپولانەیە بە ژیان نامۆ بونو لە ون بوندا دەخولێنەوە) تیشکی خۆر لەسەر برینی جەستە خوێن

گرتوەکـان هــەڵمی بــەرز دەکـردەوە خــوێن ببــوە زمــانی مــادەو سروشت بەو وێنەیەوە هەنگاوی هەڵـدەهێنایەوە بەو جۆرە بە بێهۆشـی پـەلی ژنەکـەی دەگـرت بـەرەلاَی دەکـردەوە کاتێـك لـە گێژەنگی باوە وێنەی تەرمی کوڕەکەیان نیشـاندا دەنگێکی کپ لـە ڕۆمـانی(بـا ) وە گـوێی زرنگانـدەوە ئـەو نهێنیـەی لـەو سـاتە وەختـەدا بـۆ رون کـردەوە: (ئـەوە جەسـتەی هێمنـە لـە خوێنێك هەڵـکشاوە ڕەنگو واتای تری هەیە بزانن شۆڕشـی برای چۆنی کوشـتوە دەیزانـی ئەسـتێرەیەك بەسـەر خۆیـدا دەخاتـە خـوارەوە کراسـە سـورەکەی ناچـاری کـرد کوشـتی) وەك ئـەو سـاتە بـە تەلیسـمی روداوەکانـەوە نـوقم بـو بـەو وێنەیـەوە ڕوەو تـاریکی دەنگـــی خنکـــاو هـــەنگاوی هەڵدەهێنایـــەوە وایـــدەزانی بـــە شارسـتانیەتی جنۆکـەدا بـۆ قـولاَیی زەریایـەك دەچـێت جەسـتە قـوت بـدات نهـێنی جیهـان لـەو مـەزرا تاریکیـەوە ببینێتـەوە هـەر ئەوەیش ببوە ڕەمزو زمانی بون لـە دوای زەمـەنی ڕوداوەکانـەوە وێنەیان لـــەلای دەکێشـــا دەنگی ڕۆمـانی(با ) یش بە دوایانـدا دەهات سات بە سات پەرەی دەسـەند بەرەو قولاَیی نهێنیەکانی دەبردن سەرلەنوێ ئەو نهێنییانەی دەدرکاندەوە: (لێرەوە بەرەو ئاسـودەیی جیهـان دەچـن شـۆڕش دڵـی سـۆمای خسـتۆتە

جەستەیەوەو لە ناپاکی هێمن ڕزگاری کردن ئێستا ئەو بە دوای دڵۆپەی مەمکی ئاسماندا دەڕوات ئێوەش لەم دۆڵەوە بە دوایدا بچن وەکو زەویو دڵۆپە یەك بگرنەوە) ئەو دەنگە بۆ گەردەلولی جەنگ ڕای دەکێشان لە نیشتمانی وێنەیەك گومان بو بەرامبەر بە حەقیقەت لە گێژەنگی رەشەباوە دەردەکەوت گەڵای سەر تەرمەکەی شۆڕشیان نیشان دەدا هیچ واتایەکیان بۆ گومانو ڕاڕایی بەسەر برینە قوڵەکانەوە نەدەهێشتەوە بێدەنگی جیهانیان دادەخست بە جۆرێك زەوی لەو بێدەنگیەدا بتەقێتەوە دەستڕێژو تەقینەوەی گوللە تۆپو کاتیوٚشاو چل چلو دۆشکاو دەنگی فڕۆکەو هێلی کۆپتەر لە ئاسمانو زەویەوە تێکەڵاو دەبون رەشەبایەکی بەهێز هەڵی کرد بو شالاوی کۆچو مرۆڤو ئاژەڵو ڕانو گاو کۆتەڵو ئەسپو کەرو ولاخو ئۆتۆمۆبیلو تراکتۆر لەگەڵ تەقینەوەی بورکانی جەنگدا تێکەلاو دەبون زریانێکی ئەفسانەیی ناوچەکەی گرتبووەوە هەمو بۆ سەر ڕێی شار هوروژمیان دەبرد گوندو خانویش لە دوایانەوە دەتەقینەوە لەو شالاوەدا گێژ ببون توانای ڕشتنی فرمێسکیان نەبو دەنگێك بەسەریاندا دەهات دەستێکیش ڕای کێشانە تراکتۆرێکەوە :

(دیارە ئێوە خوێن گرتونی بڕۆنەوە بۆ شار گەردەلولی خوێنو

جەســتەو ڕۆح لێــرەوە بــۆ جیهــان هەڵــدەکات) ئــەو ڕســتەیە دایچڵەکاند بە تەقە تەقی عەرەبانەکەیش ئەوەندەی تر خرۆشا ئەو ڕوبەرە تەنیا ڕەنگی گۆڕێکی لەلای دەدایەوە} ئەو وێنەیە لە جوگرافیــای دێیەکــەوە دەهاتــە بەرچــاویەوە وەك ئــەو گــۆڕە ڕوبەرەکەی دەدیەوە لەو ساتەیشدا ئەو دیمەنە گرتیەوە درزو قڵــیشی دیوارەکــە ئــەو وێنەیــەیان دەدایــەوە گــەردەلولێك لــە مێشکیدا هــەڵی دەکــرد جەســتەی لــە ڕۆح جیــادەکردەوە ئــەو گێژاوە لە ڕوانینی شاریشەوە مێشکی گرت ئاسمان ڕەنگێکی پرتــەقاڵی دەدایــەوە بــە تــەوژمی بــاو هــەورێکی خوێنینــەوە ڕەنگاڵەی دەکرد وەکو وێنەی جەستەی تەزیوی چاپ کرد بێت بەو پێیەش کۆڵانو کوچەو میوانخانەو ماڵەکان پڕ ببون لە بریندار مزگەوتیش بە خەڵکی لێقەماو پڕ ببونەوە بەو وێنە سورباوانەوە بە کۆڵانەکاندا دەگەڕا تەلیسمی جۆراو جۆری شاخ زنجیرەیان دەبەستەوە ئاوێتە دەبونو دەکوژانەوە کاتێکیش لە شار دابەزی لەو ئاسمانەی ڕوانییەوە شێتیەکەی تەواو پەرەی سەند بە کۆڵانەکاندا دەگەڕا مندالآن بە چەپڵەوە دوای دەکەوتن ئەویش باڵی دەکردەوە دەیویست بفڕێت فڕە فڕ لاسایی فڕۆکەو باڵندەی دەکردەوە چەند ڕۆژ بەو جۆرە شاری وروژاند ڕۆژانە

شارا بە دوایدا دەگەڕا پەلی دەگرتو دەیبردەوە بۆ ماڵەوە قژی خۆی دەڕنیەوە: (خانوەکەمان تەخت کرا پورکە ئەو تەنها هۆدەیەی داوینەتی تۆ دەتەوێت ئابڕوی ئەویش بەریت بەسە شێتێتی وەرەوە سەر خۆت) چەندەی لەگەڵدا گوت چاری نەبو تازە وەکو شێتەڵە لە شارەکەدا ناسرا بو ناچار بردی بۆ لای پزیشك ئەویش بیری لە کارەبا کردەوە نەخشەی بۆ کێشا ئەویش شالاوی شێتێتی مێشکی دەگرت دەلەرزیو گڵۆپی ڕوانینی دەبونە گەردەلولو یاری جەستەیان پێدەکرد کارمەند دەستو قاچیان دەگرت ئەویش بە تابلۆیەکی خوێن چڕەوە تەرمی سپی لە گڕی خوێندا دەدیەوە پزیشکەکەیش پەنجەی خۆی گەست ئەویش لە تەزوی کارەباکەوە لە دەریای ڕوانیندا نوقم ببو دەیویست زنجیرەی تابلۆی خوێناوی بگرێتەوە لەو ساتەی لەسەر چرپاوەکە ڕایانکێشا گۆڕا دوای یەکەم کردەی کارەبا بۆ ماوەیەك هێمن بو کاتێکیش چو بۆ فیلمی جەنگی ڤێتنام تێکچوەوە جارێکی تر بە بینینی فیلمی هێرۆشیما قیژاندی پۆلیس بە لێدان کردیانە دەرەوە دوای ئەوە ئیتر بە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە مێشکی شەپۆلی دەداو خۆی بۆ فڕین ئامادە دەکرد وێنەی ئەو دو فیلمە لە مێشکیدا چاپ ببون زۆر

جار قریشکەی دەکرد هەتا شارا لە کۆڵانێکدا دۆزیەوە قژی خۆی ڕنیەوە: (چوار منداڵم کوژراوە تەنیا ماومەتەوە تۆیش بویتەتە دە مەرگی تر بۆم) بەو قسەیەوە پەلی گرت بردیەوە بۆ ماڵەوە بۆ بەیانی بردیەوە بۆ لای پزیشکەکە ئەویش وایەرەکانی بە لەزگە لەملاولای سەری توند کرد لەو ساتەی پەنجەی بە پلاکەکەدا نا لەرزیو وێنەکانی تێکەڵاو بون پاش ئەوەی لەزگەی لێکردەوە پشویەکی داو لەناو وێنەی(با) یا مۆمیا بو ئەو ڕۆژە یەکەم جار بو لە سەرەتای ڕوداوەکانەوە سەیری ئاوێنە بکات بە وردی لە خۆی دەڕوانی برۆو برژانگو کوڵمو ددانو سەرو ڕیشی شارایش تاقم تەراشەکەی بۆ هێناو ڕیشی تاشی ئەوسا دەمو چاوی شت بەو جۆرەیش ئاوێنەکەی هەڵگرت لە خۆی ڕوانیەوە بەرزی دەکردەوە نزمی دەکردەوە وێنەی ساڵانێکی ڕابردوی دەهاتەوە بەرچاو پێستەکەی دەگۆڕا بۆ منداڵی ئەو ڕۆژانەی بە شەڕە قۆچەقانی شاریان تەی دەکرد بە شەکەتیەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە: (دایکە چیمان هەیە ) : (دەرد) قاچی بە زەویەکەدا دەکێشاو خۆی توڕە دەکرد: (چیە ئەم دەردە دەردە ) : (ئەی تۆ چیتە لە شەڕە قۆچەقانی بۆ دوای خوێندن ناچیت یاریدەی باوکت بدەیت بە تەنیایە لە کچو کوڕ تۆ شك دەبات دەزانیت

ئێمە بە سێ منداڵ جگەرمان سوتاوە شەرم بکە) جارێك بەو جۆرە چوە بەردەمی دارێکی پیا کێشا: (سەری ئەو کوڕەتان بۆ شکاندوە) : (من نەبوم بە خودا) : (ئەی کێ بوە دایکی هاتۆتە سەرم) : (دایکە ماچێکو پێنج فلسم بدەری) ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە بو لە پڕێکدا گۆڕا وازی لە شەڕو کۆلاّن هێنا دوای قەتابخانە دەچوە لای باوکی لە دوکان دادەنیشت دوای ئەوەیش توشی داوی عیشق هات دەیویست هەر چی زوترە باوکی بڕوات هەتا چاوەڕوانی ژوانەکەی بکات بە خەیاڵ قسەی لەگەڵدا دەکردو لە بالاّ ناوەنجییەکەی دەڕوانی وەك شەپۆل بە جوانیەکانی بونەوە بە روخسارە گەنمییە ئاڵتونییەکەیو چاوو برۆی گەشو کوڵمو لێوە ئاڵەکانیەوە وەك نەوبوکی نیل دیاری دەدا کاتێکیش باوکی دەڕۆیشت ئەویش دەهات بە زمانو ئاکاری کاریگەریەوە ئەو تەلیسمە جوانییەی تیشکی لێدەبوەوە: (چۆنی بازرگان) : (گیانت کێشام چەندە چاوەڕوانم کردیت) : (ئەمشەو شیعرەکانم خوێندەوە) لەو ساتەشدا ئاوێنەکەی بەرز کردەوە: (هەردوکمان گەنجین کەی شاییەکەمان بکەین) : (شایی هەر بۆ منو تۆ باشە) : (لە بیرتە دایکم مرد) : (دو مانگ دوای دایکم کاتێك هیوامان بو بیرمە منداڵێك هات لە

حەوشەکەوە قیژاندی گوتی: (خەرمان خان مردوە) بەو بیرەوە لە ئاوێنەکەی ڕوانیەوە دایکی تیادا دیەوە دڵۆپەیەك فرمێسکی هەڵڕشت هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەو شالاوەدا مات بو دوای ئەوە کەمێك هاتەوە سەر خۆی بە بێدەنگی ژیانی کۆکردەوە هەمیشە بە گەرداوی وێنەی(با) و ڕەنگی کارەساتەوە لێوی دەجولاند لەو وێنانەی دەڕوانیو لە ئاسمانی شارەکەوە بۆ قولایی جیهان چاوی هەتەر دەدا لەوێوە زەویەکەی دەدیەوە ئەو فەزایەی لێببو بە تەنها گۆڕێك تواناى شاردنەوەی جیهانی هەبو بەو بیرەیشەوە جەستە لەبەر چاوی هەڵدەفڕی بەو وێنەیەوە ڕوی دەکردە بۆشایی ئەو پڕۆڤەیەی لە گۆڕەپانی شارەوە دەیکرد ڕۆژێك بەو وێنەیەوە ڕوی کردە شاخەکە وەك ئەو ساتەی لەسەر کۆمەڵە تەرمەکە وەستا بەو جۆرە کارەساتەکانی خستەوە بەرچاوی ویستی بفڕێت: (شۆڕشو شۆڕش) دەیان وێنەی فۆتۆیی بۆ ڕسکا وایدەزانی لە فەزادا بە باڵ دەفڕێت دەیویست بچێت قسەی لەگەڵدا بکاتو وێنەی تەمەنی دەدیەوە لە منداڵیەوە هەتا دوا چرکەی مەرگی وەکو مەلێك پەلاماری دەدا ئەوسا بو بە کۆترێکی سرك لە شەقەی باڵی دایەوە یاری لەگەڵدا دەکرد وێنەکەی هێمنی بۆ هەڵدەدا

وەك ئەو ساتەی لەسەر لیژنە تەرمەکە چەکدارێك دایە دەستی: (ئەوە وێنەی هێمنە مانگێك بەر لەم جەنگە بۆی نارد) بەو تەوژمەوە گەردەلولێکی نادیار هات ڕۆمانی(با) ئەو نهێنیەی گێڕایەوە: {ئەو وێنەیە بو بە کارەسات بۆ شۆڕش کاتێك وەری گرت خستیە گیرفانیەوە چو لە ژێر درەختێکی بەرز سەیری کردو خستیە سەر دڵیو ماچی کرد کاتێك پشتەکەی خوێندەوە دڵی پڕ بو: (با لە دوای مەرگمان برایەتیمان هەبێت وەکو لە ژیاندا نەمان بو لەم شاخە وشەیەك نیە ناوی برا بێت سۆمایش خۆی کوشت تەنیا منو تۆ ماوینەتەوە پێویستە بیرێك بکەینەوە) لەو ساتەدا فەرماندەکە هاتە ژور سەری: (بۆ هێمن دەگریت) : (برامەو ئەو وێنەیەی بۆ ناردوم هەواڵی مەرگی خوشکەکەمی بۆ نوسیوم) : (کراس سپی نابێتە برای تۆ ئەگەر بڕوات ئەوەندە بێ هێزە ببە بە کراس سپی خوشکەکەیشت کراس سورەو شەرمە ئەوەندە ورەت نزم بوە) ئەوەی گوت بە قوڵی سەیری کرد ئەویش لە دڵەوە دەگریا ئەو ڕۆژەی بیر هاتەوە بەسەر تەپۆڵکەکاندا هەنگاوی هەڵ دەهێنایەوە: (بیان کوژن مەگەڕێنەوە) سەعید لێی ڕوانی: (شۆڕش هێمنیش) : (هێمن کێیە خوشکو برا لەلای من نیە) لەسەر لیژنە تەرمەکەیش ئەوەی

دوپات کردەوە لە کاتی گوللە باران کردنی دیلەکانیشدا گریا بە سەیر کردنی ئەو چاوو مێشکانەی لەسەر خۆڵەکە یارییان دەکرد لەو ساتەیشدا ئەو وێنەیە گرتیەوە لە دڵەوە نەفرەتی کرد تفەنگەکەی کردە شانیو بە شاخەکەدا سەرکەوت ماوەیەك بەو داخەوە تلایەوە هەتا جەنگ دەستی پێکرد ئەوە توشی گەرداوێکی کرد هۆشی بەخۆی نەما وشەی هێمن سات بە سات دەهاتە گوێیەوە ڕۆژێك لەگەڵ فەرماندەکە گرەوی کرد: (بەڵی شەرتە خۆم بیکوژم) : (بڕیار) ئەو بڕیارە توشی کێشەی دەرونی کرد ڕۆژێك بیری کردەوە بڕوات سەعیدی بانگ کرد: (سەعید دەڕۆم چەکەکەم فڕێ دەدەم) سەعید قاقا پێکەنی: (وریابە شوشەیەك نەشکێنیت تۆ نەکوڕە بۆرژواو فەرماندەیت هەتا بچیت بۆ هەندەران نەدەشتوانیت لە شوێنێکدا دابنیشیت ئەمانە کارێکیان پێکردوین بەس بڕۆین کوژراوین) بەو وێنەیەوە مایەوە ڕۆژانە تفەنگەکەی بەسەر سەریدا دەکێشاو توشی بارێکی ناهەموار هات دوای گوللە باران کردنی هێمنیش خوێن گرتیەوەو دەرونو مێشکی تێکچو دوای ئەوە نەیتوانی تەنها فیشەکێك بتەقێنێت چەکەکەی فڕێدایە سەر زەویەکە وێنەکەی هێمنی لە گیرفانی دەرهێناو بە دیل گیرا} لەو ساتەشدا

ئـەو وێنەیـەی پیشـان دەدا وەك ئـەو سـاتەی لەسـەر تەرمەكـە دایانە دەستی دو دیمەن تێكەڵاو دەبون ئەو كارەساتە بو بەهۆی ئەوەی نەتوانێت لە شار دابنیشێت لەگەڵ شارا فەزای شاریان لەبـەر چـاو كـەوت بـۆ ئـەو زەویـە پێتاویـان پێچـا كـە تـەرمی كوڕەكانیـانی لێبـو لـەو ساتەیشدا ئەو تەوژمـە لـە درزو قڵـیشی دیواری ژورەكەوە دیاریان دەدا لەو ئاماژانەوە فەزای شارەكەی دەبینیەوە بەدەم كۆچی جیهانـەوە ڕۆحـو جەستە یاریـان دەكـرد بڵاودەبونەوە یەكیان دەگرتەوە لە قولأیی ئاسمانەوە بە گرێكـی نەبینـەوە چاپ دەبونـەوە لەبـەر دوكـەڵو گرێكـی ناوەختـەدا لێـی دەڕوانینەوە وێنەی ناو(با) ی تیادا دەدیەوە!!

7

(ئەم(با) یە نهێنی بونی هەڵگرتوە وێنەی مەرگ لە ناویدا بە زیندویی دەمێنێتەوە) شێتەڵە بەو وێنەیەوە پاروەکەی خستە دەمیەوە خۆی لە ئاگرەکە نزیك کردەوە: (شارا ئەم ئاگرو چایەی تۆ نەبوایە ڕەق دەبوینەوە چی سەرمایەکە ئۆف ئیتر بەرەو گۆڕەپانی جەنگیش دەچین) : (تازە هەست بەسەرما دەکەیت ماوەیەك شەو لە کۆڵانان دەمایتەوە وەکو تەختە وا بویت)(با) یەکی بەهێز لە هەمو لایەکەوە دەهات کزەیەکی تەزیوی دەبەخشی دەنگی تراکتۆرو سرمەی کەرو وڵاخ لە بنارەوە بۆ لوتکەو شیوو دۆڵ تێکەڵاو دەبون لەناو تاریکیدا وێنەیان دەشاردرایەوە بە گڵۆپی شارەوە یاریان دەکرد ئاگرەکەیش بە دوکەڵێکی چڕەوە بەرزدەبوەوە جار جارە

کۆمەڵـێك چیلکەو چەوێڵـیان سـەر دەخسـت گڕەکـەی بـەهێزتر دەبـو دەنگـی ڕادیۆیـەك لـە تاریکیەکـەوە دەهـات لەبـەر گڕەکـەدا سـیمای پیاوێـك دەردەکـەوت وردە وردە دەهاتـە پێشـەوە دەنگەکەیش بەهێزتر دەبو کاتێك گەیشتە لایان سڵاوی کردو لـە جێـی خۆیـدا دانیشـت ڕادیۆکـەی لـە تەنیشـتەوە دانـاو دەسـتی گەرم کردەوە: (من شەکرەمە ناتوانم هەنگاوێکی تر هەڵبهێنمەوە گیانم تیادا نەماوە) بەو قسەیەوە خۆی لە ئاگرەکە نزیك کردەوە ڕادیۆکـەی جولاند: (سـەرۆك کۆمـار لێبـوردنی دەرکـردوە) زڕەی پیاڵـە تێکـەڵی(بـا) یەکـە دەبـو کاتێـك شـارا چایەکی بـۆ تێکـرد کتـوپڕ تێکیـداو قـومێکی لێخـواردەوە گرمـەی زری پۆشـیش لـە چـوار دەوری شـارەوە دەهـات خشـەو جوڵـەو هـاوارو گریـەی ڕەوکـەرانیش شـیوو دۆڵـو لاڕێـو سـەر ڕێگـاو بنـارو پێدەشـتی دەگرتەوە گریەی شیرە خۆرەو هەناسەی ماندو بون مۆسیقای ڕەویـان پێکـدەهێنا لەهـەمو لایەکـەوە هـاوارو قیـژە هەڵـدەستا پیاوەکەیش ڕادیۆکـەی کوژاندەوە لـەو ساتەدا شێتەڵە چیلکەو چەوێڵـی تـری خسـتە سـەر ئاگرەکـە کاتێك گڕەکـەی بـەرزبوەوە پێکەنی: (شاخو شار هـەردو بونەتـە دۆزەخ) پیاوەکـە دوا قومی چـاکەی هەڵـقوڕاندو جگەرەیـەکی داگیرسـاند: (لـەو جێگەیـەی

هاوار کوژرا دەیان کەسی تر بەبێ تاون کەوتن شار ڕەنگی خوێنینی گرتبو دەزانیت چەندە خەڵك گیراوە ئەمشەو هەمویان گوللە باران دەکرێن) : (بەڵێ نەشار جێگەی ژیانەو ئەوەیش شۆڕشە میللەت چی بکات) : (من سبەینێ دەگەڕێمەوە توانام نیە یەك هەنگاوی تر بنێم) : (تۆ بگەڕێرەوە ئێمە دەڕۆین تازە ناتوانین لە شاردا بژین) : (بۆ ناتوانن هەردوکتان تەمەنتان هەیە کێ حەقی هەیە بە سەرتانەوە) شێتەڵە ئاخێکی هەڵکێشاو بێدەنگ بو پیاوەکەیش گوێی گرتبو ئەویش بە بێدەنگی لە شەپۆلی تاریکی دەڕوانی شارا پیاڵەکەی لە بەردەم لابرد لەو ساتەی چایەکی تری خستە بەردەم ئەو گریێیەی بۆ کردەوە: (لە شار بوینایە هەر ئەمشەو زیندە بە چاڵ دەکراین کەسمان نەماوە منداڵەکانمان هەموی کوژران) ئەوەی گوت فرمێسکی هەڵڕشت لە دڵەوە گریاو بە سەرپۆشەکەی چاوی سڕی ئەو ساتەی بیر هاتەوە هاوار هاتە حەوشەکەو دەستی کردە ملیەوە: (یا من دەبم یا بەڕێوەبەر تۆڵەی سۆما دەکەمەوە هیچ چارەیەکی نیە دەبێت لە تۆڵەی ئەوو دەیانی وەکو ئەودا بیکوژمەوە بە مەرگی خۆم ئەوە دەکەم) بەو بیرەوە گریا وڕەی دو تراکتۆر ئەو وێنەیەیان تێکەڵ کرد کە لەلای سەرەوە دەهاتن لە ئاستی

ئەمانــەوە وەســتانو چــەكدار بــە پرتــاو خۆیــان فــڕێ دەدایــە خـوارەوەو یـەك بـە دوای یەكـدا بـەرەو قـولآیی شـار ڕیـز دەبـون ئەوانیش خۆیان پێچایەوە كۆڵیان لە كۆڵیان بەستەوەو هەستان پیاوەكـەیش بـە دیـار ئاگرەكـەوە ڕاكشـا ئـەوانیش بـە دوای كاروانێكـەوە خۆیـان بـە قـولآیی جیهانـدا دەكـرد نـوقم دەبونـو دەردەكەوتنــەوە پــاش ماوەیــەك تراكتۆرەكــان گەڕانــەوە لــە تاسـەیەكدا هێواشـیان كـردەوە ئـەوانیش یەكسـەر خۆیـان بـەوی یەكەمــدا هەڵــواسیو ســوار بــون ئــەویش بــە شــیوو دۆڵــدا سـەردەكەوت بـە بـەردەلآنیو بـەرزاییو نزماییـدا ڕێگـەی دەبـڕی كاتێك تـۆپ دەتـەقین دەوەسـتا پاشـان دەكەوتـەوە ڕۆیشـتن هـەتا گەیشــتە ناوچــەی ئــازاد لــەو كاتــەدا دو تــۆپ لــەو دیوییــەوە تەقینـەوە شـۆفێرەكە نەوەسـتا قاچـی لەسـەر گازەكـە تونـد كـرد هەتا دور كەوتەوە پاشان كەوتە نزماییو لە شیوو دۆڵەوە نـوقم بو لەو كاتەدا سێ چەكدار لە پاڵ شەخسێكدا دەستیان لێڕاگرت شۆفێرەكە وەستا ئەوانیش كتوپڕ سوار بون ئەویش كەوتـەوە ڕۆیشتن گڵـۆپەكانی هەڵـكرد دەنگی تەقـەو تـۆپیش لـە ناوچـەی ئازادو ناو شارەوە دەهاتو لوتكەو بەرزایی دەنگی تەقینـەوەیان لێبەرزدەبوەوە گڕی ئاگرەكەیش بۆ ئاسمان دەكشا چەكدارەكان

دەستیان بە تفەنگیانەوە گرتبو یەکێکیان بە گوێی ئەوی تریاندا چرپاندی: (دەترسم کراس سور هاتبنە خوارەوە بێنە سەر ڕێگامان) : (فیشەکی گڕدار لەم بەرەوە دیارە ئەوە نیشانەی مانەوەی هێزی خۆمانە) ئەوەی گوت ڕاکشا ئەویش ئاهێکی هەڵکێشاو سەیرێکی شاخەکەی کردەوە: (شەماڵ شەڕەکە زۆر قورسە) شێتەڵە بە بێدەنگی لەوانی دەڕوانی لەو ساتەیشدا چەکدارەکە لێی پرسی: (خاڵە دەنگو باس چییە ئێوە لە شارەوە هاتون) بەو قسەیەوە داچڵەکی لەو ساتەی لە شارەوە دەرچو بو زمانی بەسترا بو ئەوانیش هەستیان پێکرد بو ئەویش پاش کەمێك گرێی شاری بۆ کردنەوە: (شار چۆڵ دەبێت) چەکدارەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا: (ئەمشەو ڕەو هەمو لایەکی گرتەوە کارەساتێك دەبێت) : (مادام براکوژی بەردەوامە میللەت کۆتایی پێدێت) : (تازە جەنگی ناوخۆ کۆتایی نایەت هەرگیز هەر بەردەوامە) : (بەڵی کوڕم کوڕمی کوشت ئەوە دوا ناسنامەی شۆڕشە) بەو قسەیەوە گریاو ئەویش ناسیەوە لە کاتێکدا ورد لێی ڕوانی ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە هات بۆ لایان پێکەوە گفتوگۆیان کرد بەو وێنەیەوە فرمێسکی هەڵڕشت: (تۆ باوکی هێمنیت ) : (بەڵی هێمنو شۆڕش) ئەوەی گوت گریاو ئەویش

دڵــی پــڕ بــو(هێمن فەرمانــدەی ئێمــە بــو داخەکــەم لــە کــەس نەڕۆیشت لە من نەبێت) چەکدارەکەی تر ڕاپەری: (شەماڵ ئەوە باوکی هێمنە) ئەوەی گوت ئەوی تریشیان چاوی هەڵگڵۆفت : (سەعید بەڕاست خۆیەتی) هەرسێکیان بەو قسەیەوە شڵـەژان بە دڵـێــکی بریـنـدارەوە لـەوانیان دەڕوانیـو فرمێسـکیان دەڕشـت ئـەوانیش مـات بـون هەوایـەکی سـارد بـە تیـژی دەهـات لەسـەرو چاویانی دەدا ناچار ڕویان بۆ دواوە وەرگێڕاو بە جامانـە سـەرو چاویان بەست ئەوسا خۆیان گرمۆڵـە کرد فرمێسکیش بەسەر ڕومەتیانـەوە دەهاتـە خـوارەوە بـە وێنـەی هێمنـەوە مۆمیا ببـون سـەرلەنوێ دەگەڕایـەوەو لەگـەڵ ئێسـتادا جـوت دەبونـەوە وەکـو فیلمێکـی تۆمـار کـراو هەمیشـە لـە مێشـکیاندا لێدەدرایـەوە وەك ئـــەو ســـاتانەی وەك هەڵـــۆ بەســـەر ســـەنگەردا هـــەنگاوی هەڵدەهێنایـــەوەو بـــە خەندەکـــەی ســـەر لێویـــەوە جـــەنگی شیدەکردەوە خەندەیـەك ببـوە ئاکـاری هەمیشـەییو هـەمو کاتێك جەســتەی بــەبێ پێکــەنین ناتــەواو دەردەکــەوت هــێمن بــەوە ناوبانگی دەرکرد بو ئەوە ببوە مایەی سەر سوڕمان تەنانـەت لـە مەرگیشدا ئەو ئاکارەی لە بیر نەکرد لەو ساتەی گوللە باران کـرا پێکـەنی بـەو خەندەیـەوە لەسـەر زەوی تلیسـایەوە ڕەمزێکـی لـە

دوای خۆیەوە نیشاندا تۆڕێکی لە زەمەنی ڕوداوەکاندا دروست دەکرد دەگەڕایەوە بۆ مێژو تونێلی هەڵدەکۆڵیو لەو دەستانەی دەڕوانی تفەنگێکی ڕوبەڕوی گرتبو لەوەوە وێنەی شارەکەی دەدیەوە فیلمەکان لەبەر چاویدا ڕادەبوردن ئەو ساتانەی بیر دەهاتەوە شۆڕش سەرو جەستەی بۆ دەشێلا پەنجەی لە پەنجەی گیر دەبون هەمیشە ببونە دەستی سۆزو دەیان جار لە مەرگ ڕزگاریان کرد بو لەو ساتەشدا وەکو دەستی مەرگ ڕوبەڕوی وەستا بو بەوەوە وێنەی ئەو شەوەی بیر دەهاتەوە بەو دەستانەی سەری بۆ شێلاو ماچی کرد: (هێمن لەبەر تۆ نەبوایە خۆم دەکوشت من لە دوای شنە نامەوێت بژیم هەرگیز شنە لەسەر من مرد داخێك توشی سیلی کرد بەلاّم هەست بە داڵدەیی تۆ دەکەم دەمەوێت پێبگەیت دەزانم دوای من سەرگەردان دەبیت) ئەوە جەستەی هێمنی گڕدا: (خۆکوشتن مانای چییە شنە مرد تۆ نەتکوشتوە) : (بەڵێ من کوشتم من عاشقی نەبومایە نەدەمرد ئەو زانی ناتوانێت عەشق بکات مرد) بەو قسەیەوە ئاهێکی هەڵکێشاو چەپۆکێکی بە ڕانیدا کێشا: (پورە گوڵچین قسەیەك بو لە دەمی دەرچو نەیزانی ئێمە عاشقی یەکین ئەگەر بیزانیایە ئەوەی نەدەگوت نەشیریشی داوە بەمنو

نـەهیچ لـە خـۆوە منـو شـنـەی کـردە خوشـکو بـراو کارەسـاتێکی گەورەی خولـقاند) بەو قسەیەوە دەستی کردە ملی: (لـەبــەر تۆ نامەوێت بمرم دەزانم ئەو نازەی هەتە هی منە بەلاّم هەر دەمرم سـەرم لێشـێواوە هۆشـم بـە خـۆم نیـە شـەرت نییـە مـەرگ هـەر خۆکوشـتن بێـت) لـەو سـاتانەدا ئـەم گـەرمو گوڕیـەی دەسـتی تێکەڵی لولەی تفەنگەکە دەبو لەبەر ئەوەیش پێکەنی بەدەم دوا گوللەیشــەوە خــامۆش نــەبوەوەو هــەر پێکــەنی ئــەوە هــەر لــە منداڵیەوە ئەو ئاکارەی لەگەڵدا بو لە هەمو کارەساتێکدا زەردە لەســەر لێـوی بـو لــەو ساتانەیشــدا هەواڵــی مــەرگی ســۆماو نیشـتمانی بیسـت زەردە سـەر لێـوی گـرت وەزیـری گواسـتەوە: (سۆمای تەنها خوشکو نیشتمانی عەشق ئیتر مەحاڵە شـەترەنج بکـەم) شـوانە مـەلیکی لابـرد: (بـا یاریەکـە بوەسـتێنین) هـێمن قسـەکەی پێـبڕی: (بـەوەیش ناگەڕێنـەوە بـەردەوام بـە ئەمـە دوا مەلیکە بیگرم ئیتر ناتوانم هیچ شتێك بکەم من جەستەیەکم تەنیا بـە عەشـق خـوێنم تێدایـە) بـەو قسـەیەوە لـەرزیو کشـی کـردەوە ئەوسا شەترەنجەکەی پێچایەوە دای بە شوانە لەو ساتەشدا ئەو وێنانەیان دەدیـەوەو بیریـان لـەو سـاتە دەکردەوە کـە شۆڕشـیش لـەو جێگەیـەدا بـەدیل گـیراو کوشـتیان بـەو وێنانـەوە هـەمویان

فرمێسکیان دەڕشت تراکتۆرەکەیش بە تیژی تێدەپەڕی لەپڕ بە هەورازێکدا سەرکەوت کەوتە ناو کۆمەڵە دەوەنێکەوە خرمەی میل لە هەمو لایەکەوە بەرزبوەوە لولەی تفەنگ لە هەر چوار لاوە درێژ دەبون ئەوانیش دەستیان بەرز کردەوە کاتێك دابەزین بۆ ژێر درەختێکیان بردن ئەوانیش لە تراکتۆرەکەوە بەرز بونەوەو هاواریان کرد بە قۆناغە تفەنگ هێنایاننە خوارەوە: (دایکو باوکی شەهید) دوان دەمی شێتەڵەیان گرت شارا بە سەریاندا قیژاندی: (شێت بوە باوکی چوار شەهیدە): (دەبڕۆن ملتان ورد بکەن) بە پاڵ فڕێیان دانەوە ناو عەرەبانەکە ئەوانیش هەر هاواریان بۆ سێ دیلەکە دەکرد کە کتوپڕ کەوتنە بەر دەستڕێژ تراکتۆرەکەیش دەڕۆیشت هەر هاواریان دەکردەوە بەو قیژەیەوە چاویان بڕیبوە قولاّیی جیهان لەسەر مەرگی پەپولە ڕوانینیان دەگیرسایەوە لەبەر هێزی تاریکیو ڕونیشدا لە یەکیان دەڕوانیو وێنەی(با) یان دەخوێندەوە شارا بە شەکەتیەوە پاڵ کەوت ئەویش لەو تەمو مژەوە لە شەپۆلی ئاسمانی دەڕوانی مێشکی دەگوشی لە ڕاڕفینی گوللەکانەوە ئەو ساتەی بیر هاتەوە گەلاّی لەسەر تەرمەکەی هیوا لاداو بۆ دوڵەکە کشا رۆمانی(با) هەمو دیمەنەکانی وەك خۆی نیشان دایەوە: (رۆژێکی خوێناوی زەوی

بە وشك بونەوەی خۆیەوە دڵۆپەی ئەو خوێنانەی هەڵدەمژییەوە لەهەمو لایەکەوە دەڕژان لەو ساتەیشدا خوێناوی هیوا دڵۆپەکانی تەڕ بون شێتەڵە بە وێنەی مەرگەوە گەلاَ جاڕەکەی لەسەر جەستە خوێناوییەکەی لادا فەرماندەکە بەرەو ڕوی هات دەستی کردە ملیەوە: (هیوا فەرماندەیەکی بە جەرگ بو دەبێت ئێوەش سەنگەرەکەی بگرن) ئەو قسەیە شەپۆلێکی ناکاتی خستە بەرچاویەوە لە کاتێکدا دەیان تاڵە دەزو لە ڕوانینیدا بو مێشکی خۆی گوشی(من کراسەکەم سپی بو ئیتر بڕیارە نەسپی نەسور دەبێت تەنها منداڵێکم ئەو ڕەنگانە لەبەر نەکات) فەرماندەکە گرژ بو: ( تۆ باوکی شەهیدێکی وەکو هیوایت جێگەی سەرسوڕمانە چۆن دەبێت پشت لە شۆڕش بکەن) : (بڕیارە دەیدەم لەبەر ئەوەی ئەمە شۆڕش نییە بەڵکو کوشتنی ڕۆڵەی خەڵکە کراس سپیو سور کێن ئیوە خۆتان ڕێکبخەن شۆڕش گۆڕانو یەکخستنە) : (ئێمە دو شۆڕش دەکەین دژی ڕژێمو گیاکەڵە) : (ئەوانیش هەمان قسەیان هەیە ئیتر کێتان ڕاست دەکەن شێرو خەتی بۆ بکەن) فەرماندەکە وێنەیەك گرتیو سەیرێکی ئاسمانی کرد ئەو ساتەی بیر هاتەوە سەرکردەکەیان وتاری دەدا: (سنور بەزاندن پێویستی ئێستای

شۆڕشە کارێکی گرنگ هەیە پێویستە جێبەجی بکەن ئەوەیش سەرکەوتنی گەلە) چەپڵە لە گەردەلولی(با ) کەدا بەرزبوەوە بە ناو دارو دەوەنو بنجگو گیادا دەڕۆیشت ئەویش دەستی چەپی درێژ کرد کلاوەکەی بەرز کردەوە دوبارە چەپڵە لێدرایەوە بەو هێزەوە چەکدارەکان بەدوای یەکدا بۆ قولایی کشان ئەویش لە ناوەڕاستەوە ڕێی دەکرد ڕادیۆکەی لە ملدا بو گوێی لە فارسیەکەی ئەڵمانیا دەگرت هاوڕێکەی لە دواوە دایچڵەکاند: (سەرکۆ خۆت بپێچەرەوە بۆ تۆفان دەچین) : (مان یان نەمان) بەو قسەیەوە بە هەورازو شاخو کێودا هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە هەتا گەلای مەرگ گرتنیەوە بەو بیرەوە تەزویەك بە جەستەیدا هات بەو وێنەیەوە رویتێکرد: (ئەو لەشکرەمان هەموی کوژراو گیرا) : (هەردولاتان کوشتارتان کردوەو بکوژن) بەو قسەیەوە دوا دڵۆپی لەسەر تەرمەکەی هیوا هەڵڕشت لە بێشکەوە بۆ گۆڕ سەمای ژیانی لە خوێناوەوە دەدیەوە موچڕکەیەك جەستەی گرتەوە فەزای لێشێوا وایدەزانی هەوا گڕ دەگرێت وەکو ئەو گڕەیەی لە دوا ساتی بینینی هیوادا گرتی بە ترسێکی زۆرەوە بانگی کردەوە: (وەرە هیوا بزانم تۆ قوتابی زانکۆیت یان سیاسی ئەم دەمانچەیە چیە پێت ) هیوا سەری باداو بە ترسی

ژوانەکەیەوە چوە دەر بە کۆلاّنەکاندا دایکێشا لەپڕ خۆی بە ماڵێکدا کرد هاوڕێکەی چاوەڕوانی دەکرد: (نیو چرکە لایدا بو ترسام) : (ئەتۆم پێمگوتیت مەترسە من ئاگرم) دەمانچەکەی خستە ئەو زەرفە تەماتەیەوە کە بۆیان ئامادە کرا بو ئەوسا هەردوکیان ڕاستو چەپ بۆ گۆڕەپانەکەی شار چون پۆلیس سەر سوچو شەقامیان گرتبو ئەوانیش چونە گۆڕەپانەکەوە هاوڕێکانی تریان دیەوە بە چاو ئاماژەیان بۆ یەکتری دەکرد کاتێک ئەفسەرەکە بۆ چێشتخانەکە هات هیوا دوای کەوت کتوپڕ دایە بەر گوللە پۆلیسێك تفەنگەکەی لە شانی داگرت ئەتۆم لە دواوە مێشکی پڕژاند دوانی تر دەستڕێژیان کرد فیشەکێك دەستی ئەتۆمی گرت لاوێکیش لە پاڵیدا کەوت هیوا کوشتیەوەو چوە سەر هاوڕێکەی: (فەرهاد هەستە) فەرهاد گیانی دا ئەوسا ئەتۆم بەودیودا هەڵگەڕا ئەمیش بە کۆلاّنەکەدا سەرکەوت کتوپڕ بۆینباخو کراسەکەی خستە تەنەکە خۆڵێکەوە بە فانیلەیەکی یاریەوە سەرکەوت کاتێك ئاوڕی دایەوە هاوار بە دوایەوە بو خێرا دەمانچەکەی خستە تەنەکەی خۆڵی ماڵێکەوەو بەبێ ترس ڕۆیشت هەتا خۆی کرد بە ماڵێکدا پیرەژنێك دەرگاکەی لێکردەوە بۆ ژێر زەمینەکەی برد کاتێك چوە ژورەوە

بـینی ئـەتۆم لەسـەر گـازی پشـت راکشـا بـو بـە بینـینی ئـەم ڕاستبوەوە: (فەرهاد کوژرا منیش بە بریندارى دەرباز بوم ئێوە سەرتان لە ئێمە شێواند) هیوا پشویەکی دا: (هـەرگیز شتی وام لێبەسـەر نـەهاتوە) نیـوە شـەو پـەلێك چەکدار هـاتن بـە دوایانـدا لـەناو کۆڵانەکـە چونە ناویانـەوە لـەو ساتەدا لاوێـك رویتێکـردن دەستی کـردە ملیانـەوە: (دەچنە شـاخ جێگـەیش بـۆ مـن بگـرن) هیوا چەپۆکێکی پیادا کێشا: (هاوار تۆ کوڕە بۆرژوایت نایەیتـە شاخ) بەو قسەیەوە بە گوێیدا چرپاند: (لیستەکە لای سۆمایە): (دەمانچەکەیشت لای خۆمانە) فیکـە لێدرا هـەمو بە کۆڵانەکانـدا سەرکەوتن دەنگی تەقەیش ئاسمـانی شـارەکەی دەشڵەقاند ئـەو گڕەیە ئەو ڕۆژەیش گرتیـەوە لـەوە بەدواوە هیـوای نەدیـەوە لـەو ساتـەیشدا بـەو جـۆرە جەستـەی دەسوتا وایـدەزانی گـەردون گڕ دەگرێـت بـەو وێنەیـەوە شـاخی بـەجێ هێشـت هاتـەوە نـاو شـار کاتێـك گەیشـتەوە ماڵـەوە چـاکەتەکەی فڕێـدا: (بڕیـارە ئـیتر سیاسـەت ناکـەم هـەر کەسێکتان بڵـێت سپی یـان سـور بچێتە دەرەوە هـەتا ئێستا لـە پێناوی شۆڕشدا هـەمو بەرژەوەندییـەکم کوشـتوە چـەند سـاڵە ناکرێمـە بەڕێوەبـەر لەبـەر هەڵوێسـت ئیتر بڕیارە واز لە شۆڕش دەهێنم) سۆما فرمێسکی سڕی: (باوکە تۆ

ئێمەو خەڵکی ئەم شارەت بۆ شۆڕش هان دەدا) ئەوەی گوت دڵی پڕ بو ئەو ساتەی بیر هاتەوە بە منداڵی لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئاهەنگێکی گەورە پێشکەش کار دەنگی بەرز کردەوە: (ئێستا ئێوەو مامۆستا شاباز کەسی شۆڕشگێڕو ڕۆشنبیر لە وتەیەکی بە نرخدا) کاتێك چوە لای مایکەکە بە باڵا بەرزەکەیەوە دەستی بەرز کردەوە جەماوەر چەپڵیان بۆ لێدەدا ئەوەو دەیەها کاری سەرسوڕهێنەری تری بیر دەهاتەوە بەو بیرانەیشەوە فرمێسکەکانی سڕیو درێژەی بەقسەکەی دایەوە: (ئێستایش دوای هیوا واز بهێنین بڕیارە هەتا دوا هەناسە خەبات بکەین) : (دوای ئەو ئێمەیش ببینە قوربانی سیاسەتی چەوت) شۆڕش خۆی گورج کردەوە: (هەمومان کراسمان سورە) هێمن پێکەنی: (بۆ هەمومان کراسی منو دایکو باوکم سپییە) : (سپی لەم ماڵەدا نیە هەموی سورە ئەی هیوا) : (من سپییم پێویست بە توڕەیی ناکات) شۆڕش کەف لە دەمی دەرپەڕی: (لێرە نا بچۆرە شاخ لەوێ یەك دەبینینەوە شەرتە بە دەستی خۆم بتکوژم) لەو پەیمانەوە ڕقێکی گەورە دروست بو هێمن دەرونی دەجۆشا لەتاو توڕەیی زەردەی خستە سەر لێوی ئەویش توڕەیی هەمو جەستەی گرتەوە بە جۆرێك یەکەم جار بو بەو جۆرە پەیمانی

مەرگ بە هێمن بدات کەسێك ببوە ڕۆحو دڵی هەرچەندە دو ساڵ لەو گەورەتر بو لەگەڵ ئەوەیشدا وەکو دو هاوڕی ناسرا بون لە یەکتری جیانەدەبونەوە لەو ساتەشدا ڕقێکی ئەستور گرتنیەوە بەو قینەوە لەگەڵ رۆژهەڵاتدا هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتن ئەو بۆ دەستە ڕاست ئەمیش بۆ چەپ} لەو ساتەشدا ئەو وێنانەی لەگەڵ دوا وشەی رۆمانی(با ) و تێکەڵی گەڵای دارەکانو شەپۆلی(با ) کەوە دەدیەوە تراکتۆرەکەیش تیژ تیٚ دەپەڕی لەگەڵ زرمەو تەقە تەقدا مێشکی جەنجاڵ کرد بو بەو وێنە ئاڵۆزاوانەیشەوە مۆمیا ببو سات بە سات زیاتر ڕوانینی دەتەندرا لەگەڵ دوا وێنەدا بیرەوەری داخست: (با ڕەمزی نهێنیەکانی بونە هەمو وێنەیەك لە ناویدا زیندوە) !!

## 8

گرێـك بـەهێزی(بـا) یـەكی وێنـە دارەوە بـە فـەزای ئاسمانـدا دەكشا لـە ڕوانـینی شێتەڵەدا ملیۆنـان وێنـەی جەستەیی تیـادا دەدرایەوە لە شێوەی بوركـانی ڕۆحیـدا بیرەوەریـان دەتەقاندەوە خۆر لەسەر كەلەوە گزنگی دەدایەوە دێیەكەی لە نهێنی جیهاندا دەشتەوە لەبەر چاویدا تەنیا وێنـەی گـۆڕێكی تـەنیاییان نـەخش دەكـرد بـەو بـیرەوە تـەزو جەسـتەی دەگرتـەوەو نیگـاو هۆشـو نەستی تێكەلاَو ببون لە فەزای جیهانەوە شالاَوی ڕۆحی مێـژوی دەدیــەوە بــۆ گوندەكــەو جیهــان بلاَودەبونــەوەو گۆڕســتانیان هەڵــدەدایەوە گۆڕەكـان شــەق دەبونـو ڕۆحـو جەسـتە یـەكیان دەگرتـەوە بۆ ئـاسمــان بـەرز دەبونـەوەو دەهاتنـەوە سـەر زەوی هــەمو جیهانیــان داگــیر دەكــرد شــوێنەوارێكیان بــۆ مــەرگ

نەدەهێشتەوە پۆلێك لەو مردوانە لە ئاسمانی گوندەكەوە دابارین نەخشەكەیان شاردەوە یەك یەك بەلایدا تێدەپەڕین زۆریانی ناسیەوە دوا ستونیان ژنو كوڕو كچی خۆی بون هەمویان بەلایدا تێپەڕێن بەو شالأوەوە قیژاندی زنجیرەی وێنە لەبەر چاوی ون دەبون ساتێك لە خۆیو دەورو بەری ڕوانی هیچی نەدییەوە ئەوسا بە خەمو ژانێكی قوڵەوە بە بێدەنگی لە فەزای گوندەكەی ڕوانی شەپۆلی وێنە لەبەر چاوی دەفڕین دەبون بە وێنەیەكی تر ئەوەیش توشی جەنجاڵی كرد بە هەمو هێزی ڕوانینییەوە لە ئاسمان وردبوەوە كۆلارەی خەیاڵی هەڵداو بە هەمو لایەكەوە بلأوی كردنەوە وێنەكان لە فەزادا دەتوانەوە جیهان لەبەر چاوی ڕادەخرایەوە دوا وێنە تەنیا كەلە سەرێك دەمایەوە بەو خوێناوەوە كلیلی بون دەشارایەوە پێستێكی نەرم بە جەستەیدا دەهات بۆ جیهانێكی نوێ مۆمیای دەكرد لە جیهانی ڕاستەقینە دەیگواستەوە بەو بیرەوە ناوچاوانی سڕی: (ئێرە ولأتی مەرگە خاكی كەوتنە خوارەوەی جەستەیە) بەو قسەیەوە هەستا لە ژورەكەی هاتە دەر بە خێرایی بۆ ماڵی پوركە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە كاتێك بەسەر دارە دوو پەلكەكەدا سەركەوت پوركە دەرگاكەی لێكردەوەو لە

یەکتری ورد بونەوەو بە وێنەی جۆراو جۆرەوە لە ئازاری خۆیانو جیهاندا نوقم دەبون شێتەڵە لەسەر لبادەکە دانیشت پورکەیش لە بەرامبەریەوە چیچکەی کرد پیاڵەکانی شت ئەوسا قۆریەکەی لەسەر مقەڵـیەکە داگرت چایەکی بۆ تێکرد کاتێك لـە بەردەمیـدا داینا دڵی پڕ بو: (من حەزم بە مەرگە شاخەوانو شێرکۆو تارا مردن ئـیتر دوای ئـەوان نـاتوانم بـژیم) شـێتەڵە بـیری لـە ژیـانی دەکردەوە فرمێسك بە چاویدا ڕیزیان بەست بەر لـە وشـەکانی دابارین: (پورکە چاوەڕوانی ئەوەین خودا لێرەوە عەرشی جیهان هەڵبگیرێتـەوە هـەمو یـەك دەردمـان هەیـە کەسـێکیش نیـە خاوەنمان بێت) بەو قسەیەوە کلـۆیەك شەکری خستە دەمیـەوە چاکەی خواردەوە پورکـەیش هەسـتا پریاسکەیەکی هێنـاو لـە بەردەمیدا کردیەوە: (ئەمە کرمەکێکو ملوانکەیەکی یاقیقە ئەگەر مردم بۆم بکە بە خێر) لەو ساتەدا گریا ملوانکەکەی ئەمدیو ئەودیو کرد ئەو ساتەی بیر هاتەوە نەخشە کردیە ملی: (پورکە مادام منت لەو نەخۆشیە ڕزگار کرد ئەم ملوانکەیە بۆ تۆ ئەوە یادگاری باوکمە لە حەج بۆی هێناوم وریابە زۆر گران بەهایە) بەو بیرەوە وێنەی نەخشەی هێنایەوە بەرچاوی بە قژی خاویەوە ئەو ساتەی بیر هاتەوە بە بوکی بۆ گوندەکە هات چەند ساڵێك

بو بەهۆی شەڕو نەبونیەوە شایی نەکرا بو ئەوانەیشی دەکران شتێکیان لە پرسە کەمتر نەبو هەتا دەهۆڵو زوڕناو گۆرانی دێیەکە بگرێتەوە هەڵپەڕکێ دڵی پیرو منداڵ بکاتەوە بەمەیش خۆشیەك خەڵکی گرتبوەوە کەوتبونە سەر خرۆشو منداڵان بۆنی هەڵمی مەنجەڵی گەورەیان دەکرد پیاوانیش بۆنیان بە ژنەکانەوە دەکرد ڕیزەی هەڵپەڕکی بە قاچی ژنو پیاوەوە زەویان دەکوتایەوە بەرگو کاڵای ڕەنگاو ڕەنگ پۆشرا بون زەردو سورو سەوزو شینو قاوەیی تێکەڵاو ببون دڵداری گوندەکان هەمو لەو ژوانەدا یەکیان دەگرتەوە مەلی عەشقیان هەڵدەفڕی هەمو لە ڕوانینی جوانی بوکەوە زەماوەندێکی نوێیان دەخستە دڵ لەبەر ئەوەی تاقە کچی بە ناوبانگی ناوچەکە بو ساڵانێك بو ناوبانگی جوانی دەرکرد بو چەندە چونە داوای بە نائومێدی دەهاتنەوە حەمەلاو دەمێك بو دەیویست داوای بکات باوکی ڕێگر بو بەو حەزەوە شەوو ڕۆژی سەریەك نا هەتا باوکی مرد بەو پارەو سامانەی لە دوای بەجێ ما ناردیە داوای چیان داوا کرد کردیو ئەو زەماوەندەیشی بۆ کرد هەمو گوندو قۆخی دەوروبەری بانگ کرد دوای ئەوە نەخشە ژاکا توشی نەخۆشیەکی گران هات سك ئێشەو ڕشانەوە هەمیشە لە ژێر جێگەدا کەوتبو هەتا پورکە

فریای کەوت دەرمانی بۆ گرتەوە لەو نەخۆشییە ڕزگاری کرد ئەویش ئەو ملوانکەیەی بە یادگاری پێبەخشی لەو ساتەشدا پورکە ئەوەی بیر هاتەوە کزەبایەك لە ناوچەوانی دا بەو هێزەوە ملوانکەو کرمەکەکەی خستەوە ناو پریاسکەکەوەو دایە دەستی هەر لێی وەرگرت بە زنجیرەی وێنەی(با) وە هەستا: (خودا تۆڵەی بێبالْ لە باڵدار دەکاتەوە) !!

*　　　　*　　　　*

دێیەکە لەبەر تیشکی خۆردا وێنەی کاژێکی مەرگاوی دەنواند ڕەنگی کۆتایی بونی دەدایەوە میمکە بە گۆچان خەتی بە زەویدا دەهێناو بە تۆڕی تابوتێکی نەبینەوە خەڵکەکەی خستبوە گومانی مەرگەوە: (چۆنم دیوە بە خەو بەو جۆرە حەمکۆڵ مردوە هەر زو زانیم لەو ئەشکەوتەدا دەمرێت حەمکۆڵی هەژار تۆ توانای ئەشکەوتت مابو ) منداڵان هەڵدەبەزینەوە: (ئەگەر ئەو چەکدارە نەهاتایە لاشەیشی گورگ دەیخوارد) چەکدارەکە لەبن بانێژەکەدا بە خەمی مەرگەوە چیچکەی کرد بو جامانەکەی خستبوە ملیەوەو دەمانچەکەی لەبەر پشتێنەکەی قایم کرد بو حەسەنو هۆمەر نانو دۆیان بۆ کۆکردبوەوە ئەویش کەوتبوە ناو دو دڵی و سەرسوڕمانەوە لە

خەڵكەكـەی دەپرسـی: (مـن چـیم لێهـاتوه ) ئـەوەی گـوت بـە گریانـەوە وێنەیـەكی خـۆی لـە گیرفـانی دەرهێنـاو پیشـانی دان ئەوانیش سەیریان كرد سپی كەلەیەكی باڵا ناوەنجی قۆزو جوان وێنەكەی خستەوە گیرفانیەوەو گریا: (گۆڕاوم وەك ئێوە رەنگی مرۆلەم گرتوە) لەو ساتەدا هەستا لەگەڵ حەسەن بە دۆڵەكەدا سەركەوتن میمكەش چەپكە ڕێحانەكەی دەستی هەڵدەمژیو لێی دەڕوانین ئەوسا خۆیشی بەرەو ژور كشا خەڵكیش بە دوایەوە هەنگاویان هەڵهێنایەوە گوندەكە لە بێدەنگیو چۆڵیدا وێنەیەكی ترسـناكی گرتبـو وردو درشـت لـە مـاڵ هاتبونـە دەر تەنانـەت چرایش جاجمەكەی فڕێداو دوایان كەوت لەگەڵ تالیم لە دوای میمكـەوە ڕێیـان دەكـرد پورفـاتو خورشـەو نەخشـەیش بـە قسـە كردنــەوە جــوت ببــون ئــەوانیش بــە جۆرێــك هــەنگاویان هەڵدەهێنایەوە لە یەكتریان دەڕوانی وەكو جارێكی تر چاویان بە یەكتری نەكەوێتەوە بەو ڕوانینەیشەوە چرا لە تالیمی ڕوانی ئەویش فرسەتی لێهێناو دەستی گوشی بە جۆرێك خوێنەكەی جۆشـاند: (ئازیزەكـەم دەترسـم بـەم نەخۆشـیەت ببێتـە جـەلادی ڕۆحمـو بمـرم) چـرا ڕەنگـی ژاكـا بـو لـەو سـاتەی میمكـە لاواندبویـەوە هێڵـی مـردن گرتبویـەوە لەبـەر ئـەوەیش ئـەو ڕۆژە

ڕێی شاخی گرت هەتا تالیم ببینێت لە گۆڕدا جارێکی تر وێنەی ماچ بکاتەوە لەپڕ میمکە هەڵدێراو کەوتە دەوەنێکەوە کتوپڕ هەڵیان ساندەوە خورشە جلەکانی بۆ تەکاندو پورفاتیش دەستی گرت بەڕایی خەڵك گەیشتە ئەشکەوتەکەو تەرمەکەیان بینیەوە کتوپڕ دو داری درێژیان هێنا بە گوریس قەفەیان کردو تەرمەکەیان خستە ناویو بۆ ناو دێ گەڕانەوە کاتێکیش مردویان ناشت زەوی لەبەر چاویان بە مەرگەوە ڕەنگاڵە دەبو بەو ڕوانینەیشەوە هەر کەسە چوەوە ناو ماڵی خۆیو لەناو جێگەدا لێی کەوتن تەنها کەسێك کاتژمێری دێیەکەی دەخولاندەوە شێتەڵە بو لە ئاوێنەی کەفێکی سپییەوە لە مەرگی جیهانی دەڕوانی لە گۆڕەکەیەوە نهێنی گەردونو بونی خستبوە ناو تۆڕی گومانو ڕاڕاییەوە یاری لەگەڵ مەرگو ژیاندا دەکرد دەمەو عەسر خورشەو پورفات بە گریان گۆڕستانیان هەژاند لەسەر قسنەکە ڕاکشان ئەویش لەناو گۆڕەکەیەوە داچڵەکی خۆی بەرز کردەوە کاتێك چوە لایان خورشە بە کوڵ گریا: (میمکە کچەکەمی خستۆتە سەر لەرزی مەرگ) شێتەڵە لەرزی دادی جیهانی دەربڕی: (میمکە جیهانی خستۆتە گۆڕەوە) خورشە لەتاو هیلاکی هێزی قسە کردنی نەبو سەری بەسەر

کۆشـیدا شـۆڕ کـردەوە ئـەو شـەوەی بـیر هاتـەوە لەسـەر جێگـە مەچەکی مێردەکەی گرت ئەو باسەی بۆ کردەوە ئەویش ترسی مەرگی کچەکەی گرتیەوەو سەری لەقاند ئەویش ئەوەی لەگەڵ پورفات باس کـردەوەو پێکهاتن لـەو ساتەشدا بەو بیرەوە گریا فرمێسـکەکانی خۆڵیـان لـول دەکـردو ئـەوانیش لـەناو ئـەو ئازارانەدا دەتوانەوە لەپڕ دەنگی کاروانێك ئۆتۆمۆبێلی سەربازی لەسـەر جـادەی قـیرەوە هاتـە گوێیانـەوەو دایچڵەکاندن دەیـەها ئۆتۆمۆبێلو زرێ پۆش تێکەڵاو ببونو زرمەی تەقینەوەی تۆپیش لەوبەرەوە بەرزدەبوەوە ساتێك بە گومانەوە لێیان ڕوانین کاتێك بینیان لە جادەی قیر لایاندا خەڵکەکە بە ترسەوە بۆ ناو دێ گەڕانـەوەو شـێتەڵەیش چـوەوە نـاو گۆڕەکەیـەوەو بـە گومـانی مـەرگی ناکـاتی جیهانـەوە لێـوی کـردەوە: (جیهـان کلاَفەیـەکی شێواوە هـیچ کەسێك ناتوانێت بیکاتـەوە بە تـۆوی ئـەو گومانـە ئەزەلیانەی بونو نەبونەوە مێشکمان دەبێتە خۆڵ تـەنها نهێنیـەك نازانین ئای ئای) بەو قسەیەوە دەستی ڕاستو چەپ کرد ڕوی کردە کاروانە سەربازییەکـەو کۆلارەی خەیاڵـی هەڵدا یەك یەکو دو دو هـەموی دەبردنـە ئاسمـانو فڕێـی دەدانـەوە سـەر زەوی ماوەیـەك بـەو جـۆرە ئـەو کاروانـەی هەڵـدەگێڕایەوە لەگـەڵ

ئەوەیشـدا دەنگـو گرمـەیان زیـاتر بـەرزدەبوەوە ئـەوە توشـی ڕاڕاییەکی کرد بیری لە جەنگێکی گەورە دەکردەوە قروسکەی سەگێك هاتە گوێیەوە ئەو بیرەی پچڕاند بە قیـژەوە لە گۆڕەکەی هاتە دەرەوەو بۆ ناو ماڵەکان گەڕایەوە لە دورەوە سەیری کرد ئاوایی شڵـەژا بو خەڵـکی لەسەر حەوزی مزگەوت کۆببونەوە باسی ڕوداوەکانی ولاّتیان دەکرد شاسوار لە شار ڕادیۆیەکی کـڕی بـو خسـتبویە سـەر هەواڵـەکانی پایتـەخت بلاّوکـراوەی سەربازی دەخوێندەوە: (لەم ڕۆژانـەدا نیشتمان بە یەکجاری لە نۆکەری بێگانە پاك دەکرێتەوە) شێتەڵە بە شڵـەژاویەوە گەیشتە لایـان شاسـواریش نهـێنی ڕوداوەکـانی جـەنگی دەردەخسـت: (جەستە وەکو گـەلاّی دار کـەوتوە جـەنگێك لـەم خاکـەدا بوە لـە هـیچ ولاّتێکـی تـردا نـەبوە ئێمـەیش دەگرێتـەوە نابێـت جگـە لـە شـارو شارۆچـکە هـیچ ئاوەدانیـەك بمێنێـت هـەموی تـەخت دەکرێت) حەسەن مژێکی لە جگەرەکەیدا: (گوندەکە بۆ ئێمـە مـەرگـە ڕێگای شـاریشمان بۆ نییە ناچارین هەتا مردن لێرە بین) : (بەڵێ ناچارین مەرگو ژیانمان گوندەکەیە) ڕۆمانی(با) لە ناوەختەی ڕوداوەکاندا ئاماژەی کارەساتی گوندی مەرگی بلاّو کردەوە: (وەزارەتی تەندروستیو بەرگری بە نهێنی داوایەکیان

لەسەر گوندی مەرگ تۆمار کردوە بە هەوێنی دەردێکی کوشندە بۆ مرۆڤایەتی دادەنرێنو پێویستە سنوریان لەسەر دابخرێتو خاکو خۆڵو مرۆڤو ئاژەڵو سەوزاییان بسوتێنرێت چوار دەوری بە تەلبەندو دیواری ئاسنین بگیرێت ئەم گوندە بوە بە جێگەی مەترسی بۆ تەواوی جیهان) بەو هەواڵەوە گێژ ببون شاسوار دەنگی ڕادیۆکەی زیاتر کردو هەمویان بە بێدەنگیو نیوە مەرگییەوە گوێیان لێدەگرت ئەویش شەکەتی رێگا بو بوخچەکەی هەڵگرتو کردیەوە کۆڵیو بەدوا قسەوە هەستاو ڕۆیشت: (منیش لەخەڵکەوە قسەم زۆر بیست پێیان دەگوتم ئێوە مەیمونن نیوە مرۆڤن مرۆلەن ئەو دەرمانانەم بۆ چرا هێناو بەپەلە گەڕامەوە فڕۆکە دارو دیوارمان دەسوتێنێت) بەو قسەیەوە کەوتە ڕۆیشتن منداڵان لە دواوە بۆنی بوخچەکەیان دەکرد بۆنی سێوو پرتەقاڵو سەمونو شەکرو چایان هەڵدەمژیو بەو بۆنەوە گێژ ببون لە ساتێکدا ئەو بۆنە دێیەکەی گرتەوە ئەوەیش خستنییە خەو وەکو زەوی بە ماچی ئاسمانەوە بێزو بکات بەو جۆرە هەتا خۆرهەڵات بێدەنگیەکی تۆقێنەر گوندەکەی گرتەوە ئەو کاتەیش شێتەڵە ڕچەی بێدەنگی شکاند پاش ئەوەی بەرچایی کرد سابونێکی خستە گیرفانیەوەو بە دۆڵەکەدا

هەڵــگەڕاو خرۆشــی مــەرگ مێشــکی گرتبــوەوە ئــەو ئاماژانــەی دەدیــەوە بــە گریــان دەرنــەدەبڕدران بــەو شــێوەیەش چــوە ســەر کانیــەك شــەڕواڵو چۆغەکەی شــت لەســەر تاشــە بــەردێك هەڵــی خستن دوای ئــەوە خۆیشــی شــتو لەســەر بــەردێك دانیشــت هــەتا جلــەکانی لەبــەر کــردەوە پاشــان کەوتــە ســوڕانەوە بەســەر پوشــو پەلآشــدا هــەنگاوی هەڵدەهێنایــەوە بــە وێنــەی ترســناکەوە ســەر ســنگی دەڕنیــەوە لــەپڕ بــەو خرۆشــەوە وەســتا وەکــو هەیکــەلی نەمری جیهان هەردو دەستی ڕاستو چەپ کردەوە دوای چێشت هــەنگاوێکی درەنــگ گەیشــتەوە نــاو گوندەکــەو هــەر کــە پێــی خستەوە ناو ماڵەکان ژنێك کولێرەیەکی بۆ ڕاگرت پاشان جامێك دۆشــی بــۆ هێنــاو لەســەر بــەردێك چیچــکەی کــرد بــەدەم خواردنیانەوە لە دارو دیواری دەڕوانیو نوقمی بیر کردنەوەیەکی ترسناك ببو منداڵان بوکە بە بارانەیان دەکرد ئەویش ڕوی کردە ئاسمــانو پاڕایــەوە ئەوســا نیگــای تــێ گــرتن ئــەوانیش چــونە بەردەمی ماڵی پورکــەو هاواریــان کــرد ئــەویش وەڵامــی نەدانــەوە ناچار بەســەر پەیــژە دو پەلکەکــەدا ســەرکەوتنو چونە ژورەوە لــە ســاتێکدا مــەرگی پورکــە بەســەر دێیەکــەدا زەنگۆڵــەی دەدایــەوە ئەوەیش لــە کفنی گومانــدا دەیخەوانــدن کــاتێکیش لــە گۆڕســتان

هاتنەوە خۆیان بە میوانی مەرگ دەزانی سەرجەم لەناو جێگەدا لێی کەوتن بەو پێیەش دەلەرزین باڵندەو پەلەوەرو ئاژەڵ هەمو ڕەنگی ئەو ترسەیان گرتبو وەکو هەموی وێنەی ئیزرائیلیان بە ئاسمانی گوندەکەوە بینیبێت!!

*　　　*　　　*

لورەی گورگو چەقەڵ لە شاخەکەوە دەهات سەگەلی ئاواییش کەوتنە وەڕین شێتەڵە لە کەروێشکە خەوەکەی ڕاپەڕیو چاوی هەڵگلۆفت ساتێك بە بێدەنگی لە پەنجەرەکەوە لە ئاسمانی ڕوانی مانگی چواردە شەوقی دەدایەوە هەوایەکی فێنکیش دەهات بۆنی هەوری دەدا بەو کزە ساردەوە تەزو بە جەستەیدا دەهات لەگەڵ پچڕ پچڕی وێنەکانی بەرچاویدا خەوو ڕاستی شیدەکردەوە: (فەزا ڕەنگی چەکەرە بڕانی ڕۆحی هەڵگرتوە ئەمڕۆ جەستە دەڕواو ڕۆح تێکەڵی(با) دەبێت ڕۆح دەتوێتەوەو جەستە دەژێتەوە) ئەو وێنەیە بە شالاوی(با) یەکی گڕاویەوە بەرچاوی دەگرتەوە لەگەڵ گڕی فۆتۆناتدا دەتوانەوە دوکەڵی ڕەشیان لە دواوە دەردەکرد وەکو نەخشەی جەستە لە شوێنەواری ڕۆحدا بکێشنەوە بەو وێنەیەوە گۆڕەکانی بەسەر کردەوە: (ڕۆژێك دێت هەمومان ئاهەنگ دەکەین منو ئێوەو

ئـەوانو سـەرۆك كۆمـار دڵـنیابن لـەوەی سـەرەتاو كۆتـایی ژیـان مەرگەو مەرگ هەمو ناسنامەیەكە) ئەوە ئەو ڕۆژەی بیر هێنایەوە لە گـەرماوێكی شاردا بە ئەفەنیـەكی گوت كاتێك خۆی دەشت بـەردەوام سـەیری دەكـرد لـە چـڵكی جەسـتەی ورد دەبـوەوە ئـەوەیش دوای ئـەوەی گەشـتێكی لـە شـارەوە بـۆ شـاخ كـردو هاتەوە دو هەفتەیش دوای ئەوە خۆی نەشت بو لەو ساتەشدا لـەناو گەرماوەكـەدا خـۆی دەتلانـدەوە كاتـژمێرێك لەبەر هەڵـمدا خـۆی خوسـاند ئەوسـا چـوە لای جوڕنەكـەوە ئـاوێكی زۆری بـە خۆیدا كرد پاشان لفكەو سابونی لە خۆیدا كاتێك خۆی پۆشتە دەكـردەوە ئـەویش بـە پێكەنینـەوە رویتێكـرد: (خاڵـە خەڵـكی كوێیت) : (گۆڕستان) : (یانی مردویتو هاتویت خۆت بشۆیت) : (بەڵــی چــەند سـاتێكی تـر دەچـمەوە نـاو گۆڕەكـەم دەمـەوێت بەرلـەوە چـەند ڕاسـپاردەیەكی گۆڕسـتانت بـدەمێ جێبـەجێیان بكەیت) ئەفەنیەكە جەستەی كەوتـە لـەرزین بە پەلـە پێڵاوەكانی سەرپێ كێشاو لە گەرماوەكە چوە دەر لەو ساتەشدا لـە ڕوانینی گۆڕەكانــەوە ئــەو وێنەیــەی دەدیــەوە وایــدەزانی یەكێكــە لــەو مردوانـە بـەو بیرە پەرشـەوە گـەردونی لـە مەرگـەوە شـیدەكردەوە ئـەو بیرۆكەیـە شـەپۆلێك بـو لـە منداڵـیەوە گرتبویـەوە بـە بینـینی

گۆڕ سامناکی دەیگرت دەیویست نهێنی ناو گۆڕ بزانێت زۆر جار لەسەر گۆڕێك دەوەستا وێنەی مردوەکەی دەخستە بەرچاویەوە بە خەیاڵ قسەی لەگەڵدا دەکرد دەیویست ژانو ئامانجی ژیانی بزانێت کفنەکەی پێدابدرێت هەر بەو هیوایەیشەوە ئینجیلو تەوراتو قورئانی دەخوێندەوە بە دوای فوەکەی مەسیحو موساوە دەگەڕا ئەو بیرە هەمیشە لە مێشکیدا بو هەتا کاتێکیش بو بە شێتەڵە هەموی لە ڕوانینیدا یەکیان گرتەوە مەرگ بو بە خوێنو جەستەی هەمو شتێکی لە مردندا دەدیەوە لە کەڤ سەر لێوی وەلیەوە ژیانو مەرگی ئاوێتە دەکرد لەو ساتەیشدا ڕەشماڵی بیرەوەری گرتیەوەو شێتی دەیگرت بەسەر جیهاندا دەتەقیەوە شەوێك بەو جۆرەی لێهات لە ئاسمانو زەویو گەردونی دەڕوانی ئەنجامێکی نەدیەوە ناچار سەری خستە سەر ئەژنۆیو کەوتە بیرکردنەوەوە چرپەو دەنگی نادیار دەهاتە بەر گوێی وایدەزانی لە تونێلەکانەوە بانگی دەکەن بەوەیش تۆڕی گومان جەستەی دەپۆشی ئەو شالاوە زۆر جار دەیگرت توشی ڕاڕاییو شێتی دەهات دوایی دەهاتەوە سەرخۆی لەگەڵ ئەوەیشدا لەو ساتەدا ترسێك گرتیەوە دڵە لەرزەی پێخست بە شەوارەیەکی نەبینەوە ڕاپەڕیو لەبەر چاوی ونبو

وایـدەزانی بـۆ قـولاّیی ئاسمـان کێشـی دەکـەن کـزە(بـا) یـەك لـە پەنجەرەکەوە بە تیژی کشا ناوچەوانی تەزاند لەو بیرە پەرشانە دای چـڵەکاند بـەو تـەزوەوە چـاوی هەڵگلـۆفتو ڕوی کـردە گۆڕستانەکە ساتێك بە قوڵی سەیری کرد پاشان بەرماڵەکەی ڕاخسـت دوای ئـەوەی ماوەیـەك نوێـژی کـرد بیرێکـی پـەرش گرتییەوە میمکە ساتێك بو بەدەم کڕوزانەوەوە بە هێواشی لە دەرگاکەی دەدا لەپڕ بەو دەنگە داچڵەکیو بە لەرزەوە دەرگاکەی کردەوە ئەویش بە گریەو ورتەوە هاتە ژورەوەو لەسەر لبادەکە دانیشت: (خـەوێکم دیوە لافاوێك جیهانی شت ڕەشەبایەکیش بەهێز زەوی لەرزاند) قسەکەی تەواو نەکرد گریا ئەویش کەوتە دەریایەکی قوڵەوە خەوی میمکە ترسی دەخستە دڵیەوە وەکو بایەقوش ناسرا بو کاتێك خەوی بە عەولەی مێردیەوە بینی هەر گێڕایـەوە دوای ڕۆژێـك لـە شـاخێکەوە کەوتـە خـوارەوەو مـرد کوڕەکەیشی بە خەو ناشت بەر لەوە مەڕێکی بۆ کرد بە قوربانی ئـیتر خولـە بـە کتـوپڕی نەخۆشـییەکی گرتـو گیانیـدا دوای ئەوەیش بە دیار هۆمەری کوڕەزایەوە دانیشت هەر زو ژنی بۆ هێناو جیای کردەوە هەتا بە تەنیا لە جیهانی خەوو ئەفسانەدا بژیو هیچ کەسێك سەری لێتێکنەدات لەو ساتەشدا شێتەڵە بەو

ترسەوە لێی دەڕوانی ساتێك پاڕایەوە ئەویش هەستا بە جوتە لە ژورەکە چونە دەر ئەو بۆ ژورەکەی خۆیو ئەمیش بۆ گۆڕستان یەکسەر خۆی خستەوە ناو گۆڕەکەی لە دەریای خەوێکی قوڵدا مۆمیا بو پەڵەی هەوریش بەری ئاسمانیان گرتبو لەگەڵ سپێدەدا بەشەڕ دەهاتن ئەویش بە جۆرێك خۆی بە خۆڵەکەوە نوساند بو هۆشی بە کۆچی گەڵاو پوشو پەڵاش نەما بو سات بە ساتیش جەستەیان دادەپۆشی دوای چێشت هەنگاو باران نم نم باری(با ) یەکی بە هێزیش هەڵی کرد بۆنێکی تفتو تاڵ لەناو خۆڵە مردوەکەوە دروست دەبو زەوی ئاوی هەڵمژیو گۆڕەکەیش ئاوە چۆڕی دەکرد ئەویش هەروەکو خۆی مابوەوە لە کاتێکدا جەستەی تەڕ بو هەر لە جیهانەکەی خۆیدا چاوەڕوانی لافاوێکی سەرتاسەری بو هەتا جیهان بشواتەوە هەورە تریشقەو بروسکە بەسەر ناوچەکەدا دەنگو تیشکیان دەدایەوە لەو ساتەشدا لە ئاواییەوە بە کوڵ هۆمەریان هێنا ئەو ساتە ڕاپەڕیو بە شێواویەوە لە گۆڕەکەی هاتە دەر بارانیش بەهێزتر دای دەکرد سات بە سات پەرەی دەسەند هەمو جەستەیان تەڕ ببو ماوەیەك بو بۆ هۆمەر دەپاڕانەوە ئەویش هەروەکو خۆی بو ناچار بۆ ناو دێ گەڕانەوە گوندەکە تەواو شێوا بو هەمویان لە هۆمەر

کۆببونــەوە ئــەویش چــاوی بڕیبــوە بنمیچــەکە میمکــە پاســی جنۆکـەی لەسـەر دەکـرد ئـەویش سـات بـە سـات خـراپتر دەبـو شێتەڵەیش قول ئەعوزوی بەسەردا خوێندو بەجێی هێشت دوای ئەوە چوەوە ژورەکـەی خـۆی لـە پەنجەرەکـەوە سـەیری جیهـانی دەکرد گەردونی لە دڵۆپـە فرمێسکێکـی نـەزانـراوەوە دەدیــەوە وێنەی جیهانو بون لەلای شێواو فەزا ببـوە شـەپـۆلی وێنـەو بـەو بیـرەوە عارەقی ناوچەوانی سڕی لەگەڵ تەڕی پەنجەیدا سەنگی جیهـانی مـۆر کـرد: (چـەند ساڵــە خـودا جیهـانی کردۆتـە تـەنها گۆڕێکی تەنیاییو تورەیە لە بــون) !!

# 9

شـێتەڵە لەسـەر بەرماڵـەوە لەبـەر هێـزی سـپێدەدا فەزایـەکی ناشـێوەیی دەردەخسـت وەك لەگـەڵ تەقینـەوەی گزنگـدا بـەرەو جیهانێکی تر بچێت ڕوپۆی گوندەکەیش وێنەی قەوزەیەکی نـاو ئاوی دەنواند هەر لەگەڵ گزنگیشـدا میمکە تۆوی ترسـی چاند کاتێـك بـۆ مـاڵی هۆمـەر سـەردەکەوت لەگـەڵ ڕاکێشـانی فەقیانەکەیدا نیشانەی نەفخی سوری دەکێشا هۆمەر ئەم بەیانیە چـاوی هەڵـهێنا بـو کاتێـك میمکـەی دی بەرچـایی دەکـرد بـە فوەکـانی دەمـی ئـەو شـێواو کەوتـە لـەرزین لـەپڕ وەکـو خـۆی لێهاتـەوە ئـەویش نیشـانەی مـەرگی بۆ دەگرتـەوە ئـەو نیشـانەیە گوندەکـەی گرتـەوە شـێتەڵەیش بـە ترسـەوە سـڵاوی نوێژەکـەی دایەوەو بەرماڵەکەی پێچایەوە لە کاتێکدا پریاسکەکەی پورکەی

دایە دەست شاسوار بە پرتە پرتەوە تێی گەیاند دوا وشەی قوتدایەوەو بەرەو گۆڕستانەکە کەوتە ڕێ بەو تەوژمو وێنە جۆراو جۆرانەیشەوە خۆی خستە ناو گۆڕەکەیەوە بە گومانی(با ) ی نەفخی سورەوە چاوی لێك نا بە خەو مانگو ئەستێرەو نهێنی گەردونی دەدی وەکو سۆپەرمانی مەرگو ژیان تونێلی ژێر زەوی دەگەڕا هەواو ئەستێرەی تاقی دەکردەوە دوا سات بومەلەرزەیەك لەو خەوە بێداری کردەوە بەدەم قریشکەوە راستبوەوە ساتێك لە خۆی ڕوانیو نامۆیی گرتیەوە ڕەگی شێتێتی لە جەستەیدا سەوز دەبوەوەو سات بە سات خراپتری لێدەهات بەو شالاوەوە لە گۆڕەکەی هاتە دەر بەسەر دارو بەردو بەرزاییدا دەڕۆیشت وەکو یەکەم جاری بێت چاوی بە سروشت کەوتبێت بەو جۆرە بەرەو شاخەکە بە تیژی هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە کلافەیەکی خەیاڵی بیرو ڕوانینی گرتبو دەپچڕاو گرێ دەدرایەوە بە فەزاوە تێکەلاو دەبونو جیادەبونەوە بەو هێزەیشەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا خرۆش گرتیو هۆشی بەخۆی نەما لەسەر تاشە بەردێك لە بەردەمیدا وەستا دەستی ڕاستو چەپ کرد ئەوسا ڕوەو خۆرهەلاتو خۆرئاوا وەستا وێنەی گەردونی دەهێنایە بەرچاوی هەر لە خولانەوەی ئەستێرەکانەوە

هـەتا مـانگو ڕۆژ ئەوسـا دەزولـەکانی کـردەوە کـۆلارەی خەیاڵـی هەڵـدا تیشکی خۆری گرت چەندە هێزی دایە بەرخۆی نەیتوانی ڕای بکێشـێت پاشـان کۆلارەیـەکی تـری بـۆ مـانگ هەڵـداو ڕای کێشا ئەوسا خۆر لەبەر چاویدا پلەیەك هاتـە خـوارەوە زەویـش سوتاو کۆلارەکەی جولاند دو پلەی تر بەرزی کردەوە ئەوسا بـو بە بەستەڵۆك دەزولەکانیش لە دەستی پچڕان مانگو خۆریش بە فـــەزاوە کەوتنـــە یـــاریو لەبـــەر چـــاویدا تەقینـــەوە بـــەوەوە قریشکەیەکی بەهێزی کرد لە شاخو دۆڵو شیودا دەنگـی دایـەوە ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە شێتیەك گرتیەوە هۆشی بەخۆی نەما لە تیشکی خۆریش بە گومان بو وایدەزانی بەردەوام گڕ دەگرێتو دەتەقێتەوە هەوایش لەبەر چاوی گڕی دەگـرت زەویـش دەسـوتا شـەپۆلی بۆسـۆو گـڕ لـە فـەزاوە دەردەکـەوت هـەمو وێنەیـەکیان لەبـەر چـاویدا دەسـوتاند دەنگـیش لەهـەمو لایەکـەوە دەهاتـە بەرگوێی وەکو هێزێکی ئۆتۆماتیکی گوێچکەی خستە سەر ژانـو بەهـەر چـوار لادا دەسـوڕایەوە جـارێکی تـریش بـەو جـۆرەی لێبەسەرهات چوار کاتژمێر لە ئەشکەوتەکەدا مایـەوە قریشـکەو هاواری کرد دوایی هاتە سەر ئاوەکە دەست نوێژی گرتو نوێژی دابەست ئەوسا هاتەوە سەر خۆی وێنەکان لە نیگایدا نەمان لەو

ساتەشدا چوە سەر کانیەکە بەو بیرەوە دەست نوێژی گرتو ڕوی کردە قیبلە ماوەیەکی زۆر نوێژی کرد لەگەڵ ورتەکانی لێویدا لە فەزای دەڕوانی هەموی لەبەر چاویدا دەبون بە ئاماژەی(با) ی نەفخ بەو وێنەیەیشەوە سڵاوی دایەوەو لە ئەشکەوتەکە هاتە دەر لە ئاسمانو هەورو هەواو(با) و باران ورد دەبوەوە شاخو بەرزاییو لوتکەی دەبینیەوە(با) ی نەفخ بە بەرچاویدا ڕەنگی دەدایەوە وایدەزانی چەند ساتێکی تر جیهان گڕ دەگرێتو دەپێچرێتەوە هەورێکی ماتەم ئاسمانی گرتبو نێرو مێ تەمی تازیەیان بە چاوەوە قەتیس مابو ماوەیەك بو لە ناشتنی هۆمەر گەڕابونەوە هەمو بە شیوەنی مەرگەوە وەستا بون لەو دو مەڕەیان دەڕوانی بە پەلکە دارەکەوە خوێنیان لێدەتکا شێتەڵە بە بینینی ئەو دیمەنە حەپەسا ساتێك لە گوندەکەی ڕوانی مەرگی هۆمەر لە دڵی گەڕا بەو گومانەیشەوە چوە ناویانەوە لە کاتێکدا بۆنی عارەقو پەڵەی خوێن بە لەشیەوە لوتی دەگرت پێکهاتەی کارەساتێکی گەورەیش گرتیەوە لەو کاتەیشدا شاسوار بەشە گۆشتەکەی دایە دەست: (ئەم قوربانییە پارەی میراتیەکەی پورکەیە ئەوی تریش لای خۆمە ئەمڕۆ کۆچ دەکەین بۆ ئەشکەوتەکە پێویستیمان پێی دەبێت) وشەی کۆچ زار بە

زار دەگـەڕا وردو درشـت دەیانگوتـەوە منـدالآن هەڵدەبەزینـەوە ژنـان بـارو بنـەیان دەپێچـایەوە پیـاوان کـەرو ولاٌخیـان گـورج دەکـردەوە پـاش ئـەوەی گۆشـتەکەیش بەشـکرا لـە هـەیوانی ماڵەکانەوە ئاگر کرایەوە بۆنی گۆشتی برژاو دێیەکەی جۆشاند میمکە هاتبوە ناو چەقی گوندەکەوە هەردو دەستی کردبوەوە وەکو بە شالاٌوی ئاوێکەوە مەلە بکات لەبەر خۆیەوە گڕوگاڵی مەرگی دەکرد: (پاشا قەرە هەستەوە تۆ نابێت بمریت بەپێی ئەفسانەکان دەبێت بێیتو سواری ئەسپە شێی بون ببێت سنوری نێوان ولاٌتانو مرۆڤو جنۆکە بکەیتە یەك سنور دەبێت هەموی ببنە مرۆلە وەکو ئێمە) ئەوەی گوت خەڵکی هەموی لە دەوری کۆبونەوە ئەویش چاوی نوقاند بو بە نواندێکی هێستریاییەوە جولاٌیەوە شەپۆلی ئاوێنە شکاوەکان گوندەکەی گرتەوە خەڵکی لە خۆیـان دەڕوانـی هـەمویان خۆیـان بـە مرۆلـە دەزانـی کچـان دەستیان دەخستە دەستی کوڕانەوەو ژنانیش بالاٌیان بە بالاٌی پیاوەکانـەوە دەگـرت کورتـو بچـوك درێـژو کـورت کورتـو کـورت مرۆڤو مرۆلە وردە شوشەکانیش بلاٌوبونـەوە هـەمو روانینێکیـان گرتـەوە میمکـە هـەردو دەسـتی بـە فـەزایا کـردەوە: (پاشـایەکی جنۆکـە لـە شـیوەکەدایە دەڵێـت: پاشـا قـەرە هەڵدەسـتێتەوە

کچەکەی خۆی کرد بە قوربانی بۆ شا قەرە دای بە نۆکەرێکی خۆی خۆم چوم بۆ شاییەکەی) پورفات دەستی ژنەکانی گرت: (میمکە بۆی گێڕامەوە ئەو پاشایە ناوی شەمعونە بالأی بەرزە وەك هەمو جنۆکەیەك چاوی داقڵشاوەو رەنگی ئەسمەرە شمشێرێکی پێیە لوتکەی شاخی پێدەبڕێت لە زێڕی بن زەریا دروست کراوە بە ژەهری ئەژدیها گەورەکان ئاو دراوەو چل ساڵ لەناو سندوقێکی مسی تێکەڵە زێرو یاقیقی پڕ لە خوێناوی تێکەڵەوە لەناو کلۆ بەفرەکانی سیبریادا داندراوەو ئەوسا دەرهاتوە بەو شمشێرە هەمو کارێکی مەحاڵ ئاسان دەبێت) ئەوەی گوت پشویەکی دا دەستی چەپی خستە سەر سنگی: (میمکە گوتی ئەو سوپایەی لێرەدا دامەزراوە چاوەڕوانی هەستانەوەی پاشا قەرە دەکەن هەزارەها جنۆکەی چاو داقڵشاوی لەگەڵە هەمویان مردنیان بڕیوە پاشا شەمعون یەك یەك بەو شمشێرە سەری بڕیونو زیندو بونەتەوە سوپایەکن دەتوانن نیوەی جیهان بگرن بە هەناسەیەك هەمو مرۆڤێك دەکەن بە مرۆلە) خورشە قسەکەی بۆ تەواو کرد: (میمکە دەیگوت شارێکی خۆشیان هەیە گەرماوو مزگەوتو چێشتخانەو دڵداریو عەشقو ژن هێنانیان هەیە تەنها کەرو ولأخو ئۆتۆمۆبێلیان نیە

جنۆکە خێران دەفڕنو زو دەگەنە جێگەی مەبەست دەڵێت: لەو دۆڵەدا خڕ بونەتەوە) ئەوەی گوت ژنان هەموی بەرەو دۆڵەکە رۆیشتن بەدەم رێگاوە هاواریان دەکرد: (پاشا شەمعون پاشا شەمعون ئێمە ژنانی مرۆلەین هاتوین بۆ میوانداری تۆ دەرگای شارەکەتمان بۆ بکەرەوە) میمکە بە تەنیا لە چەقی گوندەکەدا سەمای ئەو خەیاڵەی دەکردەوە کاتێك بە هۆش خۆی هاتەوە کەسی لە دەور نەمابو ئەوانیش چەندەیان بانگەواز کرد دەرگای کۆشکیان بۆ نەکرایەوە داڵە کەرخۆرەیەك بە ئاسمانی گوندەکەدا هات باڵی ڕاوەشاند ئەوسا تیژ تێپەڕی جارێکی تر گەڕایەوە لەبەری خۆرهەلاٚتەوە ون بو ژنان بەو وێنەیەوە گەڕانەوە بۆ گوندەکە شێتەڵەیش بە لەرزەوە لە داڵەکەی دەڕوانی لەوەوە وێنەی ناو(با) ی دەدیەوە تیژ تیٚ دەپەڕین گۆڕی هەتاییان نیشان دەدایەوە بەو وێنەیەوە قاچی ڕاستو چەپ کرد نیشانەی کاول بونی جیهانی دەدیەوە بەو بیرەوە وەکو خاچی مەسیح جەستەی خۆی ڕاگرت ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا بەدوا وێنەی جیهانەوە تورەیی باراند دەستی چەپی داگرتو هی ڕاستی جولاٚند: (ئەم گوندە بۆتە هێڵی سفری مێژو زیندەوەرو دڕندەی هەستکەر بە کۆتایی دێن

جوگرافیاکەی دەبیننەوە ئاماژەکان هەموی ئێرە بە ڕەمزی کاول بونی جیهان دەردەخەن) بەو قسەیەوە بە چوار دەوری خۆیدا خولایەوە ئەوسا بە تیژی هەنگاوی هەڵهێنایەوە بەناو گوندەکەدا کەوتە سوڕانەوە لە دارو دیوارو بەردو کوچکو کەڵەك ڕادەما سەیری کۆچو باری دەکرد تەنها جارێکیش بیری لە کۆچ نەکردەوە بەدەم بینینی خەڵکەوە یاریەکی شێتانەی دەکرد لەگەڵ ورتە ورتی لێویدا سەرو ژوری دەکرد دەگەڕایەوە چەقی ماڵەکان(با) یەکی بەهێز لەلای خوارەوە شالآوی هێنا دارو درەختی لەراندەوە وێنەی چۆڵی ناو گوندەکەی دەکێشا جگە لە تەونەکەی میمکە هیچ شوێنەوارێکی تری تیادا نەما بو میمکەش جار جارە لەناو تەوژمی خەڵکەکەوە هەڵدەگەڕایەوەو لێی دەڕوانی دواجار هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەدوای شالآوی خەڵکەکەدا ڕۆیشت ڕەویش لە گۆڕستانەکەوە کەوتە سەر ڕێ شالآوی ژنو مندالو پیاو بەڕێزەی کەرو ولاخەوە تێکەلاو دەبون هەمو چاویان بۆ ئاسمان دەکردەوە هەتا لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا بە جلو بەرگەوە بنێژرێن کاروانێك لە ملەی گردەکەی خوارەوە دەرکەوت دو ولاخو چەند کەسێکی پیادە بون ئەوە شڵەژاندنی لە جێی خۆیانەوە وەستان هەتا دور کەوتنەوە ئەو کاتە

هەمویان کەوتنە گریان دەنگیان لە دۆڵو گردو شاخەکەدا دەنگی دەدایەوە ماوەیەك هەمو گریان کەسێك توانای قسەی نەبو شێتەڵە ناوچاوی سڕیو کۆچی لە مەرگدا بەرجەستە کرد: (لە شار وەك مرۆلە سەیرمان دەکەن کەس لێمان نزیك نابێتەوە) بەو قسەیەوە ڕوی کردە ئاسمان قاچی ڕاستو چەپ کرد: (ئێرە پردی خوێن چڕانە هیچ ناسنامەیەك بۆ ئێمەو شارو جیهان نییە تەنها مەرگ نازناوی ئێمەیەو هەر فوی نەفخیشە هاوکێشە ڕاست دەکاتەوەو یەکسانیش تەنها لە مەرگدایە) هالأوی دەمی ولأخەکان تێکەڵ بە هەناسەی خەڵکەکە دەبون دەیخستنە ناو شەپۆلی زەریاوە لەگەڵ هێزی بایەکەشدا دەلەرزین هەروەکو بۆ مەرگ بپاڕێنەوە لەو ساتەدا تۆپێك لە دۆڵەکەدا تەقیەوە ئەوسا شاخو لاپاڵو پێدەشتی گرتەوە پاشان هەموی لە ماڵەکاندا زرمەیان دەهات خەڵکەکە خۆیان حەشاردا دو فڕۆکەی جەنگیش لەلای ڕاستی گوندەکەوە بە ئاسماندا دەکشان دوای ئەوەی ون بون ئەوانیش هەمو بۆ ئەشکەوتەکە بەڕێ کەوتن بارو بنەیان تیادا کردەوە تۆپیش یەك بەدوای یەکدا گوندەکەی دەسوتاند وەکو ڕەمزی هەرەسهێنانی هەڵگرتبێت پەڵە هەوریش بە ئاسمانەوە نەخشەی گڕو بۆسۆی مالأنیان تاریك

دەکـرد بـەو شـێیە جـۆراو جۆرانەیشـەوە بـە تێکەڵـی هەناسـەوە وردو درشـتی گێـژ کـرد بـو هـەمو بـە بێـدەنگی لـە ئاسمانیـان دەڕوانی وشەیان لـە بیر دەچوەوە تـەنیا تـەقینی پەنجەی زێباو چرا ڕچەی بێدەنگیان دەشکاند بە تاسەوە لە یەکتریان دەڕوانـی وێنـەی یـەکتریان دەخسـتە دڵـەوە لەگـەڵ کـزە شێدارەکەیشـدا دەتوانـەوەو دروسـت دەبونـەوە هـەتا ببنـە جەسـتەو ڕۆحێـك جارێکی تر لێکجیانەبنەوە ڕۆژانە بەو جۆرە بون کاتێکیش لای یـەکتری نەبونایـە لـە بانێـژەو هەیوانـەوە بـە خـەیاڵ بـە فـەزادا دەفڕین وەکو ئەو کاتانەی پێکەوە گرێی عەشقیان دەکردەوە بە شەپۆلی(با) و هەورو شەماڵەوە دڵدارەکانیان دەدواند ڕۆژێك بەر لـەوەی مـاڵی زێبـا نیـازی کۆچیان هـەبێت بـەو شـێوەیە دەمـەو عەسر هات بۆ لای لـەو سـاتەی ماچی کـرد گریـا هـەتا دانیشـت هـەر گریـا ئەوسـا فرمێسـکی سـڕی: (وەرە کـەمێك دەردی دڵـی خۆتم بۆ بکەرەوە دەزانم دڵت برینـدارەو چارەنوست سوتا بـەڵام عەشق نیشتمانەو گەردونە هەر ڕۆژێك دێت بەختـەوەر ببیـت) : (تەنیا مەرگ بۆ من ماوەتەوە ئەوە دەشتی بو کوژرا دیسـان لـە تـۆیش جیادەبمـەوە سـبەینی بـۆ شـار کـۆچ دەکـەین دەبێـت چاوێکم لە گۆڕی عاشقەکەمو ئەوی ترم لە تۆ بێتو هـەمو ڕۆژێك

بە باڵ بفڕم بۆ ئێرە) ئەو قسەیە جەرگی چرای خستە سەر ژان کتوپڕ چاوی پڕ بو لە ئاو بەو دەرونەوە دەستی خستە ناو دەستیەوە: ( هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە زامی تۆ دەردی خۆمی لە بیر بردومەتەوە تۆ تەنیایت دڵدارەکەت مەرگی کرد ئێستایش دەڕۆیت ئیتر دەمرم) زێبا بە کوڵ گریا وشەکانی بە فرمێسکەوە داباریــن: (دیارە منو تۆ چارەنوسمان بە مەرگ نوسراوە ئەوە نهێنی ئەم گوندەیە یان بەختی خۆمانە) چرا فرمێسکەکانی سڕیو دەستی گوشییەوە: (ئازیز تازە کار لە کار ترازاوە تۆ دەڕۆیت لە شار دڵدارێك بگرە بەڵکو ئەو زامەت ساڕێژ بکات) : (ئاخ ئەوە هەرگیز زام نیە ئەو وەکو خوێن لە لەشمدایە هیچ کوڕێك ئەو جێگەیەم بۆ ناگرێتەوە) لەو ساتەیشدا ئەو وێنانەیان دەدیەوە هەردوکیان بە خەیاڵ فەزای ژوانی پێشویان زیندو دەکردەوە بە جۆرێك پەنجەی یەکتریان دەگوشی هەتا بۆ هەتا هەتایە لە یەکتری دانەبڕێن بەو هەستەیشەوە وەکو ئاسمانو زەوی ماچی یەکیان دەکرد بەو هێزەیشەوە چرا پەنجەی گوشی: (ئەگەر بچونایە بۆ شار دڵداریت دەکرد چاوت دیارن کوڕە شاریەکی قۆزت دەکرد بە دڵدارت دڵیشت هەر لای شارە) شەپۆلی ئاوێنە شکاوەکان

بڵاوبوەوە هەردوکیان لە یەکتریان دەڕوانییەوە وەکو یەك کورتە بالآو دەمو چاو قوپاوو رەش تاڵە بون تەنیا جیاوازیان ئەوە بو چرا کراسێکی پەمەیو هێلەکێکی سوری لەبەردا بو ئەویش کراسێکی مۆرو هێلەکێکی رەش بەو روانینو شاڵاوە ئەفسانەییەوە زێبا توشی گومانو دودڵی هاتو هەناسەیەکی هەڵکێشا: (من هەر بەختم بە مەرگە دڵداریش بگرم دەبێت گوللە باران بکرێت) ئەو تیشکە چرای خستە سەر پرسیاری نەزانراوەوە: (بۆ ناشێت دڵدارێکی ترت کوژرا بێت ) بەو قسەیەوە زمانی شکا رەنگی گۆڕا وەکو دو کەسی مۆمیا بو لە یەکتریان روانی رۆمانی(با) ئەو بێدەنگییەی شکاند بە شەپۆلی ئاوێنە شکاوەکانەوە هەردوکیان لە ئەفسانەی گەردوندا چونە ناو بیر کردنەوەوە هەتا یاری بە تیشکی دەرونی بکەن: (لە ئەفسانەی مێژوی ئەم گوندەدا پرۆمیسۆسێکی کوڕو کچ ئەفسانەیەکی نوێیان نوسیەوە کچێکی گوندی مەرگ کورتە بالآو چاوو روخسار قوپاوو رەشو رەنگ مەرگە موش بە خەیاڵێکی راستی لە ئەفسانەی فەلسەفەی مەرگەوە سروشتی گرتبو بو بە قیبلە نومای گەنجێکی شازادە کەوتنە داوی عیشقێکی گەردونییەوە توانیان لەم ژیانە راستیەیەوە بچنە

جیهانی خەیاڵێك كە خەونی هەمو مرۆڤایەتییە دەبێت بنەمای ژیانێكی نوێی لەسەر دابمەزرێت هەر ئەم خەونو خەیاڵە مەزنەیش دەبێتە خاڵی گۆڕانكاری ریشەیی بۆ هەمو جیهان شوناسی مرۆلە بون بە مێژوی مرۆڤایەتی دەبەخشێت ئەمە خەونی كافرۆشیو هاتنە خوارەوەی رۆحو دڵە ناكامەكانە بە هەسارەكانی گەردونەوە) دەنگی رۆمانی(با) بو بە وێنەی تەلێكسی تیشكدانەوی دو دایەلۆژی دەرونی زێبا بەو تیشكانە لە تەلێكسی چاویەوە ئەو دایەلۆژانەی بۆ چرا بە وێنەیی دەنارد ئەو خەونو خەیاڵەی بۆ دەكردەوە بە راستی: {(كوڕێكی زۆر جوان ناوی چیا بو ڕۆژانە وەكو خۆر دەیگرتم شەویش دەبو بە مانگە شەو) بەو وێنەیەوە گریا ئەویش تیشكی تێگرتەوە: (كێ كوشتی ناشێت كراس سپی بو بێت) : (بەڵێ كراسەكەی سپی بو دەترسم بكوژرێت)} بەو بیرەوە سەری هەڵبڕی لە ڕۆشنایی ئەشكەوتەكەوە شەپۆلی شارەكەی دەدیەوە وێنەی ئەو ساتەی دەهاتەوە بەرچاو بە خەیاڵ چوە سەربان لە سوچی هەورەبانەكەدا باوەشی پیادا كرد:{(ڕۆشنایی ژیانم ئەم شوشە عەترە بگرە تۆ چیت بەم باڵا كورتەتەوە دڵو مێشكی منت ڕفاندوە ) زێبا ترسا لەرز جەستەی پێچایەوە ئەویش زیاتر لێی

نزك كەوتەوە ئەویش خۆی لێڕاپسكاند: (چیا با خۆشەویستی لە دەست نەدەین من بەم شتانە ڕازی نیم لكەدارم مەكە) چیا وەكو شێتی لێهات بو دەیویست بفرێت لەبەر ئەوەیش شێتانە رویتێكرد دوا نهێنی عەشقی بۆ كردەوە: (منو تۆ عاشقین هەمیشە بیرم لە كەسێك كردۆتەوە جیاواز بێت لە كچانی تر لەبەر ئەوە دەبینە هاوسەر یامەرگ دەمانگرێت یان بۆ یەكتری دەبین ئیتر چی پێویستە شەرم بكەین ) : (ئەوە بڕیاری منیشە ئەوەیش كاتی خۆی هەیە لەبەر ئەوە خۆشم دەوێت شۆڕشگێڕیتو كوڕی هەژاریت ئیتر پێویستە بیر بكەیتەوە) : (بەڵی راستە بەلاّم پێم بڵێ تۆ خەڵكی كوێیت لەوە دەچێت لە هەسارەیەكی ترەوە هاتبیتە خوارەوە رەنگو بالاّتان لە مرۆڤی سەر زەوی ناچێت) زێبا هەناسەی مەرگ گرتییەوە نەیتوانی هیچ وەلاّمێكی بداتەوە تەنها بە ئاخێكی مەرگاویەوە خۆی خواردەوەو لەگەڵ شەپۆلی هەمو شارەكەدا نوقم بو} لەو ساتە تیشكییەیشدا كە لە چرای دەڕوانی لەگەڵ چیا دەرزی بوكێنی دەگۆڕییەوە بە خەیاڵ باوەشی پیا كردو دەمی خستە ناو دەمیەوە بە قولاّیی فەزا هەڵیمژی بەو وێنەییشەوە لە كۆتایی رۆمانی(با) وە چرای دڵنیا كردەوە ئەویش ئەو چیرۆكەی لە

ناخی زێباوە دەدییەوە ئەو وێنەیە لەو ساتەشدا زێبای لەرزاند لە جێی خۆیەوە گریا چرا دەستی گوشیو فرمێسکی بۆ سڕی ئەوسا لە یەکیان ڕوانی هەردوکیان بە زامی سەختیانەوە بێدەنگ بون توانای قسەیان نەماو لە ڕۆشنایی یەکتریدا دەتوانەوە زمانێکی خامۆشیان لە نهێنی جیهاندا هەڵدەکۆڵی سروشتیش بەو زمانەوە بەرجەستە ببو لە بێدەنگیدا وێنەی کارەساتی مێژوی عەشقیان دەکێشا !!

*          *          *

شێتەڵە بە شالاوێکی تۆقێنەرەوە بە خێرایی لە ئەشکەوتەکەوە بۆ گۆڕستان دەکشا لەگەڵ کۆچی خۆرەکەدا سات بە سات زیاتر تۆڕی وێنەی جیهان دەیگرتو هێواش دەبوەوە کاتێک بەلای ماڵەکاندا ڕابورد لە کەلاوە ڕوخاوەکانی ڕوانی ئەوەندەی تر ژیان لەبەر چاوی ون بو بەو بیرەیشەوە چوە ناو گۆڕەکەیەوە بە جۆرێك خۆی لەگەڵ خۆڵەکەدا پەیوەستە کرد وەکو نیازی نەبێت جارێکی تر بێتە دەرەوەو بە یەکجاری چاوی لێکبنێت هەر لەو ساتەی ئەو گومانە پێچایەوە هۆشی لە بون سڕیەوە مێشکو بیرو ڕوانینی بەو هەستەوە سڕ ببو ژیان لەلای دەبوە گەلایەکی ڕزیو چوار کاتژمێر بەو جۆرە لەو خۆڵەدا ڕاکشا وەکو بیەوێت

گومانی لەو گۆڕەدا ڕەگ دابکوتێتو سەرلەنوێ سەوز ببنەوە بەو بـیرەوە خـەوی لێکـەوت پاشـان بـەدەم ژانـەوە بێـداری بـوەوە بـەردەوام لـە ئاسمـانی دەڕوانیـو ئەسـتێرەی دەژمـارد شـینایی ئاسمـان لـەو تاریکیـەدا وێنـەی گۆڕێکیـان دەدایـەوە دوایـی دەبونەوە بە گەردون دەزولەی خەیاڵـی بڵاودەکردەوە بۆ ڕاستو چەپو باکورو باشورو شارە خەیاڵییەکەی خستبوە گوشەیەکی نەبینەوە لە پڕ بە شەپۆلی ئەو خەیاڵەوە خەوت لەو خەوەیشدا جیهانی لێپێچرایەوە شەپۆلی ئاو هەمو جیهانی گرتبوەوە بەدەم فرمێسکەوە ڕاپەڕیو هەستایە سەر پێ سەیری فەزای شاری کرد گڵۆپەکانی لە مێشکیدا دەتەقینەوە لەو تیشکەوە ماڵ بە ماڵو کۆشکو مزگەوتو باڵاخانەو گەڕەکو سەربازخانەو بازاڕو شەقامو شۆسـتەو قوتابخانـەو بەندیخانـەی شـاری دەدیـەوە لـە خـوێن هەڵدەکێشرانەوە شارەکە هەموی نوقمی شەپۆلی خوێناو دەبو بـەو وێنەیـەوە کـۆلارەی خـەیاڵی بڵاوکـردەوە کۆشـکی بـەرزو سـەربازخانەکانی ڕادەکێشـا بـە هـەمو ئۆتۆمۆبیلـو زرێ پۆشـو خـانوو خێمـەو تۆپـو کەلوپـەلی سـەربازیەوە بـە حـەواوە دەیتەکانـدن پاشـان مزگـەوتو کارخانـەکان ئەوسـا گـەڕەکێکی دەگواستەوە بۆ فەزای شارە خەیاڵـیەکەی تاریکی باڵی بەسەر

گۆڕستانەکەدا کێشا بو بێدەنگیش زمانێکی تایبەتیان بە هەرەسهێنان بەرجەستە کرد بو لەگەڵ تاڵە دەزویدا دەکشان بەو بیرەوە پتر تاڵە دەزوی هەڵدا جەنگێکی خەیاڵی جیهانی هەمو مێشکی گرتەوە یەکەم جێگە روانینی بەندیخانەکەی گرتەوە چەند کۆلارەی بۆ هەڵدان سەرەتا بەندیەکانی ڕاکێشاو گواستنیەوە ئەوسا بەندیخانەکەی بەرز کردەوە لە جێی خۆیدا بە زەویدا کێشایەوە ئەوە دوا نیگای بو ڕۆشنایی لەسەر ئاسمانی شار دەکوژایەوەو لە ڕوانینیدا توابوەوە چەند جار ئەوەی کرد بەهەر چوار دەوردا دەسوڕایەوە ڕۆشنایی هەتەر دەدا تەنیا لە ئاستی فەزای شارەکە کوێر دەبو بەو وێنەیەوە وشك وەستا دەنگێك دەهاتە بەر گوێی ئەوە بە یەکجاری جەستەی خستە سەر لەرز لەوەدا بو خوێناو دای بپۆشێت سات بە ساتیش پتر بەرەو بۆشایی جیهان پەرەی دەسەند دەزوی خەیاڵیشی بەدەم هێزی(با) وە لە فەزادا ڕادەفڕین بەو بیرەوە لە جوگرافیای شاری ڕوانیەوە وێنەی ناو(با) کوژابونەوە لەگەڵ زەمەنو مێژویدا کۆچیان کرد بو هیچ شوێنەوارێك لە دوای گۆڕینی نەخشەیەوە نەمابوەوە جگە لە شالاوی خوێناوی سات بە ساتیش جەستەی شاخو کێوو گردی دەگرتەوەو هەڵدەکشا

ماوەیەك بەو جۆرە قولأیی چاوی تێبڕی هیچ شتێکی نەدەدیەوە کارەباو کۆشکو کارخانەو ماڵو درەختو گەڕەك نەما بون وایدەزانی کوێر بوە ڕوی وەرگێڕا تەنیا لە ئاستی شارەکە ڕۆشنایی دەپۆشراو نوقمی شەپۆلی خوێناو دەبون بەو دیمەنەیشەوە دەزولەی خەیاڵی کردەوە کۆلارەی بۆ جوگرافیای شارە خەیاڵییە نوێیەکەی هەڵدا ئەویش بەدەم گێژەنگی(با) وە دەسوڕایەوە بۆ نیشتمانێك دەگەڕا تیایدا نیشتەجێ ببێت بەو ڕوانینەوە کۆلارەی گرتە مەریخو مانگو زوحەلو تەنها جێگەیەکی نەدییەوە بۆ نەخشەی شارەکەی ئەو گەردەلولە مێشکی گرتەوە هەمو وێنەیەکی بەسەر یەکدا گێژ داو بە یەك جاری ڕوانینیان گۆڕی بەو ژانەوە پڕ بە گۆڕستانەکە قیژەی کرد دەزوەکان بە بیرو هەستیەوە تێکەلأو دەبون ئەوسا هەموی هەڵدا بۆ جیهان ولأتو شاری دەگرتو هەڵی دەگێڕانەوە ماوەیەك بە خەیاڵ ئەوەی کرد لەپڕ دەنگێك هاتە بەرگوێی بە تیژی وەکو(با) ی نەفخ هەڵبکات هەستی دەکرد زەوی دەلەرێتەوەو ئاسمان لول دەبێت بەو ترسەوە لە گۆڕەکەی هاتە دەرەوە بە قریشکەوە لە گۆڕستانەکەوە تیژ تێپەڕی دەنگی خستە دیواری ڕوخاوەوە بۆ ئەشکەوتەکە هەڵگەڕایەوە جار

جارەیش ئاوڕی دەدایەوە لە شاری دەڕوانی جگە لەو شالاْوە خوێناوییە هیچی تری تیا نەدەدیەوە دواجار بە قینو حەژمەتێکی گەورەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوە نەوەستایەوە هەتا دیمەنی ئەو شارە ببینێت گزنگ بەسەر کەلاوەکانی گوندەکەدا دەتەقییەوە ئاگرێکیش لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا کرابووەوە خەڵکەکە بە دیاریەوە کزۆڵەیان کرد بو ئەویش چوە ناویانەوە لەسەر بەردێك دانیشت دۆلکەیەك چاو ناوساجییەکیان لە بەردەمیدا دانا بەردەوامیش لێیان دەڕوانی ئەویش لەگەڵ جوینی پارودا تۆڕی وێنەی دەدیەوە جوگرافیای دو شار ڕوانینیان کۆنترۆڵ کرد بو بەبیٚ هۆشی لێوی دەجولاْندو گوێی بۆ(با) یەکی بەهێز دەزرنگایەوە لەگەڵ دوا قومی چاکەیشدا شارە نوێیەکەی دەدیەوە خاکێکی بیٚ ناونیشانی دۆزی بوەوە شەپۆلی(با) یەکەیش بە تیژی دەکشاو گرێکی لێدەبوەوە وەکو تەقینەوەی فۆتۆنات لە مێشکیدا ڕەنگیان دەدایەوە میمکە بە چرپە چرپەوە هات کفنەکەی بە دەستییەوە لول کرد بو لەبەر خۆیەوە پێشهاتی گوندەکەو جیهانی گریٚ دەدا: (پاشا قەرە هەڵدەستێتەوە زەوی گوندەکە شەق دەبێت گوێم لە دەنگی ئەژدیهاو دایناسۆرەکانە هاکا هاتن پاڵەوانانی جنۆکە

سـوپاکەیان بـەرەو جیهـان بـڵاو کـردەوە سـەیر بکـەن لەهـەمو لایەکـەوە پیـاوانی سـوپاو کـراس سـورو سـپی دێـن بـۆ گونـدی مەرگ دەبن بە مرۆلە) بەو قسەیەوە سورێکی خوارد کفنەکەی لە خۆی ئاڵاندو شەپۆلێکیش هات وردە شوشەی ئاوێنەیی فەزایان پۆشـی خەڵکەکـە هەسـتیان بەشـەق بـونی گوندەکـە دەکـرد میمکـەیش بـەردەوام پەنجـەی رادەکێشـا ئـەوانیش کەوتبونـە بێهۆشـییەوە گوندەکـە لـە پـێش چـاویان دەلەرزییـەوە لەهـەمو لایەکییـەوە گـۆڕانێکی خۆڕسـکی گرتبـو هـەوا خۆڵەکـەی هەڵدەدایـەوە خەڵکەکـەیش بە ئەفسانەو وێنـەی میمکـەوە وەکـو پاڵـەوانی ئەفسـانەیی نوانـدنیان دەکـرد هـەمویان چـاویان بـۆ شێتەڵە دەگێڕا ئەویش بە تۆڕی گومانەکانییەوە سەر مەست ببو بەو وێنەیەیشەوە سەری خستە سەر بەردێکو ڕاکشا بەدەم گڕی ئەو شـاڵاوەوە هەسـتی دەکـرد جەسـتەی لەگـەڵ بەشـەکانی تـری گەردونـدا دەتەقێتەوە بـەو هێـزەوە جەسـتەی خـاوبووەوەو خـەوت بێدەنگی ئەشکەوتەکەی گرتبوەوە وەکو سروشت بۆ چرکەیەك پشـو بـدات چـەند دەنگێـك لـە بنـارو لوتکـەوە وەکـو پیـانۆی سـەربازی دەهـاتن خەڵکەکـەیش بـەو ترسـەوە هەناسـەیان هەڵدەمژیو خۆیان لەبـەر هەتاوەکـەدا هەڵـخستبو زۆریـان جلیـان

داکەند بو ئەسپێیان دەدۆزی زۆریش لەسەر بەرد ڕاکشا بون لە زمانی بێدەنگیدا خۆیان دەناشت تەنها دەنگێك لە قولآیی ئەشکەوتەکەوە دەهات وەکو هەناسەی پەپولە تالیم بەسەر سنگی چرادا پەخشی دەکردەوەو پەنجەی دەگوشی ئەویش بە بێزاریەوە دەگریا بە جۆرێك وەکو لە کفن پێچرا بێت تیشکی چاوی بڕیبوە حەواو ڕوانینی بۆ گۆڕستانی هەتایی هەتەر دەدا دو ڕۆژ بو ئەو بیرە گرتبویەوە لەرز جەستەی دەگرت دڵی دەگوشراو عەشق وەکو دەزولە لە قوڕگی دەئالآن پرخە پرخیان پێدەخست خوێنەکەی دەگوشراو هیچ هۆشێکی بەخۆی نەما بو لە خەویشدا ڕادەچڵەکیو دەلەرزی لە ڕوانینی میمکەیشەوە دەستی نابینا ببوە ئەفسانەو وایدەزانی قوڕگیان گرتوە ساتێکی تر گیانی دەکێشن هەمو چێژێکی تێکەڵی مەرگ ببو بەو گریانەیش دڵی تالیمی داخورپاند ئەویش کتوپڕ خۆی وەرگێڕا لە کاتێکدا فرمێسکی دەڕشت قژی بۆ هەڵدایەوە بە دڵۆپێك کوڵمی تەڕ کردو سەری بەرز کردەوەو لێی ڕوانیەوە وایدەزانی لەو تنۆکەیەوە جارێکی تر عەشق لەسەر سنگی سەوز دەبێتەوەو مەرگ لەو جەستەیەی دور دەکەوێتەوە ئەو وێنەیە لە نیگایدا شەوقی دەدایەوە بەو ڕوانینەیشەوە نیگایان

لە یەکتری دەبڕی سات بە ساتیش لەبەر چاویان پەرەی دەسەند دەبــو بــە شــەپۆلێکی گــەورەو خۆیــان تیــادا دەشــتەوەو تاڵــە دەزوەکانی عەشقیان لە درەختێکی نەمریدا سەوز دەکردەوە بەو شـێوەیەش پەنجـەی یـەکیان گوشـی ڕوانینیـان پـەرەی سـەند لەگەڵ شەپۆلی فەزادا تێکەڵاو دەبونو جیهانیش بەو دڵـۆپەیەوە دەشۆڕایەوە سەرلەنوێ دروست دەبوەوە !!

## 10

(ئـەم چـرکەیە مـەرگ شـالاوی ئاوێکـە خـوێن بـەهاو ڕەنگـی شێواندوەو نیشتمانی بونی پێکهێناوە) شێتەڵە بەو قسـەیەوە تیژ تێپەڕی بە شەپۆلی نادیارەوە فەزای دەبڕی دەیویست بەناو نهێنی بونـدا بفڕێـت تاڵـە دەزوی خەیاڵـی بـە ئاسمانـدا پـەرش کردبـوەوە لـە دەسـتی دەپچـڕان یـەکیان دەگرتـەوە ون دەبونـو دەردەکەوتنـەوە دەشـتو کێـو شـیوو دۆڵـو لوتکـەو شـاخو دارو بـەردو درەختـو بنجگـو سـەوزاییو دەوەنـو(بـا) و هەناسـەی بـە گرژی دەبینیەوە لە خۆرهەلاتو خۆر ئاواو باشورو باکورو ڕاستو چـەپو سـەرو خـوارەوە وێنـەی شـەپۆلی خوێنـاوی دەهاتـە

بەرچاوی تەزوی(با) یەکەش وەکو شمشێرێکی تیژ دیاری دەدا سات بە سات ڕوانینی دەگرتەوە هەتا دەزولەی خەیاڵی بپچڕێنێت ئەوەیش کرۆکێکی سەخت بو هەر لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرەوە ئەو تەوژمە گرتیەوە لە ژێر شالأوی کەشەی هەورەوە دەدرەوشایەوەو ڕوانینی تەڵخ دەکرد ماوەیەك جەنگی خەیاڵی کرد بە دەزولەی کۆلارە فەزای پشکنیو وێنەی ڕاکێشا سات بە ساتیش پتر دەئاڵۆزکان لەگەڵ یاری خۆرو هەورو(با) دا تێکەلأو دەبون بەو دیمەنەوە دەستی ڕاستو چەپ کرد وێنەی شاری خەیاڵی دەدیەوە گڵۆپی شار هەڵدەکرانو دەکوژانەوە بەرەو فەزایەکی ناشێوەیی لە شەپۆلی(با) یا دەسوڕایەوە بەو وێنەیەوە خۆی وەرچەرخاند لە شارەکەی ڕوانیەوە تەنیا تەوژمێکی خوێناوی دەردەخست لە ئاسمانەوە سەرو ژورو ڕاستو چەپی سور ببو بە جۆرێك(با) کەیشی بە سوری دەدیەوە وەکو کەڤ تێزاب بە خوێنەوە هەڵدەکفا شاخو کێوو گردو بەرزایی دادەپۆشی ئەوەیش تێکەلأو بونی هەر چوار ڕەنگە فیزیاییەکە بون لەلای لە بنەمای زانستی تەقینەوەی فۆتۆناتدا(با) ی نەفخی بەسەر فەزاوە دەبینیەوە بەو ڕوانینەوە بە تیژی هەنگاوی هەڵهێنایەوە بەو بیرەی چەند ساتێکی تر

جیهـان بتەقێێتـەوە هـەر لەگـەڵ گزنگـەوە ئـەو شـالأوە گرتیـەوە توانای نەما بۆ تەنها ساتێکیش دابنیشێت بە تەنیا بەسەر میلی کاتــژمێری ســاتەوەختەوە دەســوڕایەوە وەکــو سروشـــت لـــە ڕوانینیدا سفر بو بێت بەو شالأوەوە پەیوەستە ببو لەپڕ بەردێك لـە شـاخەکەوە تـل بـوەوەو دارێکـی ڕمانـد لـەو سـاتەی بـو بـەدو پارچەوە یەکێکیان هەڵبەزیـەوە هـەتا نـاو کـەلاوەکان تلـی داو لـە دێیەکـەدا گیرسایەوەو وێنەیـەکی ترسـناکی خسـتە مێشـکییەوە سـاتێك بـەو بـیرە پچـڕاوەیەوە سـەیری کـرد گـوێی بـە دەنگێکـی نادیـار دەزرنگایـەوە وایـدەزانی ڕاپـۆرتی جیهـانی پێشـکەش دەکـەن سـاتێك لـە قولأیی فـەزای ڕوانـی دەنگەکـە وەکـو مۆسـیقا خرۆشـاندی چـەندە گـوێی هەڵـخست لـە بنـارو لوتکـەی ڕوانـی شـوانو ڕێبـوارێکی نەدیـەوە بـەو داخـەوە بـەپێ لەقـە دارو بـەردو خـاکو خـۆڵی دەکوتیـەوە ئەشـکەوتو ئەسـتێڵو کانیـاوو دەشـتو دەرو کەلاوەی گوندەکە گەڕا تەنیا دەزگای تەونەکـەی میمکـە بـە سـوتاوی وەکـو لـە خاچـدانەوەی مەسـیح باوەشـیان بـۆ ئـەوو جیهـان دەگرتـەوە بـەو دیمەنـەوە ئەوەنـدەی تـر ڕوانـینی شـێواو وایدەزانی تەونەکە دەبێتە گڕێك یـان پارچە کفنێکی گشـتی بـۆ عالەم لەو نیگایەیشەوە ئێستاو سەرەتای بە یەکـەوە گرێدایـەوە

بــە تاڵــە دەزووەوە زەمــەنی لــە پشــت زەمــەنی ڕوداوەكانــەوە دەنەخشـاند ئـەو ڕەنگاڵەیـەی لـە بینـینی شـاخو كێـوو گـردو لوتكەو بنارەوە دەدییەوە وایدەزانی گڕێك هەوا دەسوتێنێت بەو بیرەوە كۆلارە لـە نیگایـدا تێكـەڵاو دەبون جوگرافیـای جیهانیـان دەگۆڕیـو فـەزای ناشـێوەییان بـۆ دەڕەخسـاند لەگـەڵ چـرپەی هەناسەیشیدا شـەپۆلی فڕین جەستەی دەگرتـەوە ماوەیـەك بـەو جۆرە دەستو قاچی ڕاوەشاند ئەوسا چوە سـەر بـەردێك هـەردو دەســتی كــردەوە ســنگی دەرپەڕانــد هەناسەیشــی بــە دەزوی ڕوانینـەوە تێكـەڵی شـەپۆلی(بـا) دەبـو بـەو تۆڕانـەوە دەیویسـت بفڕێت قولایی ئاسمان بگـەڕێت هـەتا كلیلـی تـونێلی ونـی فـەزاو زەویو زەریا بدۆزێتەوە زۆر جار بەو جۆرە خۆی تاقی كردەوە بە خەیاڵ بە شەپۆلەكاندا دەفڕی هەر لەپڕ دەزوی تێكدەئالاند فەزا لە روانینیدا دادەخرا جارێك چوە سەر لوتكـەی شـاخەكە دەزوی خـەیاڵی گرتـە مـانگ ویسـتی بـەوەوە هەڵـبكشێت چـەندە قاچـی بـەرز كـردەوە دەسـتی جولانـد لـەپڕ دەزووەكـە پچـڕا لـە جێگـەی خۆیـدا كـەوتو خوێنـاوی بـو لـەو ساتەشـدا دەیویسـت بـە باڵـی ئەفسـانییەوە بـۆ هەسـارەیەكی تـر بفڕێـت جوگرافیـای شـاری خەیاڵی تیادا نیشتەجێ بكـات ماوەیـەك بـەو جـۆرە مایـەوە هـیچ

ڕێگەیەکی لە بوندا نەدیەوە بەوەوە شالاٌوێکی تۆقێنەر گرتیەوە چاوی نوقاند بەدوا هەناسەی بونەوە لێوی جولاٌند: (شیرازەی گەردون پچڕاوە ساتەوەختی ئەوەیە جیهان بپێچرێتەوە ئێستا تەنیا جێگەی کۆترێکی تێدایە ڕایەڵی بون نادیارن ئەستێرە ناسێك نیە کلاٌفەی گەردون شیبکاتەوە) ساتێك لە جیێ خۆیەوە لە فەزای ڕوانی فۆتۆنات لەبەر چاوی گڕیان دەگرت بەو ترسەوە قاچی هەڵهێنایەوە وایدەزانی دەکەوێتە ناو گۆمی تێزابەوە هەستی بە شالاٌوی گڕو خوێن دەکرد هەتا زەوی دابپۆشێت تەنیا گۆڕستانەکە لە ڕوانینیدا مایەوە بە پەلە کەوتە ڕۆیشتن هەتا ناو گۆڕکەی نەوەستایەوە ئەو کاتەیش خۆی بە خۆڵەکەیەوە پەیوەستە کرد بە تۆڕی ئەندێشەوە خەوی لێکەوت گۆڕستان کزەیەکی ساردی دەبەخشی گەلاٌی دارەکان ڕادەفڕین بە خەوشو خۆڵەوە بۆ ناو گۆڕەکەی دەخزینو لەسەر جەستەی دەنیشتنەوە لەگەڵ ئەوەیشدا دانەچڵەکی لە خەوێکی قوڵدا سەرگەرم ببو خەوی بە کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەو مانگو ڕۆژەوە دەبینی زەویش تەنیا زەریایەك بو لە خوێناو بەو روانینەوە جەستەی دەتوایەوە وەکو ساروخێك فەزاو جیهانی دەبڕی بەو شالاٌوەوە بە قریشکەوە ڕاپەڕی ساتێك بەدەم لەرزەوە

لە خۆیو دەورو بەری ڕوانی هــەردو باڵـی کردەوە وەکو بیـەوێت بفڕێـت لـە وێنـەو دیمـەنی خەوەکـەی ورددەبـوەوە لـەپڕ بـەرەو ڕۆژئاوا ڕوی وەرگێڕا بە پەنجەی وێنەی سەرەو ژێـر بونی زەوی دەکێشا ماوەیەك بە خەیاڵ ئەوەی کرد ئەوسا کۆلارەی بە فەزادا بڵاوکـردەوە وێنـەی ڕادەکێشـاو تێکـەڵاو دەبونـەوە لـەپڕ هـەموی تێکئالاْن بەوەوە قریشکاندی لە گۆڕەکەی هاتە دەر لەگەڵ چەند هەنگاوێکــدا لــە جیــێ خۆیــدا کــەوت لــەو کاتەیشــدا لــە ئەشکەوتەکەوە بە کوڵ چرایان هێنا لەسەر قسنەکە ڕایانکێشا شێتەڵەیش چاوی هەڵـهێناو بـە حەپەساوییەوە سـەیری کـردن دەزوە خەیاڵـیەکانیشی وەکو خۆیـان بـە فـەزادا دەخولانـەوە لـەو کاتەیشــدا دەنگێکــی تێکــەڵاو هاتــە گوێیانــەوە لەســەر ملــەی گردەکــەوە دەســتەیەك چــەکداری کــراس ســور هــاتن لەگــەڵ کۆمـەڵێکی کـراس سـپی تێکـەڵاوبون لـە گردەکـەوە چـەکەکانیان فڕێ دایە خوارەوەو بە تێکەڵی بۆ نـاو گوندەکە کەوتنـە ڕێگا لـە گردەکـەی ئەوبەریشـەوە یەکەیـەکی سـەربازی بـە ئۆتۆمـۆبیلی ســـەربازیو دو زریێ پۆشـــەوە وەســـتان ســـەربازەکان دابـــەزینو بـەنزینیان بـە زرێ پۆشـو ئۆتۆمۆبیلەکانـدا کـردو بـە گردەکـەدا خســـتیاننە خـــوارەوەو ســـوتاندیانن لەســـەر لاپـــاڵو گـــردو

لوتکەیشەوە هەر خەڵك بو تاکو تەراو بە کۆمەڵی بەرەو چەقی گوندەکە هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە کەشە هەوریش لە ئاسمانەوە یەکیان دەگرتەوە(با) یەکی بەهێزیش بە کزەی ساردەوە گۆڕستانی گێژ دەدا ئەوانیش چاویان بڕیبوە قولایی جیهان بۆ چرا دەپاڕانەوە ئەویش لە پاڵ قسنەکەدا کروشکەی کرد بو بە ئاشکرا ڕەنگی مردن لە چاویەوە دەبینرایەوە ئەوە لەلای هەمویان ئاشکرا بو هەر لەو ساتەی میمکە تۆڕی کفنی بۆ چنیو ئاوی زمزمی کرد بە دەمیەوە ئەوەی دەرخست: (ئەو ئاوە بخۆرەوە چاو لە نابینا بتۆرێنە با مەملەکەتێك بە مەرگت کوێر نەبێتەوە) بەو تۆڕەوە لاواندییەوە ڕەملی مەرگی بۆ دەگرتەوە لەو ساتەشدا خەڵکەکە بەو بیرەوە دەلەرزین ئەویش لەسەر قسنەکە سات بە سات خراپ تر دەبو ناچار بە کوڵ بۆ ئەشکەوتەکەیان بردەوە شێتەڵە لە سێبەری ڕۆیشتنیانەوە گەلای گومان دەیگرتەوە لەتاو ئازار بەلای چەپدا ڕۆیشت گێژەڵوکەیەك لە مێشکیدا هەڵیدەکرد چیاو دەشتو شاخی بە سەریەك دا دەڕوخاند بەو وێنەیەوە وەستاو فەزای خوێندەوە: (هەمو ڕەمزی جیهان واتای(با) یەکیان تێدایە جارێکی تر جیهان لە بۆگەناو پاکژ بکاتەوە) حەسەنو تالیم گوێدرێژێکیان

پێش خۆیان دابو بە بێدەنگی ڕێگەیان دەبڕی ئەویش ماچی کردنو دڵی پڕ بو: (هەمو دەروازەیەك لە ئێمە داخراوە تەنیا ئەو فوە نەبێت خودا دەیکات بە گەردونندا هەمومان بە یەکسانی لە مەرگدا سەر دەنێینەوە منو تۆو سەرەك کۆمار) بەو قسەیەوە گوێی زرنگایەوە دو هەلیکۆپتەر لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆمبایان دەتەقاندەوە لەسەر ئاستی گردەکەی ئەو بەرەوە سوتانو کەوتنە خوارەوە دەنگی تۆپیش لە دورو نزیکەوە دەهات ساتێك بە وردی لێیان ڕوانینو لە یەکتری جیابونەوە شێتەڵە کاتێك دور کەوتەوە دەلەرزی ئەوانیش گریانێك گرتبونیەوە لەبەر چاویدا دەبون بە بورکان ئەویش لە چارەنوسی چراوە دەیزانی تالیمیش دەمرێت ئەوەیشی لە ناوچەوانی حەسەنەوە دەخوێندەوە دەیزانی ئەو مەترسیەی هەیە هەرچەندە دو ساڵ لەو گەورەتر بو هەتا ئەو ساتە دڵدارێکی نەبو تەنیا ئاواتی ئەوە بو تالیم شاییەکەی بکاتو توشی کارەسات نەیەت بەو بیرەوە قاچی لە بەردێك گیراو کەوت پاش ئەوەی راستبوەوە جارێکی تر لێی ڕوانینەوە ئەوسا لەسەر بەردێك دانیشتو ڕوی کردە شارەکەو ساتێك بە قوڵی لێی ڕوانی جگە لەو شێیە خوێناویە هیچ شوێنەوارێکی تری تیا نەدەدیەوە ماوەیەك بەو بیرەوە

مێشـکی گوشـی هـیچ بـیرەوەری لـەو شـارەدا بـیر نەدەهاتـەوە بەندیخانـەو قوتابخانـەو بـازاڕ هـەموی لەبـەر چـاویدا ببونـە جوگرافیای خوێن بەوەوە تـەنیا گڕێك لـە دەزوی كۆلارەكانیـەوە لەسەر شێی خوێناو بەرزدەبوەوە ئەوەیشی بەو ئاگرە دەزانی لە دوەم نەفخدا گەردون دەتەقێنێتـەوە ئـەو شـێیە چـەند سالـێك بـو گرتبویـەوە هـەر لـەو ساتـەی لـە بەندیخانـە هاتـە دەر لـە ڕوانینی سروشتەوە بە دوای تـەرمی كوڕەكانیـەوە لەسـەر ئاسمـانی شـار دەبونـە هێلكەیـەكی ئاوێتـەیی ئـەو هێڵـە لـە تیشـكی گڵـۆپی پزیشـكەكەوە گرتیـەوە هـەتا دوا سـات ئـەو پۆپەشمینـە خوێناوییە لـە گوندەكـەدا پێچایەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پـەرەی دەسـەند ماوەیـەك وەكـو باڵـدار بـە دوای ئـەو تـۆڕەدا دەگـەڕا نـەیتوانی بیدۆزێتەوە ناچار هاتەوە لە فـەزای گـۆڕەوە بـۆ جـەنگی جیهـانی خـۆی ئامادە دەكرد هەتا تەونی گومانی بە گـەرداوی داخستنی جیهانـەوە شـارەكەی لێكـرد بـەو شـەپۆلە لـەو ساتەیشـدا بـەوەوە خرۆشاو ویستی بفڕێت بـەو هێـزەوە بـۆ ئەشـكەوتەكە هـەنگاوی هەڵدەهێنایەوە كاتێك چوە ناو خـەڵكەكە هـەمویان حەپەسا بـون ئـەویش لەسـەر بـەردێك كروشـكەی كـردو سـەری خسـتە سـەر ئەژنۆی لە پڕێكدا ڕاپـەڕیو لـەرز جەسـتەی گرتـەوە بـەو وزەیـەوە

لەوانی ڕوانیەوە گڤەی(با) ی نەفخ بە گوێیدا دەهات بەو بیرەوە لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا وەستا دەستی ڕاستو چەپ کرد گویێ هەڵخست ئەوانیش سەیریان دەکرد دەلەرزینو زمانیان لە گۆ کەوتبو شاخو کێوو گوندو ئەشکەوتیش لەو بێدەنگیەدا لەبەر پشویەکی مەرگاوی نەبیندا دەلەرزین ڕەنگی کۆتایی ژیانیان دەدایەوە زمان لە بیێ زمانی دروست دەبوەوە !!

* * *

دیمەنێکی تۆقێنەر بەسەر گوندەکەدا پەخش دەبوەوە وێنەی گۆڕی وێڵی دەکێشا بەدەم کزەیەکی ساردەوە وەکو مۆسیقای مەرگ بە مێشکدا دەهات هەر لەگەڵ گزنگەوە ئەو وێنەیە لە کەلاوەی سوتاوەوە دەردەکەوت لەگەڵ هەورو کزەی(با) وە وێنەی ئەفسانەیی بەسەر ناوچەکەدا بڵاودەکردەوە میمکە هاتبوە ناو جەرگەی ماڵەکان خۆڵە پەتانێی بە وردە شوشەی ئاوێنەکانی بونەوە دەکرد خەڵکیش بە تیشکی وردە شوشەکانەوە دەهاتن بچوك دەبونەوەو گەورە دەبونەوە هەمویان بە ئەفسانەیەکی نەبینەوە مۆمیا ببون هەڵماقۆی خەیاڵیان دەکرد: (لە خۆت بڕوانە گەورە بویتەتەوە بالآت بەرز بوە) : (هی تۆیش بچوك بۆتەوە) : (ئەها لە خۆت بڕوانە بویتەتەوە بە

مرۆلە) : (ئای بویتەتەوە بە مرۆڤی راستی): (ئۆف بومەتـەوە بـە مرۆلـە) میمکـە هـەردو دەسـتی خسـتە نـاو قژییـەوەو شـێوەی رەشـەبایەکی وێنـەیی فلمێکـی نـوێی پـەخش دەکـرد: (جەنگـە گەورەکـە لێـرەوە دەسـت پێـدەکات پاشـا قـەرە هەڵدەسـتێتەوەو رۆحی بە بەردا دەکرێتـەوە چـی تۆپـو کاتیۆشـاو بۆمبـای فڕۆکـە هەیـە بینـێن بـەم گونـدەوە چـاری نییـە) پـەلی شـا مـەرگی گـرت: (بڕوانن شا مـەرگ هاتـەوە ناومـان بـەبیٚ ئێمـە نـاژی تـازە بـوە بـە رۆڵـەی گوندەکـە ئێمـە دایکمـان ناوێـت زەمانێکـە جێگـرەوەی مرۆڤایـەتیو هـەوێنی بـونین زەوی گوندەکـە دایکـە) رۆمانـی(بـا) بەدەم گێژەڵوکەی شـەپۆلی ئاوێنـە شـکاوەکانەوە گڕوگـاڵی بـڵاو کردەوە: (پاشای قەرە هەڵدەستێتەوە تـۆوی مرۆڤـی سـەردەم بـە شارو گونـدا بـڵاو بۆنەتـەوەو جیهـان دەگـرن لـە گونـدی مەرگـەوە دەست پێدەکات  ئەم هەویرە رۆحیـەی گوندەکە تـۆوێکی نوێیـە بـۆ شـێوازی مـرۆڤ  هـەمو رۆحێك حـەزی بـەو شـێوازەیە) میمکـە هەردو باڵی کردەوە: (ئەژدیهاکانی پاشا قـەرە رۆحیـان بـە بـەردا کرایـەوە هـەمو ناپاڵمێـك بـە لوشـکەی ئەوانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ جێگـەی خـۆی هـەمو کـەس دەبێـت فێـر بـبن پاشـا قـەرە بـە شمشـێرەکەی جوگرافیـا ناهێڵێـت لـە سـەرەتای بونـەوە لـە

هەوڵدایە جنۆکەو مرۆڤ ببنە یەك ئەوە دروشمی هەمومانە)
حەمە لاوو نەخشە پەلی زێباو شا مەرگیان گرتبو بەرەو
گۆڕستان دەچون بۆ لای شێتەڵە کاتێك گەیشتنە لای سڵاویان
لێکرد ئەویش راستبوەوەو لە گۆڕکەی هاتە دەر حەمە لاو پێی
گوت: (زێبا لە شا مەرگ مارە بکە) بەو جەنجاڵییەیەوە دەستی
هەردوکیانی گرت هەرچییەکی گوت ئەوانیش گوتیانەوە دواجار
هەردوکیانی ماچ کرد: (پیرۆزتان بێت کچو کوڕەکەم) ئەوەی
گوت چوەوە ناو گۆڕکەیەوەو ئەوانیش بۆ ئەشکەوتەکە
سەرکەوتنەوە میمکەیش لە گوندەکەوە دەهاتەوە لەو کاتەدا
بەرەو رویان هات هەردوکیانی ماچ کرد: (بوکو زاوا جوانەکەی
زەمەنی مرۆلە پیرۆزتان بێت وەرن بتانبەم بۆ شاری جنۆکەکان
بۆ لای شا شەمعون شاییتان بۆ دەکەم) ئەوەی گوت پێشیان
کەوت ئەوانیش بە دوایدا هاتن ئەویش لە پێشیانەوە هەر
فیشکەو هاوارو هۆرەی دەکرد هەر گەیشتنە نەدیوی تۆپ باران
گردو ناو دێی گرتەوە کۆمەڵێك چەکداریش هاتنە پێشەوە شا
مەرگ ترس دڵی گرتەوە ناسینییەوە هاوڕێکانی خۆی بون
ئەوانیش کتوپڕ هاتنە ناویانەوە ئەو ترسەیان شکاند: (تەواو
هاتوین وەك ئێوە ببین بە مرۆلە رۆحو خوێنمان ژیانی ئێوەی

دەوێت) میمکە یەك یەك ماچی کردنو فوی بە سەردا کردنەوە گەردەلولێکی نەبین هەڵی کرد فەزا بە وردە شوشە داپۆشرا مرۆڤو شاخو کێوو دەشت بچوك دەبونەو گەورە دەبون شەپۆلی خەڵکیش لەهەمو لایەکەوە بۆ ناو دێیەکە دەهات تۆپ بارانیش تەواوی گوندەکەی گرتەوە تۆپ لە نزیکیانەوە دەکەوتنە خوارەوەو نەدەتەقینەوە میمەکە بەو خۆشیەوە کفنەکەی والآ کردەوە بە پەلە روی وەرگێڕا فیشکەی بۆ خەڵکەکە دەکرد بگەڕێنەوە بۆ ئەشکەوتەکە هەر لەگەڵ قسەکەیدا هەمویان گەڕانەوە بە چاوەڕوانی شێتەڵەوە نیگایان دەگێڕا هەتا ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن ئەویش تاڵە دەزوەکانی بە دەستەوە گرتەوە لەو کاتەی شا مەرگو زێبا رۆیشتبون تازە چاوی هەڵهێنا بو نیگای بەو تاڵە دەزوانەوە دەئاڵۆسکا کاتێك ئەوانیش دور کەوتنەوە هەستایەوەو لە گۆڕەکەی هاتە دەر هەر لە تاڵە دەزوی جاجمەکەو لە ڕوانینی فەزاو سروشتەوە ئەو وێنانەی دەدیەوە لە پڕێکیشدا هەموی لەلای توایەوە دەزوەکانیش بە ئاسمانەوە پچڕان بە قریشکە کەوتە خولانەوە ئەو قیژەیە لە گۆڕەکەیشدا گرتیەوە ئەوسا چاوی بڕییە شارەکە هیچ وێنەیەکی تیادا نەدەدیەوە تەنها وێنەی ئاگراوی هێمن بەدەم بورکانی

رۆمانی(با) وە بە وشە کەوتوەکانی سەرە مەرگییەوە فەزای گێژ دەدا: (چیرۆکی مەرگی ناوەختە دارو پەردوی هێنایە لەرزە دوا تروسکەی چاوی هێمن لە ناخی خۆیەوە بڵاوبوەوە: ئای لەم دو دڵیو ڕاڕاییەم هەرگیز مێژو تابلۆیەکی وای بەخۆیەوە نەدیوە شۆڕش بیرەوەریو هۆشو مێشکی لە دەستدا بو بە پێنج هەستەکەمەوە سۆزی تەمەنمانم زیندو دەکردەوە لەوە دەچو توشی هێستریا بو بێت لە فلمێکی ئەفسانەیی رۆبۆت دەچو ئەوەیش خستمیە سەر پێکەنینی مەرگ کتوپڕیش هەستم بە توانەوەی لەشو روخسارم دەکرد ئەویش دور بو لێم وەکو خۆیشی مابوەوە باڵای بەرزو روخسار گەنم رەنگی جوان وەك ئەو ساتانەی باڵامان بە باڵای یەکتری دەگرتو یاریمان بە دەمانچەی ئاوو تیر هاوێژ دەکرد ویستم نزیك بکەوێتەوە لێم هەتا باوەشی پیا بکەم لەگەڵ دوا هەناسەمدا ماچی بکەم ئەو دەستڕێژی لێکردم ئێستایش چاوەکانم بە وێنەی ئەوەوە بە شەپۆلی خوێناو دادەپۆشرێنو ناکوژێنەوە) بەو تەوژمەوە ئاگر گرتیەوەو گۆڕەکەی لێ بو بە دۆژە ساراو هەستی دەکرد شەپۆلی خوێناو دەهاتە ناویەوە بە قریشکەوە هاتە دەرەوەو بەو بیرەوە خولایەوە هاوارو قریشکەی دەکرد لەپڕ وەك ئەوەی

مێشـکی وەسـتا بێـت بـە شـەپۆلێکی ترسـناکەوە بێـدەنگ بـو ڕۆمانی(با) دوا پریاسکەی خۆی کردەوە: (لـە تاریکخانـەی بیرو هەستو نەستو ڕوانینی نـاخی شۆڕشـەوە وشـەو دایـەلۆژەکانی بەو ڕستە مەرگاویانە شۆرانەوە لە چاپخانەی بوندا پیتیان نـەبو لـە فۆتۆنـاتی دیمـەنی تـواوەی وێنـەو وشـەوە شۆرانەوە: {وێنـە ئاڵۆزکاوەکـانی مێشـکم بـەدوا بروسـکەی مـەرگی هێمنـەوە بـەو پیتانــە نوســرانەوە ڕەنگــاو ڕەنگــو شــێواو بــون سروشــتی جەستەیەکی ئاگراوی بون گڕەیەك ناتوانم بە وشە وەسفی بکـەم ئـاگری جگـەری برایـەتی گـڕی دەسـەند دەیـەها فیلمـی جـۆراو جـۆرم تیـادا دەبینیـەوە جەسـتەم لـەرزی مــەرگی گرتبـو دڵـم دەتوایەوە لە ڕۆحەوە وشك ببوم خوێنم بە تەزویەکەوە دەجۆشا هۆشم لە دەستدا بو ئێمەیش لـە بەرزیـەوە باڵا دەست بوین دوا فیشەکیان ئەوە بو هێمن تەقاندیو هاوڕێیەکی کوژراو بە ناچاری چونە نـاو هێڵـی ڕەشـەوە بـەر لـەوەی لـە خۆڵەکـەدا بتلێنـەوە دو هاوڕێیەکـەی تریشـی کوژرانـو پێکـەوە لـە تـەپو تـۆزی گونـدی مەرگا توانەوە تـەنها یـەکیان هەستایەوە توشـی دڵـە ڕاوکێیـەکی دۆژەیــی هــاتم قــەزامێکی کورتــە بنــەی ڕەشــم بــینی جلــە خاکیەکانیشی ڕەش ببون فەرماندەکەیشم کتوپڕ هاتە ژور سەرم

: (بـــۆ ئـــەوەی فێـــری بیروبـــاوەڕ ببیـــت دەســـتڕێژی لێبکـــە) سەرشێتیەکی وا گرتمیەوە هەمو شتێکم لە دەستدا وەکو گەرمو سارد هەستو روانینم بەر یەك كەوتنو كوژامەوەو نازانم چی رویدا) شێتەڵە بەدوا وشەی رۆمانی(با ) وە ڕەگی شێتێتی گرتیەوەو كەوتەوە سەر قریشكەی مەرگ هەتا بێهۆش بو كاتێك هەستایەوە وشە لە روانینیدا دەتوایەوە وەك مرۆڤێكی مۆمیا بوی مەرگ جەستەی بە مەرگەسات داپۆشرا لەو ساتەشدا ئەو قریشكانە گرتیانەوە دەزوەكانی پچڕان نەخشەی كەوتنە خوارەوەی جیهانی لێتێكچو دەستی ڕاستو چەپ كرد پەنجەی جولاند ویستی بفڕێت هەمو شتێك لەنیگایدا شێوا حەپەی سەگەلیش لەناو كەلاوەكانەوە تێكەڵاوی دەنگی دڕەندەی شاخەكە دەبون لەگەڵ ژاوە ژاوو دەنگی ئەشكەوتەكەیشدا ئاوێتە دەبون لە دۆڵەكەدا دەبونەوە بە دەنگی مەرگو لەگەڵ جوڵەی قاچیدا جوت دەبونەوە كە بە هێزێكی نادیارەوە بۆ ئەشكەوتەكە سەر دەكەوتەوە لەبەر هێزی سەرماكەشدا وەكو خۆی مابوەوە وەك مۆمیای خەیاڵی گەردونی بو بێت كاتێكیش گەیشتەوە ناو خەڵكەكە منداڵێك گریا لە ئەشكەوتەكەدا دەنگی دایەوە ئەوە دایچڵەكاندو خورپەی خستە دڵیەوە كتوپڕ ڕوی

وەرگێـڕا سـاتێك بـە قـوڵی لـە خەڵـکەکەی ڕوانـی فرمێسـك بـە ناوچەوانیەوە قەتیس مابو مێشکیشی کەوتە سەر شالاٌوێکی تۆقێنـەر بـەو گومانـەوە دەسـتی ڕاسـتی داگـرت ویسـتی زمـان بکاتـەوە وشـە لەسـەر زمـانی دەتوایـەوە وەکـو شـیرە خـۆرە گڕوگاڵی دەکرد گوێی بۆ ئەو دەنگانە ڕاگرتبو بە تیژی دەهاتنو جەستەیان شیدەکردەوە بایـەکی بەهێزیش کشا تـەزوی سارد لەهـەمو لایەکـەوە جەسـتەی دەتەزانـد لەگـەڵ ئەوەیشـدا وەکـو سـۆپەرمانی مـەرگ وەسـتا بـو بـەبێ جوڵـە لـە شـەپۆلی بـونی دەڕوانـی بـەو وێنەیـەوە نەخشـەی ڕاپـۆرتی جیهـانی نەخشـاند: (گو ڤو او مو) دەنگی ڕادیۆکەیش لەولایەوە بەرزبوەوە سەرۆك کۆمـار لێبـوردنی بـۆ چـەتەو ڕێگـر دەردەکـرد گونـدەکانی بـە شارستانی دەکرد ئەو هەواڵە روانینی شێواند بەردو گڵو خۆڵو مرۆڤو ئاژەڵ لە نیگایدا دەتوانەوەو دەکشان بەو ژانەوە مێشکی خۆی گوشی ئەستێرە لەبەر چاوی دەتەقینەوە تاریکیش فەزای دەگـرت خـەڵکیش لەهـەمو لایەکـەوە بـۆ ئەشـکەوتەکە سـەر دەکـەوتن زەویەکـە ترسـناکی سـەر نیشـتبو بـە دەنگـو سـرپەو خشەو هاوارو بانگەوازەوە وەك ئەو گونـدە بوبێتـە چەقی مێـژو چاوەڕوانی جەنگێکی جیهانی گەورە بکات هەمو ئەو وێنانەیش

لە میشکو روانینی شێتەڵەدا تیشکیان دەدایەوە بەو ڕەنگانەوە کۆلارەیەکی هەڵدا بۆ پایتەخت تەختی سەرۆك کۆماری ڕاکێشاو لەبەر ئەشکەوتەکەدا بەرزی کردەوە بە تاشە بەردەکاندا تلی کردەوە شاسوار مەوجی ڕادیۆکەی گۆڕی ئەوەیش ئەوەندەی تر مێشکی تێکئالاندو بە چوار دەوری خۆیدا خولایەوە بەو شەپۆلەوە بێ هێزی گرتیەوە هەستی دەکرد توانای بیستنو بینینو قسە کردنی نیە خەڵکیش بە کۆمەڵو تاکو جوت لەسەرە رێگاو لارێوە لە دەورو بەرەوە دەهاتنو دەچونە ناو گوندەکەوە خۆیان لە گڵەکەدا دەتلاندەوە دەبون بە مرۆلەو بۆ ئەشکەوتەکە سەر دەکەوتن ژنانیش نانیان دەکردو بەسەر خەڵکدا دابەشیان دەکرد میمکە دەیگوت : ( نان ببەخشنەوە هەتا سوپای شا شەمعون دێت هەمو ئازوقەیەکیان پێیە لەمەولا دەچینە جیهانو ژیانێکی ترەوە) لەپڕ فڕکە لەناو ئەشکەوتەکەدا دروست بو قیژەی مەرگی چرا بەرزبوەوە ئەو تەزوە بە مێشکی شێتەڵەدا هات وایدەزانی زەویەکە دادەچێت جیهان لەبەر چاوی دەخولایەوە میمکە بە باوەشێك کفنەوە لە کونەکەی خۆی هاتە دەر جاجمێکی سوری لە خۆی ئالاند بو شێتەڵە بە بینینی لەرزیو نیشانەی نەفخی سوری لە قژەکانییەوە دەدیەوە بەو

روانینـەوە بـە بێـدەنگی لەبـەر هێـزی سـەرماکەدا دەلـەرزی گـڕی ئـاگریش نـاو ئەشـکەوتەکەی گرتـەوە شـەوارەیان پێدەخسـتو تەزوی سەرماکەیش لە هەمو لایەکەوە پەرەی دەسەند سات بە ساتیش سارد تر دەبو دەنگو هاواریش لە هەمو لایەکەوە دەهات لـەپڕ دو فـڕۆکـــەی هــەلیکـۆپتـــەر لەســـەر شـاخەکەی ئـەو بــەرەوە هــەمو دەنگێکیــان وەســتاند دو بۆمبیــان لــە بنــاری گوندەکەدا فڕێ دایە خوارەوەو بە تیـژی بەرەو باشور گەڕانـەوە دوکـەڵ لـە زەویەکـەوە بـەرزدەبوەوە ئاگرەکـەیش لـە بـەردەمی ئەشکەوتەکەدا کڵـپەی دەسەند ساتێك هەمویان لە دەوری خڕ بونـەوە ئەوسا دو پەلکە داریـان هێنا بـە گـوریس قەفـەیان کـرد تەرمەکـەیان تێکـردو بـەرەو گۆڕسـتانەکە هاتنـە خـوارەوە کـە ئەویش سات بە سات لەبەر هێزی بایەکەو دوکەڵو ئاوا بونی خــۆردا تاریــك دادەهــاتو نیشــانەی کــاول بــونی جیهــانی لێدەردەکەوت فەزایەکی شێواویش یاری بە جەستەو روانینیـان دەکـرد کەسـێك هێـزی نـەبو پاچـێك لـە زەویەکـە بـدات تـەنیا گۆڕەکەی شێتەڵە ئامادە بو ئەویش قاچی ڕاستو چەپ کرد بە پەنجـەی نیشـانەی بـۆ گۆڕەکـەی گرتـەوە ئـەوانیش تەرمەکـەیان تیادا ناشت ئەویش گوێی بۆ(با ) ی نەفخ هەڵخست بو کاتێکیش

گۆڕەکە پڕ کرایەوەو کێلیان چەقاند ئەو هەر وەکو خۆی بو لەو ساتەیشدا کێلی ڕاست کەوت کەسێك نەیتوانی ڕاستی بکاتەوە هەمویان لەتاوی خەمو ژان هێزیان لەبەر بڕا بو بەو شەکەتیەیشەوە گۆڕستانیان چۆڵ کرد لە ساتێکدا جگە لە شێتەڵە کەسی تری لێنەما هەر کەسە بە لایەکدا بەرەو ژور هەڵدەکشان بەهێزی (با) یەکەیشەوە دەکەوتنو هەڵدەستانەوە جەستەیان لەناو تاریکیو گێژاوی ئەو ساتەدا دەشاردرایەوەو دەردەکەوتنەوە نوزەیەکیان لێوە دەهاتو دەخنکانو ڕوانینیان دەکوژایەوە ئەویش وەکو کەسێکی ئەفسانەیی دەردەکەوت بە فەزاوە بفڕێت ڕوانینو بیرو هۆشی بە تاڵە دەزوەوە نوسا بو لەگەڵ کاولکردنی جیهاندا بۆ جیهانی وەهمی کۆلارەی هەڵدەدا شارێکی دەویست لە جوگرافیادا بونی نەبێت بەو تەوژمەوە مۆمیای کارەساتەکان ببو دەنگو ڕوانینیشی بەو فەزایەوە خنکا بو هەناسەی بە جۆرێك تێکەڵی(با) کە دەبو هەتا بفڕێت گڤەی(با) کەیش بە تیژی دەیگرتەوە گزنگ لە تەقینەوەدا بو وێنەکانی ناو(با) بە تەلێکسی بوونەوە فەزای ناشێوەییان لە فەزای واقیعیدا سازاند بو چیرۆکی مەرگەسات لە ئەفسانەی سروشتییەوە زنجیرەی مەرگی ناوەختەی دەنوسیەوە وردە

شوشەی زێڕ نەخش بە زەریای بیرەوەرییەوە لە فەزایا تۆو چەن دەبونـــەوە میمکـــەیش بـــەو روانینـــەوە تـــۆڕێكی پەیوەنـــدی بـــە جیهـانی نەبونـەوە دروسـت كـرد بـو كفنەكـەی والا كردبـوەوە چاوەڕوانی هەستانەوەی شا قەرە بو بەدەم هێـزی بایەكەیشـەوە كفنەكەی لە دەست بەر بو بە ئاسمانی گوندەكەوە وەكو كەشتی سـەر مـانگی دەنوانـد كشـاو بلاوبـوەوە هـەتا لـە چـاو ون بـو گوندەكـەیش شـەپۆلێكی تۆقێنـەری گرتبـو وەكـو لـە ئـانو سـاتی شەق بوندا بێت میمكەیش بە چاوەڕوانی كفنەكەیـەوە یـاری بـە وردە شوشـوكان دەكـردو بـە فـەزاوە تێكـەلاوی دەكردنـەوە هـەتا تەقینـەوەی گـزنگ گێژەڵوكەیـەكی نـەبین فـەزای شـاری گرتـەوە گـەرماوی پیـاوانو ژنـان بـە تەلەسكۆبی پارچـە شوشـە پڕبونـەوە هەمویان لە خۆیـان دەڕوانـی ببونـەوە بـە مرۆڤـی ئاسـایی بـەر لـە جەنگـــە گەردونییەكـــە دور دەكەوتنـــەوە دەبونـــەوە بـــە مرۆلـــە ئاوێنـەكان پارچـە پارچـە دەبونـو زەویـو فـەزایان پـڕ دەكـردەوە دەنگەكان بـە وێنـەی هێرۆگرۆفیـەوە لەگـەڵ تۆفـانی بیرەوەریـەوە تێكـەلاو دەبـون بـە بەهێزی(بـا ) یەكـەوە لـە ئـاوازێكی نەبینـدا بـە چەند دەنگو ئاماژەیەكی ترەوە دێیەكەیان دەلەرزاند زەنگێك لـە تـــونێلی مەرگـــەوە هـــات گـــەردون وەك پـــەرتوكێكی پێچـــراوە

ناونیشانی رۆمانی نەفخو وینەی(با) ی هەڵگرت شێتەڵەیش بەو شەپۆلەوە لە گۆڕستانەکەوە لەگەڵ تەقینەوەی گزنگدا بە زمانی هێرۆگرۆفیەوە دوا وشەی وەرگێڕا: (ئێستا جیهان وێنەی بێشکەیەکی بەر(با) یە پێدەچێت ساتەوەختی تەقینەوە بێت گەردون بە(با) ی نەفخی سورەوە کۆتایی پێبێت وێنەی(با) هەناسەی دوا چرکەی ژیانیان تێدایە پێدەچێت ئەم ساتە کۆتایی بون بێت) }!! 2020/9/2 سلێمانی